# هەڵدانەوەی چەند کتێب

# و گۆڤارێکیش

شێرکۆ هەژار

٢٠١٧

## ناوەرۆك


کورد و کوردستان لە گێڕانەوەی گەشتوەرانی کۆنی رۆژئاوایی (سەدەی ١٦- ١٨)دا
- دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی .................... ١٧-٥
مەمێ ئالان - دکتۆر نوورەدین زازا .................... ٢٩-١٨
پرسیارێك کە لە خزمەت مەم و زینی خانیدا دیسان بەبیرمدا دێتەوە .................... ٣٢-٣٠
رێزمانا زمانێ کوردی - قاناتێ کوردۆ ( کوردۆیێڤ) .................... ٤٣-٣٣
دکتۆرنامەی ئەیووبی لەسەر هەژار و باسێکی قاناتێ کوردۆ .................... ٤٥-٤٤
گوندێ حەفت برا - رێبەر هاڤین .................... ٤٩-٤٦
مامۆستا هێمن و نامە و دکۆمێنتەکانی- فاروق فەرهاد .................... ٥٢-٥٠
یەکەم کتێب کە لە ژیانمدا خوێندمەوە .................... ٥٥-٥٣
سڤین هێدین، ماڵم هەقە چاك گەڕاویت و جوانت نووسیوە .................... ٧٠-٥٦
کێ بێت بتوانێت رۆمانی چارلز دیکنز بکاتە کوردی و هەقی خۆی بداتێت ؟ .................... ٧٨-٧١
دەك ئافەرین چارلز دیکنز بۆ جادووی زمانت! .................... ٧٩
بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی ئالبومی وەرگێڕانەکانی کامیل بۆکانی .................... ٨٢-٨٠
گۆڤاری هاوار .................... ٨٧-٨٣
" أبو العلاء المعری" و" رسالة الغفران"ی .................... ٩٩-٨٨
لوسیان : ماخولیای درۆ یا بێئیمان .................... ١٠١-١٠٠
ئاناتۆل فرانس : تاییس .................... ١٠٣-١٠٢

# کورد و کوردستان لە گێڕانەوەی گەشتوەرانی کۆنی رۆژئاوایی (سەدەی ١٦- ١٨)دا

- دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی *

نامیلکەیەکی بەو ناوە هەیە، دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی بە فەرەنسی نووسیویە و، ئەم چاپەی بەدەست منەوە لە کاک عیسمەت خۆیم وەرگرت، ٧٧ لاپەڕەی ئا پێنجە. چاپێکی هەتابڵێیت پەرپووتە. کەسێك یا کەسانێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا زۆر خراپ و پڕ لە هەڵە تایپیان کردووە، ئەوجا کۆپییان کردووە و، بە جۆرێکی ناشیرین پێکەوەیانەوە ناوە. لە سەریشی نەنووسراوە چ ساڵێك وا چاپیان کردووە، هەر تاریخی نووسینەکەی تێدایە کە کاک عیسمەت ئاپریلی ١٩٧٣ لە لۆزان (کە لەوێ دەژیا) نووسیویە.

نووسەر:

من کاک عیسمەتم لە نیزیکەوە ناسی، پێم وابوو پسپۆڕێکی "قانوونی سیاسی"ی زۆر بەتوانا بوو، دەشیتوانی ببێت بە مێژوونووسێکی چاك. سەردەمێك نوێنەرێکی سەرۆك مستەفا بارزانی بوو. دەکرا ببوا بە سکرتێرێکی باشی سەرۆك یا وەزیری دەوڵەتێك، بەڵام نەدەبوو قەت خۆی نەفەری ژمارە "١"ی هیچ رێکخراوێك یا ئیدارەیەك بوایە، بە هیچ جۆرێك بەکەڵکی ئەوە نەدەهات، بۆ ئەوە زێدە ساویلکە بوو. من لام وایە ئەویش خۆی لە دوا ساڵە-کانی ژیانیدا گەیشتبووە هەمان نەتیجە. ئیتر دوای ئەوە کە بە هۆی هەڵەیەکی لە قسەیەکیدا، سەرۆك مستەفا بارزانیی لە خۆی رەنجاندبوو، جەلال تاڵەبانی بە ئەو هەمووە زیرەکییەیەوە توانیبووی زۆر تەئسیر بکاتە سەری. تا لە هەرەدواییدا، ماوەیەکی زۆر کورت، ویستی ببێتە دۆستی پێکاکا. من خۆم لە فیلمێکی دۆکومێنتیدا دیتم لە ئاهەنگێکی گەورەی ئاپۆچییەکانی شارێکی ئەڵماندا لەگەڵ جەماوەردا دەیگوت" بجی سەرۆك ئاپۆ"!( ئەو لەجیاتی بژی دەیگوت بجی)، بەڵام زوو لێی روون بۆوە کە بجی هیچی بۆ نەدەکرد، ئیدی ئەویشی جەواب دا و، دوا کاری کە من ئاگام لێ بوو، ئەوەی -بە ناو- پەرلەمانەکەی کورد لە ئەورووپا بوو. زەمانی کە کاک عیسمەت

---

* Ismet Chériff Vanly
LES KURDES ET LE KURDISTAN DANS LES RELATIONS D'ANCIENS VOYAGEURS OCCIDENTAUX (XVIe-XVIII siècle)
Avec inrtroduction et commentaires.
KSSE - Publication

باشترینی دەزانی " فەرەنسی" بوو، دووەمی : عارەبی و، لە قسەکردندا زۆرتر بە شێوازی شام قسەی دەکرد( من بە عارەبی قسەم لەگەڵ دەکرد و نامەکانی نێوانمان بە عارەبی بوون)، سێیەم زمانی: ئینگلیسی بوو، تەقەتەقێکی لە کوردیدا دەکرد، تێدەگەیشت و ئەگەر ناچار بوایە تەکانی دەدا خۆی و شتێکی دەگوت، هەژار ناخۆشی-دەویست و بۆ ئەوە شتێکی زۆر ناخۆشی پێدەگوت (عیسمەت شەریف کە کوردی دەڵێ وادەزانی شەق شەقانێ بە... دەکا!)، لەکاتێکدا کە ئەو دەیگوت هەژاری خۆشدەویست . شتێکی لە" ئەڵمانی"یش دەزانی، کە لە کورد-ییەکەشی کەمتر بوو .

نووسینەکە :

یەکەم دە لاپەڕەی، ڕێخۆشکردنێکە بۆ چوونە سەر باسی مەبەست : سەرەتا دوای چەند دێڕێك، باسێکی " کسینۆفۆون"ی فەرماندەی دە هەزار شەڕکەری یونانییی ساڵی ٤٠١ی پێش زاین دەکات، کە بە کۆنترین سەر-چاوەی باسی کوردی دەبینێت و، بیروڕای زانایانێك لەبارەی وشەی" کاردۆخ" و، ئەوجا" کیرتی" ( یا" کورتی") و " مارد" یا " ماند"ی ئامۆزایان باس دەکات کە گوتوویانە ڕەنگە ئەم دووانەی دوایی بووبن بە " کورمانج" .

باسێکی سەردەمی شەڕی خاچپەرستان و، دەوری کورد و تورك لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا دەکات، بە تایبەتی زۆر سەرنج بۆ" نوورەدین زەنگی" رادەکێشێت کە جگە لە سەربازەکانی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی کورد و تورك بوون، دەڵێت زۆر لە وەزیر و کارمەندە پلە بەرزەکانی و " عولەما"کانیشی هەر کورد بوون . ئەوجا باسێکی ئەیووبییەکان و، دەسەڵاتیان لە ڕۆژهەڵات و، چۆن کورد و ئەوروپاییانێکی زۆری چەند قەوم، لە ڕێگای شەڕە-کانی خاچپەرستانەوە، ئاگاداری دنیای یەکتر بوون . لە شوێنی خۆیدا ناوی " إبن الأثیر" و " إبن خلکان"یش لە پەراوێزدا دەهێنێت . شتێکی کەمیش باسی ئەمارەتانی کورد و ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی بە شێوەیەك دەکات کە بۆ خوێنەری کە لەو شتانە ئاگادارنەبووبێت بەکەڵك بێت،تاکو ڕێگای بۆ تێگەیشتنی ئەسڵی مەبەستی نووسینەکە بۆ ڕوون بکاتەوە . وەڵامێکی " الطبری" دەداتەوە ( کە کوردی بە فارس داناوە) و، ئاماژە بە ئەولیا چەلەبی دەکات .

ئەوجا، چۆن لە سەدەی پازدەوە لاسەنگیی تەرازوو لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕوودەدات، ڕۆژئاوا پێش-دەکەوێت و دەکەوێتە ئیستیعمارگەری و، ڕۆژهەڵاتیش لە دواکەوتوویی ڕۆدەچێت . لێرەوە دەبینین،گەشتەوەرانی ڕۆژئاوایی، خراپ باسی میللەتانی ڕۆژهەڵات دەکەن : عارەب تەنبەڵن، بەدوی بیابان دزن، کورد جەردەن، تورك

دواكەوتوو و وشك، فارس درۆزنی بێ ئەخلاق . هەرچەندە هەشبوون کە زیرەك بوون و، ویستوویانە بە تۆژینی زانستی لە وەزعی عوسمانی و ئێران بگەن ( " ڤۆلنێ"ی فەرەنسی، " نیبور"ی ئەڵمان) .

دەڵێت کە ئەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە و پێی سەیر بووە بۆچی کورد لە ئەوەندە نووسینی گەشتوەراندا بە " چەتە، جەردە، ڕێگرbrigands " ناو براون . جەردەیی ڕەنگە لە کوردستان هەبووبێت بەڵێ، بەڵام خۆ جەردەیی لە ئەورووپاش هەبووە، زۆریش بووە و، ئەوەی لە کوردستان بووە هیچ لەوەی ئەورووپا پتر نەبووە، ئیتر بۆچی ئەو نازناوەی جەردەیان هەر بۆ کورد پێ ڕەوا بووە ؟ دەبێت ئەوە لە چییەوەهاتبێت ؟ دەڵێت دەبێت ئەوەیان لە دەمی کاربەدەستانی عوسمانی و ئێران و بازرگانانێکی هاوسێی‌کوردستان هەڵگرتبێتەوە . ئەوانە باسی کوردیان وا بۆ کردوون، ئیدی لێیان بووە بە عادەت : کورد ؟ بەڵێ ئەوانە جەردەن! بەڵام ئاخر ئەو کاربەدەستانە بۆچی وایان بە کورد گوتووە ؟ چونکە کێشەیان لەگەڵ سەربەخۆیی و مافی ئەمارەتەکاندا هەبووە . باجی کە میرانی کورد سەندوویانە، ئەوان زۆریان، - وێڕای ئەوەش کە ئەمارەتەکان سیفەتی قانوونییشیان هەبوون - ئەوەیان هەر بە دزی و جەردەیی دیتووە، چونکە پێیان وابووە کە ئەو باجە دەبوو بچێتە گیرفانی ئەوانەوە،گیرفانی کاربەدەستانی سوڵتان و شاوە، ئەینا ئەگەر بچووبایەتە خەزێنەی میری کوردەوە، ئەوا مەگەر هەر پێیانبگوتایە" جەردەیی"! بازرگانانی هاوسێش بۆخۆیان بە باش نەدیتووە کە ئەورووپایی بۆ بازرگانی بچنە کوردستان، وایان بۆ خۆیان پێ باشتر بووە کە ئەورووپایی لە ڕێگای ئەوانەوە بازرگانییەکەیان بکەن، نەك ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردیدا بکەن و بازرگانانی تورك و فارس لە قازانجێکی زۆر لەوبەینەدا بێبەش بکەن .

ئەوجا، لاپەڕە ١١، دێتە سەر باسی سەردێڕی نووسینەکەی و ئەم ناوانە دەهێنێت :

### ١- بازرگانی بێ‌ناوی ڤینیسی

بازرگانێکی خەڵکی ڤینیس ( بۆنۆدۆتچی - البندقیە) کە نازانین ناوی چی بووە، هەر بە ناوی" بازرگانی بێ‌ناوی ڤینیسی"، شتێکی لەبارەی چوونی لە سەرەتای سەدەی شازدەدا بۆ ڕۆژهەڵات و گەشتی بە کوردستاندا نووسیوە، ساڵی ١٥٥٩ بە زمانی ئیتالیایی لە ڤینیس بڵاوبووەتەوە :

Viaggio d'un mercatante che fu nella Persia .

éd. Ramusion, collection 'Della navogation et viaggi, Venetia 1559 .

بازرگان تێدا وەسفێکی کورتی" قەڵای بتلیس" دەکات، دەڵێت ئەوە هی مەزنێکی کوردە کە ناوی" ساراس بێك"ـە ( دیارە مەبەست " شەرەف بەگ"ـە) . دەڵێت شا ئیسماعیلی ئێران لەشکرێکی شەش هەزار سوارەی ناردووەتە سەر ئەو میرە کوردە، بەڵام لەشکرەکەی کێشاوەتەوە تاکو خۆی بۆ شەڕی چاڵدێران ئامادە بکات .

## ٢- مێستری ئافۆنسۆ

مێستری ئافۆنسۆ، پۆرتوگالی بووە ( لە " ئینديز"ەوە هاتووە) . ئێمە باسی لەم کتێبە فەرەنسییەدا دەبینین :

Albert Gabriel, Voyages archeologiques en Turquie oriëntale . Paris 1940, vol. 1, p.238.

ئەوە ساڵی ١٥٠٥ چووەتە بتلیس و هەمان قەڵا سەرنجی ڕاکێشاوە کە چۆن لە بەرزاییەکی تیژی بەردی بە شوورە- دایە و، چاك دەپارێزرێت، دیارە ئاسێیە و لە گرتن نایەت .

## ٣- پیێترۆ دێللا ڤاللێ

پیێترۆ دێللا ڤاللێ ( سەدەی حەڤدەیەم) نەجیبزادەیەکی جەوانی خەڵکی ڕۆما، بۆ خۆشی و دیتنی دنیا چووەتە ڕۆژهەڵات . گەشتنامەی خۆی بە ئیتالی نووسیوە و بڵاوکراوەتەوە، ئەوجا کراوە بە فەرەنسی :

Voyage de Pietro Della Valle, en 2 vol. Roen 1745.

نووسینەکەی بە شێوەی نامەن بۆ دۆستێکی لە ئیتالیا، زۆرتر وایە کە وردەکاری باس دەکات، دەگێڕێتەوە چی دیتووە و چی کردووە، وادەبێت تەعلیقـێکیشی دەخاتە پاڵ . ساڵی ١٦١٦ چووەتە ئەستەمبووڵ، دۆستی لەوێ لە کۆڕی دیپلۆماتان هەبوون و، خۆی فێری هێندێك تورکییش کردووە .

کە لە ئـەستەمبووڵ بووە، دیتوویە چۆن تاعوون بڵاوبووەتەوە و، پێی وابووە لە پیسیی خەڵکەکەی پـەیدابووە ( ڕێگاو بان پیسن و، خەڵکەکەی نەزانن، دەچن جلوبەرگی ئەوانەی کە بە تاعوون مردوون دەبەردەکەن) .

لە دەنگوباسـێکی گرنگمان ئاگادار دەکاتەوە، دەڵێت کاتێك ئەو لە ئەستەمبووڵ بووە ڕوویداوە، دەنگوباسی " گەیشتنی شەخسیەتێکی گرنگی کورد بۆ ئەستەمبووڵ کە پێی دەڵێن « خان»ی بتلیس، کە لە« کوردستان»ـەوە هاتووە" . وا دەبێت لەجیاتی « خان» پێی دەڵێت :" میر"، کە دەڵێت هاتووە لای سوڵتان ئەحمەد(ی یەکەم) گازندە لە " نافیز پاشا" بکات، چونکە هێندێك لە قەڵەمڕەویی لێ ئـەستاندووە ــ هەرچەندە ئەو پاشایە لەم دواییانەدا کوژراوە و « خان»یش بەشێکی لەو قەڵەمڕەوییەی سەندووەتەوە . میری کورد لە پایتەخت جێی ڕێزێکی زۆرە،

سوڵتان هەموو داواکانی بۆ جێبەجێ دەکات . سوڵتان ددانی بە تەواوی مافەکانیدا نا و

" میریش لەبەرانبەردا بەڵێنی بە سوڵتان دا کە دوازدە هەزار سەربازی بداتێ، بە هەموو مەسرەفێکیانەوە کە لەسەر میر بێت، تا بچنە شەڕی ئێران . وا تێدەگەم کە ئەوانە هەموو لە هێزی سوارە دەبن، چونکە لەو سنوورانە شەڕی پیادە ناکرێت (..) بەڵام بەوە کە مرۆڤ قەت بە دەستی بەتاڵ ناچێتە خزمەت سوڵتان،« میری بتلیس»-یش دیاریی خۆی پێشکەش کردن : دوو منداڵی بچکۆلەی لاڵ ( deux jeunes enfants muets کە بەداخەوە هیچ روونکردنەوەیەکی وێڕا نیە ــ شێرکۆ)، دوو ئەسپی جوان، دوو سەگی بەنرخ بەڵام نەمزانی تاژی بوون یا توڵەقەندی (braques)، نۆ کەوای مەخمەر، ئەوەندەی تری ئەتڵەس، نۆی تری ژنانە، ئەوەندش لە قوماشێکی تری وڵاتەکەی کە لە تێکهەڵکێشانی خوری و ئاوریشمە، وێڕای فەرشێکی ئێجگار زۆر درێژ و گەورە کە بە دوازدە پیاو ئەوجا توانیویانە هەڵیبگرن، کە دەبێت ئەوە دیارییەکی زیدە گران و جوان بووبێت ". (بەرگی یەکەمی فەرەنسییەکەی، ل ٢٢٥-٢٢٦) .

دێللا ڤالێ، پایزی ١٦١٦ لە بەغدا بەسەردەبات، عارەب زۆر بە خراپ باس دەکات، کە ئەویش وەکو گەشتوە-رانێکی تر مەبەستی لە عارەب : بەدوی ئەهلی تاڵان و بڕۆیە، بە « خوێڕی، لات"یان ناودەبات . لە بەغدا حەز لە کچێکی مەسیحی دەکات (ماعانی Maani خانم )،کە لە ماردین لەدایك بووە بەڵام لە بەغدا گەورە بووە، دایکی ئەرمەنی و باوکی ئاسوورییەکی بەدەسەڵاتی ماردین بووە، بەڵام بەهۆی شەڕەوە، لە دەست " کوردانێکی یاخی" رایکردووە " کە بەشی هەرە زۆری داراییەکەیان لێ زەوت کردووە" . دێللا ڤالێ لە بەغدا ئەو خانمە دەهێنێت و، لە یەکەم مانگی ١٦١٧ خۆی و بووکە نازەنینەکەی و یەك یا دوو خزمەتکار، وا لە چلەی زستاندا، لەوێوە بە بێ هیچ چەکدارانێك لەگەڵدا بۆ پاریزگاری، دەچن بە کوردستاندا دەڕۆن : نێوان قزل رەبات و هەمەدان، بە " قەسری شیرین"، جەنگی قۆناغی، هاروون ئاباد، پولی شاهـ، شەهرێ نەو، ساهانێ، کەنگاوەر و، سەعدئاباد ( بەرگی دووەمی فەرەنسییەکە ل ٣٢٢-٣٤٥) .

قزل رەبات، ئەوساش وەکو ئێستا،کە مرۆڤ لە بەغداوە بەرەو رۆژهەڵاتیباکوور دەچوو، یەکەم شوێنێکی کورد بوو کە دەیگەیشتێ . وەك ئەویش دەڵێت : " دوا نوختەی دەوڵەتی تورك بووە، « ئەحمەد» ناوێك حاکمی بووە، یا محەمەد بەگ، سەرۆکی کوردێکی زۆر، کە سوڵتان دایناوە بۆ هەمیشە حاکم بێت، بە مەرجێك ئەو شوێنە لە فارسەکان بپارێزێت .

دەڵێت لە ناوچەی « قەسری شیرین» : " زۆرکورد ، ژن و پیاو ، لە هەموو لایەکەوە، روویان تێ کردین، جۆرەها شتی چاکیان بۆ خواردن پێ بوون، شیر و پستەی ورد کە لە کوردستان ئێجگار زۆرە و، شتی تریش لەو بابەتە، کە لێمان کڕین".

لە « جەنگی قۆناغی» دەستی کرد بە بەفریارین.

دێللا ڤاللێ لە ڕۆژی یازدەیەمی سەفەرەکەیدا ،بەلای قەڵایەکدا تێدەپەڕێت (ناوەکەی بە Lesciver ؟ نووسیوە)، دەڵێت هی مەزنێکی کوردە کە پێی‌دەڵێن« کازم سوڵتان» و، ئاغای دێهاتێکی زۆر و کوردێکی زۆری ئەو چیایا-نەیە . کازم سوڵتان ئێستا لە ماڵ نیە، بە فەرمانێکی شائێران بەلایەکدا ڕۆیشتووە . دێللا ڤاللێ،کە خێوەتیان هەڵداوە، دوو شەو زۆریان سەرما بووە، بایەکی قایمیش هەڵیکردووە کە خێوەت بە زەحمەت خۆی لەبەر گرتووە .

ڕۆژی دوای ئەوە کە وەڕێکەوتوون، دەڵێت چیا هەمووی بەفر بوو و، هەر دەباری و، تەواوی ڕێگای داپۆشیبوو .

لە گوندی" شیرین"، دێللا ڤاللێ و خانمەکەی، دەعوەتی سەر سفرەی شیوی ژنی ئاغا دەبن (کە گوتوویە مێردی لە ماڵ نەبووە)، خۆراکەکە هەرچەندە سادە بووە، بەڵام نەجیبزادەی ڕۆمایی دەڵێت کە زۆری پێ لە خۆراکی سەر سفرەی بەرینی وڵاتەکەی‌خۆی خۆشتر بووە . دێللا ڤاللێ دەڵێت نازانێت بە چ زمانێك وەسفی ئەوهەمووە میواندا-رییە بکات،چ گەرمی و مەحەببەت و ڕووخۆشییەك کە ژنەکەی لەم خانم سوڵتانە کوردەی دیتووە و، ئەویش خۆی لە برای خانم سوڵتانە . دێللا ڤاللێ زۆر لەسەر باسی میوانداریی ئەو کوردانە دەڕوات، چۆن ئەو و بووکەکەی هەر سەریان بە ماڵیاندا کردبێت نەیانهێشتووە بە بێ نان خواردن بڕۆن و، کە ڕۆیشتوون چۆن بۆ بەڕێکردن هەموو ڕێگاکە لەگەڵیان چوون تا گەیاندوونیانەتەوە خێوەتەکەیان و، خانم سوڵتانە پڕی قاپێکی زەلام میوەی بە پیاوەکانیدا بۆ ڕێگا بۆ خانمەکەی ناردووە (خۆش کوردی جەردە - شێرکۆ) . کاك عیسمەت دەقی زۆری قسەکانی وەدەگوێزێت ( لە ل ٣٣٢-٣٣٤ی وەرگێڕانە فەرەنسییەکەوە) . بۆ قسەکردن، برای خانم سوڵتانە تورکیی زانیوە .

باسی ئەوەش دەکات کە شوێنی ژن بە جیا و پیاو بە جیا بووە و، بە دەست ( بێ چەقۆ و چەتاڵ) نانیان خواردووە .

ئەوجا دەچنە " پولی شاهـ"، لەوێ خۆیان لەبەر سەرما ناگرن، دەچن میوانی خەڵکی دێ دەبن، هەمان میواندا-ریی وێنەی پێشتریان لێ دەکرێت، ژن و پیاو هەموو لە یەك هەمان ژووردا دەبن و، دەڵێت: ئەوەی کە من لە کورد-ستانی دەبینم، خەڵکەکەی تا بڵێیت بە ئەدەب و بە ژیارییین (ل ٣٣٥) .

چەند لاپەڕەیەکی تریش لەسەر دەڕوات، کە دەڵێت کورد بە تەواوی لە فارس و تورك جیاوازن ... .

## ٤- ژان - باپتیست تاڤێرنیە (١٦٠٥-١٦٨٩)

تاڤێرنیە بازرگانێکی دەوڵەمەندی فەرەنسی بووە کە لویی چاردە هێناویەتە ریزی نەجیبزادانەوە . بۆ بازرگانی چووەتە زۆر شوێن، هەر لە کوردستان : لە مووسڵەوە بە هەولێردا، شارەزوور، قەسری شیرین و لەوێوە تا هەمەدان (و ئیسفەهان)،ئەوجا: بیرەجیك، سیوەرەك، بۆغازی، دیاربەکر، چایباتمان، شیکاران، حەزۆ، زەرقی... ئەرجیش و وان و رۆژهەڵاتی قۆتور ( تا تەورێز)؛ سەفەرێکی تری : بە هەکاری و سەڵماسدا ( بۆ تەورێز) . باسی جەزیرە و عیمادیەش دەکات . کتێبێکی لەبارەی شەش سەفەری نووسیوە، کە سەرچاوەیەکی گرنگە، تێدا زۆر بە وردی باسی ئەو شوێنانە دەکات کە دیتوونی .

سەیری ئەم تاڤێرنیەیە لەوەدایە کە هەرچەندە بە ئازادی لەمسەر بۆ ئەوسەری کوردستان گەڕاوە و، بازرگانییە-کی زۆر باشی کردووە، کەچی پڕتەوبۆڵەی لەبارەی کوردی جەردەوە نابڕێتەوە، بە بێ ئەوە کە هیچ حاڵەتێکمان بە بەڵگەی جەردەیی‌کورد پێ بڵێت . تەنانەت باسی ئەوە دەکات کە : زۆر ئەوروپایی تریش بەکوردستاندا دەگەڕێن " مازوو" دەکڕن، چونکە کوردستان باشترین مازووی دنیای بۆ دروستکردنی رەنگ ( بۆیە) هەیە، لێرەشدا قەت باسی یەك حاڵەتی جەردەییەك، بێ حورمەتییەك شتێکی پێ نیە . عارەبیشی پێ لە کورد باشتر نیە، بەڵام ئیتر ئێمە لێرەدا باسی کورد دەکەین .

تاڤێرنیە دەچێتە بتلیس، باسێکی شارەکە دەکات و، دەڵێت : مەزنی بتلیس، بە پێچەوانەی میرانی تری کورد-ستان، نە سوڵتانی عوسمانی دەناسێت و نە شای ئێران، هەر خۆی فەرمانڕەوایە . دەڵێت : کە چوومە بتلیس، نەچوومە لای، بەڵام بە زوویی کە زانی" فەرەنگ"ێك هاتووەتە شار، پیاوێکی نارد، هاتە لام و گوتی هەر ئێستا وەرە لای میر . هەرچەندە تاڤێرنیە ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بووە، چونکە دەڵێت :کەسێك بچێتە لای فەرمانڕەوای کوردیش، وەکو چوونە لای فەرمانڕەوای تورك یا فارس، دەبێت دیاریی بەرێت، بەڵام دەڵێت ناچار، چووم و دیاریم برد، بەڵام چ دیاری ؟ بەشێوەیەك باسی دەکات هەروەك دایکێك منداڵیان لە باوەشی رفاندبێت : دوو پارچە قوماشی ئەتلەس، بەڵام چۆن دوو پارچەیەك ؟ یەکێکیان بە خەت - خەتی زێڕین و ئەوەکەی تریان زیوین . دوو کڵاوی سپی، هی تری بە داوی زیو تێدا، دوو دەسەسڕی خەت- خەتی سوور تێکەڵ بە زیو . میر دیارییەکەی بە خۆشییەوە وەرگرت و، فەرمانی دا قاوەیان هێنا. کە تاڤێرنیە دەچێتەوە شوێنی مانەوەکەی، لە میرەوە: دوو مەڕ و نانی چاك و شەرابی چاك و دوو قاپی زەلام میوەی تەڕ لەو کاتەی ساڵدا کە شتێکی زۆر دەگمەنە، بۆ دەهێنن . ئەوجا هێندێك لە گەورەپیاوانی بتلیس کە قوماشەکانی دیاریی تاڤێرنیە لای میر دەبینن، دێنە لای تاڤێرنیە و

داوای لێ دەکەن کە لە هەمان قوماشیان پێ بفرۆشێت . تاڤێرنیە دەڵێت نەمدەویست پێیان بفرۆشم بەڵام کە ئامادەبوون پارەی زۆر بدەن، گوتم باشە و، ئەوەندە بە گران پێم فرۆشتن کە پارەی هەموو دیارییەکەی بۆ میریشم تێهەڵێنایەوە . دە فەرموو دەی، ئەو کوردانە جەردە بوون و ئەو پیاوی چاك!

تاڤێرنیە، دەڵێت کاتێك لە دەرباری میری بتلیس بووە، کەسێك لەلایەن پاشای حەڵەبەوە هاتووە و بە میری گوتووە بژیشکێکی نەشتەرگەر( جەرراح) ی فەرەنسیی کۆیلەی پاشا، کە لە شەڕی " کاندی Candie" ( کاندیا - کریتای یونان ؟ - شێرکۆ) گیراوە و، ئێستا بایی سێ هەزار ئێکۆی بردووە ( بە پارەی ئەوسای فەرەنسا: ١ ئێکۆ = ٣ لیرە - شێرکۆ) و رایکردووە پەنای بە میر بردووە، پاشا داوای کردووە کە میر کۆیلەکەی بۆ بنێرێتەوە . میر بەو داوایە زۆر تووڕە بوو و پێی‌گوت کە پەنابەر قەت نادرێتەوە و، تەنانەت هەڕەشەی لە پیاوەکەی پاشا کرد کە زوو بڕوات و لەوێ نەمێنێت .

تاڤێرنیە باسی جوانیی‌تەبیعەت و دەوڵەمەندیی‌کوردستان بە دار و درەخت و باشترین‌گەنم و جۆی دنیا دەکات . باسی میرانی سەر سنووری دوو ئیمپراتۆریی ئێران و عوسمانی دەکات، کە هەرتك ئیمپراتۆری ناچارن نازیان بکێشن نەوەکا بچنە لایەکەی تر و، بەوە زۆر ئازادن، بە کەیفی خۆیان دەکەن . پارەی گومرك باس دەکات کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك چۆن دەگۆڕێت . ئەوجا دەڵێت کە ئەم کوردانە بەگشتی :" وەحشی‌سیفەتن!، هەرچەندە دەڵێن کە « محەممەدی» (مسوڵمان) ـن و مەلایان هەن کە قانوونیان فێربکەن . ڕێزێکی تایبەتیان لە خزمەت « تاژیی رەش"دا هەیە! ... خورافاتیان بە رادەی زۆر و مەسخەرەیە ." ( ل ٣٠٨) .

دابەشبوونی جەغزی گومرك لە نێوان میرانی کورد و دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئێراندا دیارە سەرێشەی بۆ بازرگانیی تاڤێرنیە ناوەتەوە و، وابووە هەرای لەسەر پەیدا بووە . تاڤێرنیە گومرکی " نوشەهر"ی دیارە پێ زۆر بووە و، دەڵێت :" ئەگەر گومرك نەدەیت ئەوا ڕێگات لێ دەگرن و شتێکت لێ دەدزن! هەر وەك بەسەر ئەو کاروانە هات کە برازا (یا خوشکەزا)کەمی تێدا بوو، کە شانسی هەبوو لە باری وشترێك خامی ئینگلستانی پتر تێدا لەدەست نەچوو" . تاڤێرنیە، ئاوا ویستوویە لە هەموو کاروانەکەی یەك بار هەقی گومرك نەدات بەو وەحشی-سیفەتانە! لە کاتێکدا کە کاروانی تر دەیدەن، دەڵێت : ئەو ڕێگایەی بازرگانیی کە بە بتلیس و وان و نوشەهردا دەڕوات، کورتترین ڕێگای نێوان تەوریز و حەڵەبە و، لە کاروانان جەمی دێت .

### ٥- ژان دو تێڤینۆ Jean de Thévenot

سالی ١٦٣٣ لە پاریس لەدایکبووە، سالی ١٦٦٧ لە" میانە"ی سەر بە" سنە"ی کوردستان کۆچی دوایی کردووە. گەشتوەرێکی فەرەنسی بووە، دەوڵەمەند بووە و حەزی لە گەڕان کردووە. زۆر وڵاتان گەڕاوە و کتێبی نووسیوە. لە سەفەری دووەمیدا(١٦٦٣) لە مارسێی بە کەشتی بۆ ئیسکەندەریە و ئەوجا چووەتە شام وحەڵەب. لە حەڵەبەوە چووەتە: ئورفە، ماردین، نسێبین، مووسڵ. لە مووسڵەوە بە کەڵەك بە دیجلەدا چووەتە بەغدا، لەوێشەوە کەم تا زۆر هەمان ڕێگای گەشتەکەی دێللا ڤاللێ ی پێشتری بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتووە: مەندەلی، سەراو، گاور، ماهیدەشت، پولی- شاهـ،کرماشان، بێستوون، ساهانێ، کەنگاوەر، هەمەدان ( تا ئیسفەهان)، لەوێوە بۆ خەلیج و چوونە هیندستان. ئەوەی نووسیویە، سادە و سەتحی و کەم مایەیە:

گەشتەکانی مسیو دو تێڤینۆ (پێنج بەرگ) Voyages de Monsieur de Thévenot, Paris 1689

نووسینێکی تریشی: بە دووی گەشتەکەی ڕۆژهەڵات (مەشریق)دا Suite du voyages de Levant, Paris 1674

لە بەهاردا،لە ئورفەوە لەگەڵ کاروانێکدا چووەتە مووسڵ. لە ڕێگا وێرانەی ئاوەدانیی سەردەمانێکی ڕابردووی دیتوون، خێوەتی عارەبان و هۆبەی کوردان لەو دەوروبەرە و، شوێنەواری کە لە کلیسای وێرانە ماونەتەوە. ئەوە بەلای نەتیجەگیریی منـ(عیسمەت شەریف)یدا دەهێنێت کە بە هاتنی ئیسلام چ گۆڕانێك لەو مەڵبەندەدا ڕووی- داوە: هێڵی ئورفە ــ ماردین ــ نسێبین ــ مووسڵ، وەکو ئەوەی مەڵبەندی ناوەندی دیجلەی نێوان مووسڵ و بەغدا، زۆربەی خەڵکەکەیان مەسیحیی نیشتەجێ بوون و زمانیان سوریانی بووە، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام کەم - کەمە تواونەتەوە و، بوون بە عارەب یا بە کورد. بە نیسبەت کورد، ئەوە لە سەدەی دەیەمەوە لە دامەزرانی دەوڵەتی مەروانیی کورد (دیاربەکر) و، سیلڤان ( میافەرقین) ـەوە ڕوویداوە.

کاتێك بە کەڵەك لە مووسڵەوە چووەتە بەغدا، دەڵێت دەستی چەپی" کوردستان"بووە و، بە لایەکەی تری دەڵێت " میسۆپۆتامیا". لەسەر کەڵەکەوە ئەوە سەرنجی زۆر ڕاکێشاوە کە ژن و پیاوی عارەبی دیتوون بە ڕووت وقووتی مەلەیان کردووە. شەوانە، ئەوانەی سەر کەڵەك، هێندێکیان چوونەتە سەر بەژ و، لەوێ خەوتوون، ئەوانی تریان بۆ پاسداری لە شتەکانیان لەسەر کەڵەك ماونەتەوە، چونکە کاتێك عارەب کەڵەکیان دیتوون، لە قووڵایی دووری ناوەوە پەیدابوون و، شتیان دزیون و بە هەمان شێوە ڕۆیشتوون و لەبەرچاو ون بوون.

تێڤینۆ دیتوویە کە کورد زۆر حەزیان لە چەك کردووە، دەڵێت:

" کوردیش نیزیکەی هەمان وەکو عارەب دەژین، هەرچەندە پتر پیاوی شەڕن و، قەرەبین( تفەنگ) چاك بەکار-

دەهێنن . دەچووینە هەرکوێ، کورد دەهاتنە لامان و سەودای تفەنگەکانمانیان لەگەڵ دەکردین، پێیان وابوو بۆ فرۆشتن بوون ".

### ٦- ژان شاردە ١٦٤٣-١٧١٣ Jean Chardin

بازرگانێکی فەرەنسیی جەواهێرات بووە، لە پاریسەوە دوو سەفەری درێژی بۆ ئێران کردوون، فارسی فێربووە و نێوانی لەگەڵ شا و زۆر کەسی ئیسفەهانی پایتەختدا پەیداکردووە و، کتێبێ بە فەرەنسی نووسیوە کە لە رۆژئاوا بە سەرچاوەی گرنگ بۆ باسی فەرهەنگی فارس لە هەموو روویەکەوە دانراوە، دە بەشە، بە دە (یا پێنج) بەرگ چاپکراوە ( بە فارسییەکەی : سفرنامە شاردن ـ شێرکۆ) . بەڵام بەپێچەوانەی فارسان، بە زەحمەت بەلای باسی کورددا دەچێت؛ کە لە دوو- سێ شوێندا دەشچێت باسی بکات، زۆر کەم و کورت و کلێشەیی و سەیریشە . زێدە لە ژێر تەئسیری سەرچاوەی ئایندا بووە ( پرۆتیستانتێکی ئاینی بووە، لە فەرەنسای کاتۆلیکی وڵاتی خۆیدا جێی- نەبووەتەوە، ناچار دوایی پەنای بە ئینگلستان بردووە و هەر لەوێش مردووە ـ شێرکۆ) . " تەورێز" بە " ئەکباتان" تێگەیشتووە . بە عیراقی عارەب دەڵێت :" بابل" . بە کوردستان وادەبێت دەڵێت کوردستان و واشدەبێت پێی- دەڵێت " کالدی" و، پایتەختەکەی دەکاتە " کرماشان"، کە چووە دیتوویە بەڵام بە بێ ئەوە کە باسیمان بۆ بکات . دەڵێت خان یا والییەکی لەسەرە، جێگری شایە لەوێ . دەڵێت هەر حاکمێکی ستانێك :

" دەبێت ناوبەناوە کاروانێك بنێرێتە لای شا و، پارەیەکیش بەگوێرەی توانای هەر ستانە . ستانیکوردستان بە نموونە، کە بەشێکە لە کالدی، باشترین نفیشك ( رۆنیکەرە)ی هەیە و، هەرجارە نفیشك دەنێرێت؛ گورجستان کە شەرابی زۆر چاك و میوەی زۆر جوان و خۆش و جوانترین مرۆڤی نێر و مێی هەن، دەبێت پترینی کە بۆی- بکرێت لە هەر کام لەوانە بنێرێت ".

مسیو شاردە چووەتە گورجستان و " تفلیس"ی پایتەختی و، ئەرمەنستان و " یەریڤان"ی پایتەختی، کە ئەوسا قەڵەمڕەویی ئێران بوون و، شتی سەیری لەبارەیانەوە نووسیوە، دەڵێت : ئەوانە تەنبەڵن، کەم بۆ شەڕ دەکۆشن،کەم دڵسۆزن، بە لاف وگەزافن، ئالکۆلی و بەکارهێنەری ماددەیهۆشبەرن و، حەزدەکەن لە خۆشییدا پاڵی لێ بدەنەوە و ... ئیدی لەوبابەتە . کە ئەوە مەگەر هەر پێیبڵێین گوتنەوەی قسەی دۆستە کاربەدەستە فارسەکانی و هیچی تر .

٧- كارستن نیبور Carsten Niebuhr ( نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە)

نیبوری خەڵکی "هۆڵشتاین"ی ئەڵمان، بە ناسنامەیەکی دانیمارکی(کە سێزدە ساڵ پێش لەدایکبوونی، دانیمارک زێدی داگیرکردبوو ــ شێرکۆ)، ئـەندامی دەستەیەك بوو کە پـادشـای دانیمارك ناردنی، لێکـۆڵینەوەی ژیانی سیاسی و هـەموو لایەنەکانی فەرهەنگی عارەب و فارس و هیندستان بکەن . چووە لەگەڵ کاروانان ڕۆیشتووە، خۆی بە بازرگان پیشان داوە . سەرەتا کتێبێکی بە ئەڵمانی لە بارەی عارەب بڵاوکردووەتەوە، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی ( بە دوو بەرگ، چاپی ئەمستەردام، بە ڕەسمی جوان و نەخشە تێدا) . نەخشەکابی یارمەتیی باشی تێگەیشتنی هێندێك شت دەدەن . لەوە تێدەگەین، کە لە دەوروبەری نـاوەندی سـەدەی هەژدەدا ،ئاوەدانیی مووسڵ بە نیسبەتی یەك لە سێ لە دیاربەکر پتر بووە، بەڵام دیاربەکر کەمێك لە شام (دیمەشق) گـەورەتر بووە و، دوو تا سێ جار لە ئورفە گرنگتر بووە ( گرنگتر؟ - شیرکۆ) .

نیبور، لە هیندستانەوە دێتە"مسقط"، شیراز و پێرسپۆلیس و، ئەوجا بەسرە، بەغدا (١٧٦٤) . لە بەغداوە، بە کەرکوك و ئاڵتون کوپری و هەولێردا بۆ مووسڵ، بە دەشتی باکووری سنجاردا بۆ نسێبین و ماردین، دیاربەکر . بە ئورفەدا ڕێگای بۆ حەڵەب کورت کردووەتەوە، واتا خۆی لە چوونە جەرگەی مەڵبەندی شاخاویی کـوردستان لاداوە . لە ڕێگایدا ،کوردی مسوڵمانی دیتوون کە زۆربە بوون و مەسیحیی کە کەمایەتی بوون، بەڵام زۆرتر هەر بیری لای باس‌کردنی کەمایەتییەکە بووە و، کەمتر ئارەزووی باس‌کردنی زۆربە کوردە مسوڵمانەکەی هەبووە . لە ئێران، نەچووەتە کوردستانی ژێردەستی ئێران، بەڵام لە دوورەوەش تاقە یەك وشەمان باسی کورد و کوردستانی ئەوێ بۆ ناکات . کەواتە، زانیاریی لەبارەی کوردەوە زۆر ناتەواوە و، زۆرتر وایە دەستی دووەمە و، لەو ئەورووپاییە کلیساییانەی وەرگرتوون کە لە دێرێکی مووسڵ دیتوونی . ئـەگەر هەر بە خوێندنەوەی نووسینی ئەو بێت، مرۆڤ مەگەر هەر بڵێت هـەموو کوردستان تـەنیا بریتیە لەوەندە وڵاتەی کە ئێستا پێی‌دەڵێن کوردستانی‌عیراق، کە ئەوە لەڕاستیدا هەر نیزیکەی لە سەدا حەفتەی هـەموو کوردستانە . کە باسی بەشی باکووری کوردستان دەکات، زۆر کەم و ناڕوونی باس دەکات : بیستوویە کە میرنشینی و میرانی کورد لە باکوور هەبوون، بتلیس و وان و بایەزید ( لە داوێنی ئـارارات) . لای ئـەم نیبورەش، وەکو لای شـاردە و تێڤینـۆ، مرۆڤ بەگشتی زۆر لەو دیمەنە دوور دەکەوێتەوە کە دێلا ڤالێ دیتوویە و بۆی باس کردووین . بەڵام بەهەرحاڵ، نیبور چاك لە کێشەی سیاسیی میر- نشینییەکان لەگەڵ ئیمپراتۆرییدا دەگات . تەنانەت نموونەش لە زوڵم و تاڵانی ئەو پاشایانەی دەوڵەتی عوسمانییش لە ئاست ئەوانەدا دەهێنێتەوە . دەبێت ئەوەشمان لەبیربێت کە دەوری سەدەونیوێك لە نێوان گەشتی دێلا ڤالێ و

ئەم ئەڵمانەدا هەبووە،کە میرانی کورد لەم ماوەیدا زۆر لە دەسەڵاتیان درابوو و، وەزع زۆر کەوتبووە دەست پاشا تورکەکانەوە، کە - وەکو ئەویش باسی‌کردووە - زۆر چەوسێنەر بوون. نیبور لە باسی کوردستاندا دەڵێت : "کوردستان وڵاتێکی شاخاوی و زۆر بەپیتە، بەتایبەتی بە مازووی کە بە رادەیەکی سەرسوڕمێن زۆری لێ دەچێتە بازاڕی حەلەبەوە و، دوورتریش دەگاتە ئەوروپا؛ بە گەزۆی کە لەو وڵاتە لەجیاتی شەکر بەکاری دەهێنن؛ بە پەموو؛ بە برنج؛ بە توتن؛ بە ترێ و بە هەنجیر" و ... هەندێك روەکی تر، ئەوجا دێتە سەر باسی زمانی‌کوردی،کە قسەی سەیر و سەمەرەی تێدا دەکات، دەڵێت : سێ شێوازی هەیە : شێوازی قەڵاچوالان کە فارسیی زۆری تێدایە و، شێوازی کۆیسنجاق کە کلدانی و عارەبیی زۆری تێدایە و، شێوازی باکوور کە زۆری تورکییە . دەبێت نیبور زۆری لە "گارزینی" وەرگرتبێت، کە کەشیەکی ئیتالیایی بووە و کتێبێکی - گوایا- رێزمانی کوردیی داناوە (١٧٨٧) کە هیچی بەسەر هیچییەوە نیە . کاك عیسمەت زۆر لە قسەکانی نیبور دەگوێزێتەوە و روونی دەکاتەوە کە قسەی بێ مانان و فرەیان بەسەر حەقیقەتەوە نیە. نیبور باسێکی وەها سەیری ستانی قەڵاچوالان و بنەماڵەی بەبە دەکات، باسی شارەزوور دەکات(دەینووسێت: Schahhressul !) و، چەند شوێن سەیر ناو دەبات، ئاوەدانیی بڵباس لە سەری چیا و شیوی رەواندز و شوێنانێکی تر : عیمادیە، کەرکووك و تاوق و هەولێر ...، کە کاك عیسمەت - ئەوەندەی بۆی کراوە - هەوڵی داوە بۆی راستبکاتەوە . نیبور لیستی ناوی٥٣ عەشیرەتانیش دەدات، باسی تورکمان دەکات کە دەڵێت پاشماوەی لەشکری تەیموری لەنگن . کاك عیسمەت ٣٢ لاپەڕە لە ٧٧ لاپەڕەی ئەم نووسینەی بۆ لێکۆڵینەوەی نیبور تەرخان کردووە و، هەوڵی باشی تێدا داوە کە خوێنەری بزانێت ئەو قسانەی نیبور هیچ شتی جیددی نین و، ئەوپەڕی بێ سەروبەرن . ( بەدبەخت پادشای دانیمارك کە پارەی لەوانە خەرج - کردووە بچن لێکۆڵینەوەی زانستیی بۆ بکەن ــ شێرکۆ) .

٨- کۆنستانتین - فرانسوا ڤۆلنێ ١٧٥٧- ١٨٢٠ Constantin-François VOLNEY

کاك عیسمەت دوا شەش- حەوت لاپەڕەی ئەم نووسینەی بە هەشتەم و دوا کەسی باسەکەی بەم ناوە کۆتایی پێ هێناوە، کە ناوی فەرەنسییەکی ئاکادیمیی و بەڕێز و ئەهلی زانستە ( کە بە من شایانی ئەوەیە باسی سەربەخۆ لەبارەی ژیانی سیاسی و ئاکادیمی و بیروڕای دەوڵەمەند و ئازایانەی بنووسرێت ... چۆن واقیعی دواکەوتوویی رۆژهەڵاتی دیتووە، کە حەوت مانگ لە میسر بووە و، نیزیکەی دوو ساڵێك لە سووریای گەورە ــ شێرکۆ) .

ڤۆلنێ، لە باسی سووریادا دەڵێت : حوکمی تورك لە سووریا حوکمێکی سەربازیی زاڵمە، تورك دەزانن چۆن

زاڵ بن بەڵام نازانن چۆن حوكم بكەن . ڤۆلنێ دەبینێت كە" سووریای عارەب" قسەیەكی گشتی و درشتە، دەڵێت ئەو وڵاتە فرە قەومە : مارونی، عارەبی داگیركەری نیشتەجێ، شیعەی بقاع كە دەڵێت فارسن و ناویان دەنێت " موتوەلی؟ Motoualis)، درووز، توركمان، كورد، عارەبی بەدو . ڤۆلنێ، حەیف كە هەر لە دوورەوە لە كورد و كوردستانی نۆڕیوە، لەبەئەوە هێندێك زانیاری لە سەرچاوەی " نیبور"یش وەگواستووە، باسی سامانی كشتوكاڵ و دەوڵەمەندیی كوردستان و خاكی بە پیتی دەكات . بەڵام ڤۆلنێ بە روونی باسی ئەوە دەكات كە كورد نەتەوە-یەكە، كوردستان نیشتمانییەتی و بە ئەسڵ لەو زنجیرە چیایانە پێكهاتووە كە زێی گەورە و بچووكی لێوە دێن . باسی كسینۆفۆون دەكات كە چۆن باسی " كاردوخ"ی كردووە و مەبەستی لەم نەتەوەی كوردە بووە .

* * *

كاك دكتۆر عیسمەت، توانای هەرتك : هەم دەسەڵاتی تەواوی بە سەر زمانی فەرەنسیدا و، هەم مێژووناسیی، لێرەدا زۆر چاك بۆ خزمەتی نەتەوەكەی و راستكردنەوەی هەڵەی سەرچاوەكان لە باسی مێژوودا بەكارهێناوە .

كاتێك ناوی كورد بەهۆی شەخسی سەرۆك مستەفا بارزانی و شۆڕشی كوردستانەوە- زۆرتر- لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا كەوتە دەنگوباسەكانی دنیاوە، زۆر ئەوروپایی بۆ جاری یەكەم لە ژیانیاندا دەچوون سەیری سەرچاوەكانیان دەكرد تا بزانن كورد چین ؟ وەڵامەكەیان زۆر وادەبوو لە یەك وشەی" جەردە"دا دەدیتەوە . كاك عیسمەت لێرەدا بە مێژووی ئەو كەسانەدا هاتووەتەوە كە ئەو جەردەییەیان داوەتە پاڵ كورد و، هەر بە نووسینی ئەو كەسانە خۆیان و بە زمانەكەی خۆشیان بە بەڵگەی لە سەداسەد روون و بێ ئەملا و ئەولا پیشانی داون كە ئەو قسەیە وەهمێكی هیچوپووچ بووە، كە ئەو گەشتوەرانە وەكو تووتی لە دەمی بێگانە، زۆرتر لە كاربەدەستانی فارسی بێ ویژدانیان وەرگرتووە و، ئەمە خەتای ئەوە بووە كە كورد دەوڵەتی یەكگرتووی سەربەخۆی نەتەوایەتیی خۆی نەبووە، خۆی و وڵاتەكەی لای ئەو گەشتوەرانە بە بەشێك لە ئێران و دەوڵەتی تورك دانراون . ئەوە پیشاندانی كارەساتی كورد بە كورد خۆشییەتی كە نەبوونی سەربەخۆیی دەكرێت چیی لێ بكەوێتەوە .

من لێرەدا هەر كورتەیەكیم خستە بەرچاو، بەهیوای ئەوە كە ئەم كتێبەی كاك عیسمەت و دكتۆرنامەكەشی، كە شتێكی زۆر هێژایە، بە تەواوی و جوان بە زمانی كوردی بكەونە كتێبخانەی كوردەوە .

كاكە عیسمەت گیان، دەستەكانی ئەو كارەت خۆش بن و رەوانت شاد .

دکتۆر نوورەدین زازا (١٩١٩- ١٩٨٨)، کوردێکی نەتەوەیی زۆر خوێندەوار و زانایەکی گەورە بوو، هەژار دەیگوت : " بۆ کورد زێدە خوێندەوارە" . ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری" پارتی دیموقراتی کورد لە سووریا" بوو، کە ١٤ی حوزەیرانی١٩٥٧ دامەزرا . دەڵێن حەمید دەرویش (مارکسیست و دواتر باڵی تاڵەبانی لە هەرێمی رۆژئاوا و ئێستا بەهاری٢٠١٦ لە سلێمانییە) و ئۆسمان سەبری( زۆر نەتەوەیی) و هەمزەی نوێران و حەسەنئاغای حاجۆ و کێی تر ؟ لەو دەستەی دامەزرێنەرە بوون . ئەوانە، حکومەتی سووریا گرتنی و زۆری شکەنجە دان، زۆر خۆ راگر و ئازا بوون، بەڵام هەر لەو زیندانەدا بە بیرورِا لێك ترازان و دوای ئەوەش پەرش و بڵاو بوون، بۆچی ؟ کێشەکانیان چی بوون ؟ دکتۆر زازا بۆچی هیچ نێوانی لەگەڵ کاربەدەستانی شۆرِشی کوردستانی باشوور نەبوو، لەکاتێکدا کە دکتۆر عیسمەت شەریف بوو بە نوێنەری سەرۆك بارزانی لە ئەوروپا ؟ چۆن دکتۆر زازا دوا هەژدە ساڵی ژیانی لە سویسرا بەسەربرد ؟ ئەوە هەمووی جارێ - وەك دەڵێن - عیلمیغەیبە و، رەنگە کاتێك بنووسرێت کە کەس شتێکی ئەوتۆی لێ نەزانێت، ئەوسا ئیتر هەرکەسە و بە خەیاڵیخۆی دەفرِێت و، مێژوویەکی وەکو ئەوەی هاوسێکانمانی بە کەیفی خۆی بۆ تۆماردەکات .

من لە چوارچێوەی رێکخراوێکدا جارێك لە ئەڵمانیا لە چەند کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ دکتۆر زازا ( و دکتۆر عیسمەت شەریف)دا کۆبوومەوە، پێمەوابوو کە دکتۆر بە کەڵکی رێکخراوێکی سیاسی نەدەهات، ئەو پیاوێکی زانا بوو و ، حەزم دەکرد لە جیاتی کوشتنی کاتی خۆی بەو سەفەر و کۆبوونەوانە، هەر لە سویسرا بە دانانی شتێکی وەك " قاموسێکی کوردیی فەلسەفە"ـوە خەریك بوایە . دەڵێن دکتۆر زازا چوار کتێبی بەرهەمی هەن، من ئێستا هەر تەنیا " مەمێ ئالان"یم لەبەردەستدایە .

کتێبی" مەمێ ئالان"ی دکتۆر نوورەدین زازا، کە من ئێستا لەبەردەستمە، چاپێکی١٩٧٣ی رێکخراوی" باهۆز"ە لە ئەوروپا . دکتۆر زازا نووسیویە کە ئەو کتێبەی پێشکەشی" سیامەند عیسمەت شەریف" ( کورِی دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی ) دەکات . " پێشگۆتن" ( پێشەکی) ێکی ٣٠ لاپەرِەیی جوان و پرِ لە زانیاریی بە کوردییەکی رەوان بۆ نووسیوە، وشەی " چاند" بە مانای " فەرهەنگ، کولتوور"یشی تێدا خراوەتە کەوانەوە، کە ئەوە لە داهێنانی دکتۆر زازا خۆیەتی . دکتۆر زازا لە داهێنانی وشەی نوێدا - بڵێین وەکو تەوفیق وەهبی - زۆر بە جورئەت بوو و، وا ئەم " چاند"ەی شوێنی خۆی گرت .

من بەم نووسینەم لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی ناوەڕۆکی ئەو" پێشگۆتن"ـەی بخەمە بەرچاو .

دکتۆر زازا تێدا دەڵێت :

یـەکەم کەسێك کە" مەمێ ئالان"ی خستووەتە بەرچاوی خوێنەران : ئا. سوسن" A.Sosin" بووە کە ساڵی ١٨٩٠ بە "ئەڵمانی" و بە "شێوازی بۆتانی" لە "پیتەرسبورگ"ی رووسیا بڵاوی کردووەتەوە . کەسێکی تری ئەڵمان : ئا. ڤۆن لو کۆك " A. von Le Coq"، ساڵی ١٩٠٣ لە ئەڵمانیا " مەمێ ئالان" ێکی تری چاپ کردووە . ئەوجا "ئۆسکار مان"ی ئەڵمان ئەوەی وێڕای چەند شتی تر بە شێوازی موکری و بە ئەڵمانی چاپ کردووە (١٩٠٦ - ١٩٠٩) (کە دیارە مەبەستی" مەم و زین"ـە - شێرکۆ) . هوگۆ ماکاش Hugo Makas، ساڵی١٩٢٦ لە لێنینگراد " مەمێ ئالان"ی بڵاوکردووەتەوە . ساڵی ١٩٣٦ چەند ئەرمەنیی کوردیزان سێ " گوهارتۆ بـ کوردی" ( بە وەر- گێرانەوە)یان لێ چاپکردووە . لەدواییدا، رۆژێ لێسکۆ Roger Lescot ی فەرەنسی ساڵی ١٩٤٢ بە یارمەتیی میر جەلادەت بـەدرخان وەریگێراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و لە بێرووت چاپ کردووە، کە لە ناو کورداندا بڵاو نەبووەتەوە و هەر لای چەند کەسێکی کەم هەیە، بەڵام ئەم وەرگێرانە لە هەمووان رێکوپێکترە .

لێسکۆ، بۆ تۆمارکردنی ئەو بەیتە،گوێی لە پتر لە بیست بەیتبێژ گرتووە . دوو لەوانە عەقڵیان گرتووە:" مشۆیێ بەرازی" و " سەبرییێ مهاجر" لە بێرووت . زۆرتری لە " مشۆ" وەرگرتووە و بە "سەبری"ی تەواوکردووە . دکتۆر زازا دەڵێت کە ئەم چاپەی ئەو("مەمێ ئالان"ی دکتۆر زازا) هەر ئەو تۆمارەی لێسکۆیە، بەڵام دوای پاك کردنەوەی لە زێدە وشەی عارەبی و فارسیی کە لای وابووە بەهۆی مشۆ خۆیەوە کەوتوونەتە بەیتەکەوە .

دکتۆر زازا، لەو پێشەکییەیدا هـەوڵ دەدات، بە چـوار سـەردێڕ لە چـەند رووەوە لە نـاوەڕۆکی" مەمێ ئالان" بکۆڵێتەوە : لە رووی مێژوویی، مێژووی قارەمانانی چیرۆکەکە، رەوشی ئـەدەبی، مەسەلەی کـۆمەڵایەتی .

لە رووی مێژووییەوە: دکتۆر زازا مێژووی زۆر پێش عیسای مەسیح دەدۆزێت و، چیرۆکی کۆنی لەو بابەتە باس دەکات، کە - بە بیری ئەو- دەکرێت بناغەی ئەم چیرۆکەی مەمێ ئالان بووبن و، دوایی کە ئیسلام هاتووە ئیتر دەستکاری کرابێت . لێرەدا ئەو پرسیارە دەکات کە بۆچی" ئەحمەدی خانی" باسی" مەمێ ئالان" ناکات و، دەڵێت کە تەواوی " مەم و زین" ـەکەی لە داهێنانی خۆیەتی و هیچی بۆ لە کەس وەرنەگرتووە : (..)

مەحبووب و لیباس و گۆشوارە ـ ملکێ د منە نە مستەعارە

ئەلفاز و مەعانی و عیبارات ـ ئنشا و مەبانی و ئیشارات

مەوزووع و مەقاسید و حیکایەت ـ مەرمووز و مەناقب و درایەت

ئسلووب و سیفات و مەعنا و لەفز ــ ئەسڵەن نەکرن مە یەك ژ وان قەرز

بیلجیملە نەتایجی د فکرن ــ دووشیزە و نووعەرووس و بیکرن .

خانی بۆچی وای گوتووە ؟ دکتۆر زازا دەڵێت : نازانین، لەکاتێکدا کە مەلای جزیری پێش خانی باسی مەم و زینی کردووە :

موویەکی ئەز ژ تە نادم بە دووسەد زین و شیرینان

چ دبت گەر تو حسێب کی مە بـ فەرهاد و مەمێ ؟

دکتۆر زازا لێرەدا دیسان دەچێتەوە رۆژگارێکی زۆر پێش مەلای جزیری: باسی ئێراننناسێکی دانیمارکی دەکات (کریستەنسن A.Christensen) کە باسی چیرۆکێکی لەبابەتی" مەمێ ئالان"ی هەزار ساڵ پێش عیسای مەسیحی کردووە . نووسەرێکی یونانیش Charês de Mitylêne شارێسێ میتیلەنی) کە ئەویش باسی چیی کردووە و، دیسان دەچێتەوە لای ئێرانناسەکە ... رۆچوونێکی زۆر لە مێژووی کۆندا .

لە باسی قارەمانانی چیرۆکەکەدا: لەوە دەکۆڵێتەوە بۆچی مەم لەم بەیتەدا " خوارزای قورەیشیی عارەب، سوڵتانی وڵاتی مەغریب و پادشاهی کوردانە"؟ قورەیش لەکوێ و پادشاه لەکوێ؟ دکتۆر لەوێشدا زۆر لە مێژوو دەکۆڵێتەوە و، چۆن کورد دوای بوونە مسوڵمان کەوتوونەتە سەر بە عارەبکردنی ئەسڵی خۆیان و، ئەوجا پادشا-هانی ئێرانیش دەکرێت فارس بووبن و دەکرێت کورد بووبن . دکتۆر لەسەر ناوی" ئالان" دەوەستێت : هەر لە قەوقاسەوە پێدا دێت تاکو بە خەلیفانی رەواندز و بە بانە و سلێمانی دەگات . لە ناوی " میر ئێزدین" دەگەرێت : کوری عەبداڵ خانی بتلیس - بەفوونە- ناوی ئێزدین بووە .

لە رووی ئەدەبییەوە : وەکو پێشتر گوتی، زمانی" مشـۆ" بە " خوار و سست" ناودەبات و دەڵێت کە زمانی " سەبری" باشترە . باسێکی " شەترەنج" لە چیرۆکەکەدا هەیە، کە لە رووی زمانەوە :" ئاوا و سالغدان تشتەکی یەکانەیە " ( شێوە و روونکردنەوە شتێکی بێ وێنەیە) . میر جەلادەت بەدرخان ئەمەی لە خانمێکی سەر سنوور(ی دەوڵەتانی سووریا- تورکیا)ی وەرگرتووە، کە لە ئەسڵی شێوەی کۆنی چیرۆکەکە هەر ئەوەی لێ لەبیرماوە . دکتۆر زازا لێرەدا وشەی " گەلەمپەر"یش - دواتر - لەپاڵ " گەلێری" دا بەکاردەهێنێت، کە هەرتك لە داهێنانی خۆین و، سنووری نێوانیان هەمیشە روون نیە،" پێوەندیی بە گەلـەوە" دەگرنەوە . لێرەدا دەڵێت : بەیت لە ئەدەبیاتی گەلەمپەردا وەهایە، قافیە و قانوونی شیعری کلاسیك و ئەو شتانەی تێدا نین، دێری کورت و درێژ دەکرێت بەدووی یەکتردا بێن، بەڵام ئاوازی تێکرای تێکستەکە و، هونەری گوتنی لەلایەن بەیتبێژەوە مووسیقاکەی

دەگـەیەنێت و، دەکرێت بەوەی زاراوەی نوێی" شیعری ئازاد"ی بەراورد بکەین . کەواتە، ئـەگەر شـاعیرانی کورد لەجیاتی لاساکردنەوەی شیعری فارسی و عارەبی، ئیلهام لە بـەیتی کـوردی وەربگرن، ئەوا دەکرێت سامانێکی زۆر دەوڵەمەند پێشکەش بە دنیا بکەن . وەسف لە" مەمێ ئالان"دا هی رۆمان و تراژیدیای زۆر بەرزی ئەبین، تۆ لەم وەسفەی زین بنۆڕە :

" ئەنیا گەورە، مادەنا زێڕانە

بسکێن بـ رەوا خوە بەردانە سەر هنارکێن روویان

بسك و قەتەر بەردانە سەر گولیانە" (..)

ئەوجا وەسفی هەستی زین کاتێك دەبیسێت کە مەم هاتووەتە جزیرێ :

" ژ نهـ ڤە، دلێ وێ رابوو مینا بەحرانە

پێلان خوە داڤێتن لـ سەری حەیا لنگانە

دیسا دەرد و کولان سەری هلدانە

لێ نە مینا بەرێ، بێ هێڤییێ ژ هاتنا مەمێ، پادشاهێ کوردانە" .

کاتێك چەکۆ دەزانێت کە مەم هاتووەتە جزیرێ :

" ئەز چەکۆمە، ئەز نە دینم!

مینا گورێ چلە، زگ برچی و دەڤ بـ خوینم

ئەگەر نها سەد مێر بـ سەر مندە وەرن، ئەز یەکی د یێ دن ناگهینم

کو بازارێ جزیرێ گشت لـ پشت وان بە، دیسا ئەز خەما گشتکان ناکشینم" .

تۆ سەیری ئەم وێنە درامابیە بکە کاتێك چەکۆ لە قسەی پاشگەز دەبێتەوە، چی بەسەر حەسەن دێت :

" حەسەن چاڤ د سەری دە سۆر بوونە مینا چاڤێن ئەژدەرهانە

سنگ رادبە و داتێ مینا پێلێن بەحرانە

پۆڕ لێ گرژ بوویە مینا ستریانە (قژی گرژبوونەوە دەڵێیت درکن"!) .

تۆ سەیری ئەو بەزمەی شەترەنج بکە کە تێدا مەم لە میر دەباتەوە، چ مەیدانی شەڕێکی لێ ساز دراوە :

" تەماشاگەران زانی خورتە مەمێ ئالان

میر ئەزین نکارە هلینە بار و بەرباری

بـ رمح و گورز و شەشپەڕی، مەم کەتە ناڤ عەسکەرێن میر .

سەفێ پێشین خەرا کر، د باسکانڤە کەتە هوندر

سوار ژ هەسپا داخستن، پەیار دان بەر لنگێن فیلا

بەرا برج و باروو دا پێشی، ژ دژمن ستاند

لـ شاه هاتە وەر، رەخ و فەرزین کرن هێسیر ".

دکتۆر زازا دێڕێکی بەناوبانگ لە ئـەدەبیاتی فـەرەنسی وەردەگرێت، لە چیرۆکی شانۆگەریی "ئـاندرۆماك"ی تراژیدینووسی گـەورەی فەرەنسی "راسین" ( سەدەی حەڤدە) کە تێدا دەڵێت : " ئەو مارانەی بە سەر سەرتانەوە دەفیشکێنن " . دکتۆر زازا دیارە لە گێڕانەوەی کەسێکی تریەوە وەرگـرتووە، نـەك لە ئەسـڵەکە، چونکە دکتۆر لێرەدا دەڵێت: ئەو مارانەی لەسەر سەرمانەوە دەفیشکێنن چین ؟ . ئەوجا زاراوەیەك بۆ هونەری بەکارهێنانی وشە لێرەدا بەکاردەهێنێت کە من لێی تێناگەم homonothopêes ؟ بـەڵام ئـەوە لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا پێی‌دەڵێن : " ئالیتیراسیۆن"، واتا هاودەنگیی یـەکـەم بڕگەی وشەکان، وەك بڵێیت : گواستنەوەی قافیە لە کۆتایی وشە بۆ سەرەتاکەی : دەچم دەخۆم و دەخەوم و دەڕۆم ... ئیدی بەڤوونە، کە بە " دە" دەستپێدەکەن . ئەوە لە قۆناغێکی ئەدەبیاتی ئینگلیسیشدا زۆرە . ئەسڵی ئەو شیعرە فەرەنسییەی کە دکتۆر زازا باسی دەکات بەمجۆرەیە :

کی سۆ سێ سێرپە کی سیفل سور ڤۆ تێت ؟ qui sont ces serpents qui sifflent sur vos têtes ?

( کێن ئەو مارانەی کە بەسەر سەرتانەوە دەفیشکێنن)، کە ئـەو هـەمـوو " س"یانەی وشەکان هەسـت بە بیستنی فیشکەی مار دەگەیەنن . دکتۆر دەڵێت کە ئەو شتە لە بەیتی ئێمەدا زۆر هەیە : بوو شینگینا شووران ... چیرکە چیرکا شریتان ... ژێ تێ فشینا ماران و چەلپینا ماسییان . دەڵێت دەبێت سەرنجی دۆزینەوەی ئەوە لە ئەدەبیاتی "گەلێری"ی خۆماندا بدەین و کەڵکی لێ وەربگرین .

دکتۆر زازا، دوای باسـی عونسوری درامایی بـەرانبەران : حەسـەن ــ چەکۆ، میر ــ مەم، مەم و زین ــ بـەکۆ، قەدەر ــ ویستی مرۆڤ؛ بەراوردی جوان لەنێوان مەمێ ئالان و تراژیدیاکانی ئەڤینی ئەدەبیاتی‌ئەوروپایی، رۆمیۆ و جولییێت و ئیدی دەکات . چۆن کورد دوای بوونەمسوڵمان و بە گوناح دانانی خۆکوشتن، مەرگی مەم و زینیان لە تـەمێکی کرداری پـەرییاندا نقوم کردووە و، بەوە کردوویانن بە پیرۆز و شـەهید ؛ چۆن مەم و زین، هەر یەکتر دیتن و کەوتنە داوی ئەڤینیشیان بە دەستی پەرییان پێکهاتووە . بـەڵام خانی خۆی لەوە لاداوە و، لەجیاتی ئەوە، شکسپیرئاسا، کارناڤاڵێکی بۆ پێکگەیشتنی ئەڤینداران خستووەتە سەر شانۆ، کە تێدا جلوبەرگ گۆڕدراون .

مەم لە بەیتی" مەمێ ئالان"دا کەسێکە هەتا بڵێیت سیفەتی خراپی هەن، کەچی خانی بەتەواوی کەسێکی تری لێ دروست دەکات و، ڕەنگە هەر تەئسیری خانی بوبێت کە" مشۆ"شی وا لێ کردبێت، ئەویش لە باسی"مەم"یدا دەستکاریی ئەسڵی"مەمێ ئالان"ـەکە بکات . خانی تەنانەت لەدواییدا مەم تێکەڵ بە تەسەووف دەکاتەوە: کاتێك زین فەرمانی بەردانی لە زیندان دەهێنێت، مەم گوێ بە فەرمان نـادات و، دەکەوێتە سەر دوعاکردن و تـەرکی دنیا .

دکتۆر زازا، پتر لە سەر بـەراوردی ئـەدەبیی بەیتی مەمێ ئالان و مەم زینەکەی خانی دەڕوات و، ئەوە لە دوایی ئەو بەشەدا دەیکێشێتە دنیای فەلسەفەوە . دکتۆر زازا، سـەرەتا باسی مەنتیقی تەسەووفی خانی دەکات کە چۆن " بەکۆ" ( بەکری مەرگەوەڕ) لای ئەو دەچێتە بەهەشت و، یـەکێتیی وەحدانیەتی خودایی پیشان دەدات کە چۆن خودا خراپەشی هەر بۆ چاکە دروستکردووە، لێرەدا قسەی خانی لەسەر زمانی زین لەبارەی بەکر دەکاتە بەڵگە، زین دەڵێت :

" ژ ئەولەڤە ئەگەر چ وی جەفا کر ـ ئاخر بـ مە ڕە ئەوی وەفا کر

زاهیر وی ئەگەر مخالەفەت کر ـ باتین بـ مە ڕە موافەقەت کر " .

لە بەیتی " مەمێ ئالان"دا، بەکۆ هەر خراپەیە و بە مردنیش پاك نابێتەوە، لەودنیاش هەر خراپە .

لێرەدا، دوای وەبیرهێنانەوەی دوو زاراوەی فەرەنسی : " ئالیەناسیۆن" ( لە خۆ بێگانەبوون) و " دێزالیەناسیۆن"، پەل بۆ دنیای فەلسەفەی هیگل و مارکس دەکێشێت : شتێك لە میسالییەتی هیگل باس دەکات، چۆن بەگوێرەی ئەو، سەرەتا " هۆش" و " ماددە" یەك شت بوون، ماوەیەك پێکەوە ڕۆیشتوون و، ئەوجا هۆش ماددەی خستووەتە لاوە، دوای ئەوە هەستی بە تەنیایی کردووە و کەوتووەتە گەڕان بەدووی ماددەدا تاکو دیسان ببنەوە یـەك . بەوە " تێز Thêse" پێكدێت . بـەڵام ئەو یـەکێتییە بەکێشەیە و هەر نـاگونجێن ( پێوەندیی دیالیکتیکە)، تا هۆش لە ماددە رادەپەڕێت(ئانتی تێز- Anti-thêse)، بەڵام هۆش هێندێك شتی بەکەڵك لەو ئەزموونەی لە ماددە وەرگرتووە و بەوە " سینتێز- Syntêse " پێكدێت . ئەوە جەغزێکە تاسەر دەسووڕێتەوە و، بەوە هۆش و ماددە بە یەکێتییەکی بەهێزتر چالاك دەبن و درێژە بە ژیان دەدەن . ئەوجا، چۆن مارکس ئەو مەنتیقەی دیالیکتیکی هیگلی قەبووڵە کە دابەشکردنی کار، پارە، دارایی تایبەتی و دەوڵەت، بەشێوەیەکی دیالیکتیکی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤ ( بەڵام لە چوارچێوەی" کۆمەڵگە"دا ،نەك" تاك"، وێڕای ئەوەشکە ماددە لای مارکس سەرەتا و ئەسڵە، نەك هۆش ـ شێرکۆ) . دکتۆر، دەقی قسەیەکی مارکس دەهێنێتەوە کە گوتوویە :" دەبوو مرۆڤایەتی بکەوێتە ئەم پەرێشانییە

گـەورەیەوە تاكو بتوانێت دەوڵەمەندیی دەروونی خۆی بهێنێتە دنیاوە" . دە دكتۆر زازا دەڵێت كە ئـەو قسـەیە لە كەسێكی تری زۆر پێش ماركس سەرنجی راكێشاوە، لە " مەم و زین" ی " خانی"دا دیتوویە :

" هەتا نەكەڤت ژ ئەوجێ عیززەت ــ هەتا نەگهێتە خاكێ زیللەت

ئەو نابتە سالكێ تەریقێ ــ ئەو نابتە مەئسەرا هەقیقێ " .

دكتۆر زازا چەند لاپەڕەی تریش لەسەر دەڕوات، ئەوجا دێتە سەر :

پرسێن جڤاكی : لێرەدا دەڵێت كە" مەمێ ئالان" فێری زۆر شتمان دەكات و، لە هێندێك شتانیشدا سەرمان لێ تێكدەدات . سەرەتا، لە دەوڵەمەندی و شكۆی شاری جزیرەمان ئاگادار دەكات: ٢٥ گەڕەك،قەسر و قۆناغ ( ڤیللا و شتی وەها) و بازرگانی زۆر دەوڵەمەندی هەبوون . میر، یا شێخی تاجرانی ئەوان، كوتاڵیان لە هەر شوێنێكی دنیا لە گەڕاندا بوو . شتی هێژا لێرەدا ئەوەبوو كە دەوڵەمەندەكانی جزیرە رەوشتیان زۆر بەرز بوو، دەوڵەمەندتر- ینەكەیان وا بە مەم دەڵێت :

" ... ئیشەڤ لـ ئاپێ خوە ببە مێڤانە،

ئەز ژ تە رە ڤەكم دكانان و مغازانە .

كو بـ ڤان نەبوو، ڤەكم گەنج و دەفینانە .

راكە هەیا دلێ تە دخوازە پارانە؛

تو بـ تەنێ رابەری ئاپێ خوە بكە وی جهی تلیانە

ئەزێ وێ مەحەلێ غەرق كم ب مێل و زێڕانە؛

ژ تە رە بقەدینم ڤێ مەراقا دلانە .

هەیا نها كارێ ڤێ مالا مە ئەڤە : ئەمێ مێل بەرەڤ كن پاشێ بدن د ریا دلێ جامێرانە ".

بەڵام" ئاپۆ"ش وەكو هەموو بازرگانان، كە باس بێتە سەر كوشتنی پیاوان، خۆی دوور دەگرێت، ئەو هەر ئامادەیە بۆ لایەنی ئینسانی و پێشكەش كردنی ماڵ و پارە بێتە پێشەوە .

ئەوجا لە " مەمێ ئالان"دا باسی " ئەبە بۆز" ان دەبینین ( لات، عیاران، بە عارەبیی بەغدا : شقاوە، لە میسر : بلطجي ــ شێركۆ)، كە دەڵێت : شار پڕ بوو لەو ئەبەبۆزانە!

وادیارە سەردەمێك شارەكانی كوردستان زۆریان لەوانە تێدا بووە، " ئەبەسۆر" و " پێخواس"یشیان پێ گوتراوە . پێخواسەكانی دیاربەكر بە " مێرخواسی"یان بەناوبانگ بوون، تەنانەت فۆلكلۆرێكی تایبەتی خۆشیان داهێناوە .

لە سەدەی ١٣وە تاکو سەدەی ١٦ شارەکانی فەرەنسا و ئینگلستانیش پڕ بوون لەو ئەبەبۆزانە ( دکتۆ زازا لێرەدا وشەیەکی زۆر سەیر بۆ" سەدە" بەکاردەهێنێت :" بابەلیسك"! واتا گەردەلوول، یا بایەکی قایم) . ئەوە پێوەندیی بە کۆچی کەسانێکەوە بوو،کە بۆ توندوتیژی و تۆقاندن لە خزمەتی دەرەبەگدا بیوون و، بە لەدەستدانی دەسەڵاتی دەرەبەگان چیتر کاری توندوتیژییان بۆ نەدەمایەوە، دەرەبەگ چیتر نەیاندەتوانی ئەوانە بەکاربهێنن، دەستیان لێ بەردەدان، ئیتر ئەوانە دەچوونە شارەکانی وڵاتی خۆیان یا وڵاتانی تر( سپانیا ، فەرەنسا ، ئینگلستان ... ئیدی) و لەوێ هەوڵی ژیانیان دەدا و، وادەبوو ماوەیەکیش هەر بە سەرسەرێتی دەیانبردە سەر، تا دوایی پەرەسەندنی سەنعەت ئەوانەی هێنایە ریزی کرێکاران .

کەواتە، وەك گوتمان، ئەو بەزمەی ئەبەبۆزان لە قۆناغێکدا لە شارەکانی کوردستانیش هەبووە، بەتایبەتی کە پەرەسەندنی سەنعەت لە رێگای دەوڵەتی نەتەوایەتیی خۆوە پێكدێت و ئەو پەرەسەندنە لە کوردستان هەمیشە کۆسپی دەسەڵاتی بێگانەی دوژمنی لەسەر رێگا بووە .

لە " مەمێ ئالان"دا باسی ئەمارەتی بۆتان لە رووی سیاسییەوە دەبینین . دوای ئەوە کە گوتی : " جزیرە"ی پایتەختی ئەمارەتی بۆتان مەرکەزێکی بازرگانیی گرنگ و زۆر دەوڵەمەند بوو، دەبینین جزیرە، میر و حکومەت و قانوونی هەبوون . بەڵام حوکمی میر زۆر بەهێز نەبوو . بەربەرەکانییەکی زۆر لە نێوان ئەو و هەر سێ جەلالییاندا هەبوو . حکومەت، عەشیرەتەکانی بەتەواوی پێ نەدەهێنرانە ژێر فەرمان و، دیسا هەر دوژمنانی دەرەوە لەو رێگایەشەوە دەبوونە کۆسپ لەسەر رێگای یەکێتی و مەرکەزییەتی حکومەتێکی کوردستان . ئێمە لێرەدا دوو نوختەی دژی یەکتر دەبینین : مەم پادشای کوردانە و دەیەوێت ئەمارەتانی کورد بکاتە یەك، بەڵام حەسەن و براکانی بە دوژمنانی حوکمیمەرکەزیی‌کورد پیشان دراون . هەرچەندە ئەگەر مرۆڤ باش لێ وردبێتەوە، دەبینێت کە ئەو دژایەتییە قووڵ نیە، شتێکی سەتحییە . حەسەن، لەڕاستیدا، دوژمنی میر نیە، بەڵام بەهۆی سستیی میرەوە، ئەو بۆ بەجێهێنانی داخوازیی گەل گورجتر دێتە پێش . بەڵگەش ئەوەیە کە لە کاتی تەنگانەدا دەبینین حەسەن چۆن وەپێش لەشکر دەکەوێت و پەلاماری دوژمن دەدات . کاتێك دەبیسن کە وا عەجەم دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر بۆتان، حەسەن بە بێ دوودڵی، دەست لە کاری لای مەم هەڵدەگرێت و بە مەم دەڵێت :

" ... برا، فەرزان لـ سنعەتان ستۆ بادانە .

ئیدی ها تو و ها مال، من جارێ گۆتیە ئەم بـ هەڤڕە برانە" .

لێرەدا دەکرێت شتێکی تریش بەدڵدا بێت : دڵی بەیتبێژ کوردستانێکی یـەکگرتووی دەوێت، بـەڵام دەبینێت کە بۆ ئەوە پێویستی بە قارەمانانی وەکو حسەن و چەکۆ و قەرەتاجین هەیە، وەکبڵێین بە هەمان پێوانەی دیالیکتیـ-ـکەکەی هیگل ،" یەکێتی" دەوێت، بەڵام یەکێتییەکی نوێ کە شوێنی کۆنەکە بگرێتەوە .

شتێکی تریش لێرەدا پێچەوانەی یەکتر دەبینین، ئەویش لە هەڵوێست لە شێتانە : ئەوانە لەلایەکەوە زۆر گرنگ و بەرێزن، مەم خۆی لە رێگای باوکییەوە و، ئەوجا عەمەربەگی خالیشی، ئەوەندە ئەهلی کەراماتن، کەچی کاتێك مەم بە ئەڤین دەکەوێت و شێخانی دەهێننە سەر تاکو دەردی دەرمان بکەن، مەم وەدەریان دەنێت و زۆر لەگەڵیان وشك دەبێت، بە خالی خۆی دەڵێت :

" ئەز د دلدە برین بوومە، هون تینن سەر من شێخ و مەلانە .

ئەز چاڤێن خوە دگرم کو ببینم خیالا زینا زێدانە ".

ئەوە هەستێکی زۆر روونی نارەزایی لە شێخ و مەلایان تێدایە،کە سنووری خۆیان نازانن، بە جۆرەها شێوە(نوشتە نووسین و باسی جندۆکان و ئەو شتانە) خۆ لە ئەڤینی کیژ و لاوێکیش هەڵدەقورتێنن .

دکتۆر زازا لێرەدا دێتە سەر باسی هێندێك نەریتی کوردەواری کە لە بەیتەکەدا سەرنجیان راکێشاوە :

چیرۆك دەڵێت کاتێك " ستی" مەرگی " مەم"ی بیست، هەستا و " دارێ شینێ"ی بۆ خەملاند و لە سەر پشتی " بۆزێ رەوان"ی دانا و هەتا بەیانی لە دەوری کۆشك و سەرای گەڕاند . ئەوجا دکتۆر زازا دەڵێت : " ما نە حەیفە کو عادەتێن وسا چەلەنگ ژ ناڤ مە رابن، هەرن ؟ " .

دکتۆر زازا، لە باسی " کۆمەڵناسی"دا، بە چەند دێرێك لە قۆناغی دەسـەڵاتی دایکان (ماتریارکی، ئەو زاراوە فەرەنسییەکان بەکاردەهێنێت و ئەوجا زاراوەیەکی بەکوردیی خۆی بۆ دادەرێژێت) و،گۆڕانی بۆ دەسەڵاتی باوکان ( پاتریارکی) دەدوێت و، دەڵێت کە ژن لە کوردسـتانی پێش بوونە مسوڵماندا مافی پتری هـەبـوون و، ئیسلام فەرهەنگی خراپی عارەبی بۆ هێناوە . هـەرچەندە ئەوە لای گوندی و عەشیرەتان سەری نـەگرتووە، بـەڵام خانمانی شاری جزیرە بە سەرپۆش و " هێزار ؟" بوون . لە " مەمێ ئالان"دا دەبینین، کچ و ژنی جزیرە کاتێك مەم لە سەر کانیی قەستەلێ دەبینن، سەرپۆش فڕێ دەدەن و قژیان وەدەردەخەن، بەیتبێژ دەڵێت : " بوو کورمانجییا گەور" و بسکی کیژان کەوتە سەر روویان . خۆشبەختانە، لە سایەی گوند و عـەشیران، کورد هێشتا رەوشتی رێزگرتنی لە ژن هەر ماوە . کورد دەڵێت :" شێر شێرە، چ ژنە، چ مێرە". لە" مەمێ ئالان"دا دەبینین سوێندی شەرەف بۆ بەجێـ-ـهێنانی بەڵێن، لەجیاتی " ئەمە قەولی پیاوانە"، بە " ئەمە قەولی ژنانە" جێکراوەتەوە . لە سەر زمانی دوو پەریی

26

خوشك كە بـەڵێنێك بە خوشكی سێیەمیان دەدەن : " قەرارا تەڤ بـە گۆتنا ژنانە" و گۆتنی قەراریان بەجێدەهێنن چونكە " قەولی ژنان" دەبێت بەجێبێت .

دوا تێبینیی دكتۆر زازا لەو پێشەكییەیدا لەسەر بەیتی " مەمێ ئالان" بریتیە لە باسێكی دەوری " تەك‌مەرڤ" ( تاك) و" كۆمەل" (كۆمەڵگە) . لە بەیتدا ، تاكی قارەمان و خاوەنی موعجیزە دەور دەبینێت، نەك چینی جووتیار-ان و كرێكاران، كە هـەموو هەر لە ژێر ناوی " فەقیران" و" ئـەبەبۆزان"دا كۆدەكرێنەوە و، بە باش ناویان نایەت . كاتێك هەموو ئەبەبۆزەكانی جزیرە روو دەكەنە كانیی قەستەلێ تاكو مەم و زین بكوژن، تەنیا دوو پیاو دەیانتر-سێنن و دەیانگێڕنەوە : چـەكۆ و قـەرەتاجین . دیارە كۆمەڵگە ئەوسا بێهۆش، بێ ئامانج و، بێ تـاقەت بووە . چیرۆكبێژ لە هێندێك شوێنان لەسەر زمانی ئـەبەبۆزێك دەڵێت :" د رۆژا تەنگـدە نامووس بـە دەر تێ ژ فەقیران پرتری بەگان و ئاغانە" . مەم دەزانێت كە خۆی بەتەنیا هیچی بۆ نـاكرێت و، چارەنووسی بە هاوكاریی كەسانی ترەوە بەندە : حەسەن، قەرەتاجین و، چەكۆ . دكتۆر زازا بەمجۆرە كۆتایی بە پێشكەییەكەی دەهێنێت كە دەڵێت : ئێمەش ئێستا دەبێت بیرمان لە موعجیزەی تاكان پتر بڕوات، بزووتنەوەی كۆمەڵ، كە تێدا كەسانی وەك حەسەن بێ دەور نابن، بەڵام ئەوانە هێز دەدەنە " خۆجەیێ خدر" و پەرییەكانیان .

* * *

دكتۆر زازا، وەكو هـەر كەسێكی تر، بە حوكمی ئـەوە كە مرۆڤـە، زۆر عونسوری جیاواز، زۆر رەنگ و سـەنگی جیاواز لە شـەخسیەتیدا هەن . كورتەیەكی یەك پێشەكیی بۆ كتێبێكی كە من لێرەدا دەیخـەمە بەر چاو، مەگەر هەر چەمكێكی بچووك بێت لە تێكڕای دنیای ئەو مرۆڤە، نە پتر . بـەڵام ئـەو چەمكە بچووكەش ناگرنگ نیە و، بەو بچووكییەی زۆر لەبارەی خاوەنییەوە دەڵێت، دیارە لێرەدا تیتۆلێكیش لە كراسێكی ئـاوریشـم شتێك لەبارەی بەرگی خاوەنییەوە دەڵێت : نووسەری ئەو پێشەكییە مرۆڤێكی شـارستانییە ( بە پێچەوانەی سەجادی و هەژار و هێمن - بەڤوونە - كە دێهاتی بوون)، زۆر ئـاگاداری دنیای رۆشنبیریی رۆژئاوا ، شارەزای ئەدەبیاتی ئەوروپایی و فەلسەفە، بە توانای لێكۆڵینەوەی زانستی و، ئەوجا هـەموو ئەوەی كە دەیتوانێت و دەیزانێت، دەیەوێت خزمەتی پێشكەوتنی نەتەوەكەی پێبكات .

ئەو پێشەكییە پێشماندەڵێت كە ئێمە ئێستا لە رووی خوێندەوارییەوە قەومێكی پێشكەوتوو نین، ئاخر" مەمێ ئالان" لە كەیەوە هەیە ؟ " مەم و زین" لە كەیەوە هەیە ؟ چ كـوردێك چ لێكۆڵینەوەیەكی لەبارەیانەوە كردووە ؟ هێشتا كەمێكیش لەو ئاگادارییەمان نیە كە دكتۆر زازا پێش ئەوەندە ساڵ لە " مەمێ ئالان" و " مەم و زین"ی

هەبووە . خوێندگەکانمان لە ئاستی پێویستدا نین، ئێمە سەرقاڵی شتی ترین . هەر تەنیا بەراوردێکی ئەم " مەمێ ئالان" و " مەم و زین"ی خانی و" مەم و زین"ـەکەی کە" ئۆسکار مان" تۆماری کردووە، کەرەستەی پتر لە کار- نامەیەکی تێدا دەبێت . هەر ئەوەندەی کە کراوە: " مەم و زین"ی موکریانیی هەژار و،کارەکەی هێمن (ی ئۆسکار مان) لەو رووەوە، دوو کاری ئێجگار زۆر کەمن . ئەگەر من دەسەڵاتم هەبوایە، کارێکم دەکرد هەموو کیژ و لاوانی قۆناغێکی خوێندگەکانی کوردستان بۆ تاقیکردنەوە ئاگاداری هەرتك : مەمێ ئالان و مەم و زین بوونایە .

دکتۆر نوورەدین زازا، کەسێکە، بە بیری من، شایانی ئەوەیە زانکۆیەکی کوردستان بە ناوی ئەو بێت : " زانکۆی نوورەدین زازا" و، مەرکەزی زانستی و شوێنی گشتیی تریش لە کوردستان بە ناوی بکرێن .

دکتۆر نوورەدین زازای ئەڤینداری کورد و کوردستان و زانست و پێشکەوتن، رەوانت شاد .

* * *

بەیتی مەمێ ئالان لەم چاپەدا ١٤٩ لاپەڕەی گرتووەتەوە، بەیت بەمجۆرە دەست پێدەکات :

باژارێ مغربێ باژارەکە مەزن و پر گرانە .

لـ سەر هەفت چیانە .

لـ سەر سێسەدوشێست و شەش دەرییانە .

هەر دەریکی لـ سەر سێسەدو شێست و شەش ویلایەتانە .

هەر ویلایەتەك لـ سەر سێسەدوشێست و شەش مدیرییەتانە .

تمام د دەستێ علی بەگێ، عەمەربەگێ، ئەلماز بەگێدەیە، سێ برانە .

* * *

ئەم چاپەی ئەم کتێبە کۆپیکردنەوەی زۆرهەژارانەی چاپێکی تری زۆر جوانی پێشترە،کە هەژار لە بەغدا هەیبوو .

کتێبەکە ١٠ رەسمی تێدا هەن کە بەرهەمی کەسێکن بە ناوی" زیاد": مەم و زین پێکەوە (لەسەر بەرگەکەشییەتی)، زین، مەم، ئەسپی" بۆزێ رەوان" لە دەریادا، مەم بەسەر ئەسپێکەوە، حەسەن، چەکۆ، قەرەتاجین، بەکۆیێ ئاوان،

میر ئەزین . هەژار، هەموو ئەو رەسمانە جگە لە یەکێکیان ( ئەسپی" بۆزێ رەوان" لە دەریادا)ی، خستوونەتە " مەم و زینی خانی هەژار کردوویە بە موکریانی"یەکەی خۆی، بە بێ ئەوە کە بڵێت لە کوێی وەرگرتوون ( رەسمی " حەسەن"ی تێدا بۆ"عارف" داناوە) . دکتۆر زازا لای منگوتی:" سەیری مەم و زینەکەی هەژارم کرد ، رەسمەکانی کتێبەکەی خۆمم تێدا دیتن، بەڵام زۆرم پێ سەیر بوو کە هەژار هیچ ئاماژەیەکی بە سەرچاوەکەیان نەکردبوو " .

هەژار، جگە لەو رەسمانە، رەسمێکی " ئەحمەدی خانی"ی لە " مێژووی ئەدەبی کوردی"ی سەجادی ( کاری بەدیع باباجان) و دوو رەسمی تریشی لەو کتێبەیدا هەن کە " بەدیع باباجان" بەتایبەتی بۆ ئەو کتێبەی کێشاون : بەرگی کتێبەکە و رەسمێکیش بۆ " دڵداری دەکوشت بە چاوی مەستی ـ ئەو ناوی نرابو خاتوون ئەستی" . هەژار، هەرچەندە لە دوا دێرەکانی پێشەکیی ئەو کتێبەیدا هێندێك سوپاسی نووسیون، بۆ خودا و خانەدانی حاجۆ ئاغا و بارزانی و شۆڕشی گەلاوێژ ( مەبەست لە رژیمی قاسم)، بەڵام هیچ بە لای باسێکی هیچ رەسمێکی کتێبەکەیدا نەچووە .

ئـەسڵەكەی مەم و زینی خانی و " هەژار كردویه به موكـریانی" یەكەی له پـەنا یەك لەبەردەمم دادەنێم، سـەیری ئەسڵەكە دەكەم، دەبینم یەكەم حەوت دێڕی دەست پێكردنی دیباچەی سەرەتا بەمجۆرەن :

١) سەرنامەیێ نامە نامێ ئەڵڵاهـ بێ نامێ وی (یا: تە) ناتەمامە وەڵڵا

٢) ئەی مەتڵەعـێ حوسنێ عەشقبازی مەحبوویێ حەقیقی و مەجازی

٣) نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عەشق ئسمێ تەیە نەقشێ خامەیا عەشق

٤) بێ نەقشێ تە نەقشێ خامە خامە بێ نامێ تە نامە ناتەمامە

٥) نامێ تەیە شاهبەیتێ مەقسوود فێهرستێ موكاتەباتێ مەحموود

٦) مەزموونێ موراسەلاتێ لارەیب مەشهوودێ موكاشەفاتێ بلغەیب

٧) مەحبوویێ قولوویێ مەن لەهولقەلب قەلبان تو دكی بـ بال خوقە جەلب

بەڵام مەگەر كەس هەیە بوێرێت بیر له وەرگێڕانی ئەوە بۆ شێوەزاری موكریانی بكاتەوە ؟ مەزموونێ موراسەلا-تێ لارەیب ؟ فێهرستێ موكاتەباتێ مەحموود ؟ بەڕاست كێ دەوێرێت بەلای وەرگێڕانی ئەمەدا بچێت ؟ بـەڵام وا كتێبەكەی ترم لەبەردەستە كه دەڵێت هەژار كردوویە بە موكریانی، ئیتر بە ئێجگار زۆر تاسەوە دەیكەمەوە،دەبینم ئەو یەكەم حەوت دێڕە تێدا بەمجۆرەن :

١) سەرنامە بە ناوی تۆ خودایە چی بێ ئەمە پیت و پێزی نایە

٢) سەردێڕی پەڕی ئەوین پەرستان جێ ناز و نیازی خۆشەویستان

٣) رووناكیی دڵ و بینایی چاوان گەر تۆ نەبی كێ ئەوینی دا وان ؟

٤) بێ ناوی تۆ نامە هیچ و پووچە نەتنووسێ بنووس كەچ و كورووچە

٥) ناوت بووە شەوچرا لەبەرمان بۆ دەردی دەروون دەبێتە دەرمان

٦) نەدیاری بە ناوی تۆ دیارن ئەو هۆیە كە مێشك و دڵ لە كارن

٧) گیانبەخشی و ژیندەری گیانی ئاواتی دڵ و لەبەردڵانی

ئـەوانە، چ ئەوەی خانی و چ ئەوەی هەژار، یەك لە یەك جوانترن، بەڵام كە بێینە سەر باسی " وەرگێران"، هەژار، لەو حەوت دێڕەدا، چەندە لە قسەكانی خانیی وەرگێڕاوەتە سەر شـێوازی موكریانی ؟ هەژار كارێكی زۆر چاكی كردووە و، موحیتی قسەكانی خانیی زۆر جوان پاراستووە، زۆر چاك دەكرا ئەسڵ وا بوایە ... بـەڵام هەمووی وا

نەبووە . کوا وەرگێڕانی موکریانیی فێهرێستێ موکاتەباتێ مەحموود ، مەزموونێ موراسەلاتێ لارەیب، مەحبووبێ قولووبێ مەن لەهولقەلب، مەحبووبێ حەقیقی و مەجازی ؟ ئەوانە بە موکریانی دەبن بە چی ؟ نە " خامە" واتا " هیچ و پووچە" و نە " ناتەمامە" واتا " بنووس کەچ و کورووچە" . هەژار ئەگەر هەر لە سەدا یەکی وشەکانی خانیشی وەربگێڕایە، نە پتر، دیسان، ئەم کارەی هەر خزمەتێکی گەورە بە کتێبخانەی کورد دەمایەوە، ئەو هەمووە شیعرە جوانەی بەو شێوازە دەوڵەمەندەی موکریانی دەخستە کتێبخانەی کوردەوە، بەڵام ئاخر مەگەر ئەوە لە رووی سەنعەتی کارەوە هەر وشەی" وەرگێڕان"ی بۆ بەکاردێت و، دێڕ بە دێڕی شیعرێکی شکسپیر یا لۆرد بایرۆن کە ژمارە لەسەر دێڕەکانی دادەنرێت و وەرگێڕانیهۆڵەندیی هەر دێڕەی لەبەرانبەر دادەنرێت،ئەویش‌هەر پێیدەگوترێت " وەرگێڕان" ؟

بۆ وردی، ئەمەش بڵێین کە هەژار لە سەر بەرگی کتێبەکەی نووسیویە : " کردویە بە موکریانی"، نالێت وەریگێڕاوە، بەڵام لە سێیەم دێڕی پێشەکییەکەیدا دەڵێت : " کوردیم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی". هەرچەندە خوا هەڵناگرێت " مەزموونێ موراسەلاتێ لارەیب، مەشهوودێ موکاتەباتێ بلغەیب، مەحبووبێ قولووبێ مەن لەهو-لقەلب ..." عارەبیی بە شێوەی کوردی گوتنن، ئەینا هیچ کوردیزانینێکی پێ ناوێت . مەم و زینی خانی، زۆرتر هەر زانینی عارەبی و فارسیی پێویستە، نەك کوردی . تەنانەت دەکرا، بۆ کورداندنی زمانی شیعرەکە، سەرەتا بکرایە بە کوردیی کرمانجیی باکوور، چونکە خۆ ئەوە نیسبەتێکی زۆر کەمی وشەی کوردیی تێدا هەیە . لەو حەوت دێڕەدا، من هەر تەنیا " دکی بـ بال خوڤە"ی تێدا دەبینم کە لە دەرەوەی عارەبی و فارسییە .

راستییەکەی، شتێکیکە من هەمیشە زۆرم پێ سەیر بووە ئەوە بووە کە هەژارکرمانجیی باکوور باش فێر نەبوو ، لە کاتێکدا کە بۆ فێربوونی زمان ئێجگار زۆر زیرەك بوو . هەژار شێوازی " خانەقین"ی لەوەی کرمانجیی باکوور باشتر دەزانی، لەکاتێکدا کە لە خانەقین نەژیاوە . من ئەوەم بەڕاستی پێ سەیر بووە و، ئێستاش لەوە نەگەیشتم بۆچی هەژار شێوازی باکوور باش فێر نەبوو . نازانم ئەگەر هەژار، لەجیاتی ئەم زۆرتر عارەبی و فارسییەی خانی، بیویستایە نووسینێکی دکتۆر زازا وەربگێڕێتە سەر شێوازی موکریانی، چەندەی بۆ دەکرا .

دیسان بگەڕێینەوە سەر بەراورد ، لەم حەوت دێڕەی تر بنۆڕین :

٢١٦) ئەز مامە د حکمەتێ خودێدا کورمانج د دەولەتێ دنێدا

٢١٧) ئایا بـ چ وەجهێ مانە مەحرووم بلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم

٢١٨) وان گرت بـ شیرێ شەهرێ شوهرەت تەسخیر کردن بلادێ هیممەت

٢١٩) هەر میرەكی وان بـ بەزلێ حاتەم هەر مێرەكی وان بـ بەزلێ رۆستەم

٢٢٠) بفكر ژ عەرەب حەتتا ڤە گورجان كورمانج چ بوویە شوبهێ بورجان

٢٢١) ئەڤ رۆم و عەجەم بـ وان حەسارن كورمانج هەمی لـ چار كەنارن

٢٢٢) هەر دوو تەرەفان قەبیلێ كورمانج بۆ تیرێ قەزا كرینە ئامانج

( هەژار هێندێك وشەی ئەمەی له كتێبی مانالێدانەوەی وشەكاندا جیاواز نووسیوە، من ئەم نووسینەوەیەی خۆم لێرەدا پێ وردترە) .

وەرگێڕانەكەی هەژاری ئەم حەوت دێڕانە، بە شەش دێڕ ( دێڕەكانی ٢١٣- ٢١٨) :

سا خوایە لە تۆ سەیر دەمێنم لەو گێژە چلۆن سەرم دەرێنم

كورد چۆن دەبێ دیل و چارەڕەش بن كەی راستە لە خۆشی دوورەبەش بن

بۆ بەخشش و دڵ بە ناو و دەنگن شێرن لە هەرا پڵنگی جەنگن

دەستڕژدی ئەمانە حاتەمێكە هەر كوردێ لەوانە رۆستەمێكە

بۆ رۆم و عەجەم وەكو دیوارن ئەم هۆیە كە وا كز و هەژارن

گۆپاڵی دەسی ئەوانە ئێمەین بۆ تیری بەڵا نیشانە ئێمەین .

هەژار لێرەدا بازی بەسەر دێڕێكیدا داوە :

بفكر ژ عەرەب حەتتا ڤە گورجان كورمانج چ بوویە شوبهی بورجان

كە ئەوە بە هەستی‌من وەكو بڕینەوەی ئێسكێكی پەراسووی شیعرەكەیە،ئاخر چۆن نەزانم كە ئەسڵ ناوی"عەرەب"-یشی تێدا هاتووە و ئەوە چۆن باسكراوە ؟ ئەمەش خەتای ناچاریی ئازادیی وەرگێڕانی شیعر نیە، هەژار لە وەرگێڕانی" شەرەفنامە"شدا زۆری پەڕاندووە ( رەنگە لە سەدا دە) و زۆر قسەی گۆڕیوە . منیش دەوری لە سەدا نەوەدی كتێبێكم وەرگێڕاوە ( بەڵام بە بێ گۆڕینی هیچ قسەیەك) و، - ناچار - ناوم ناوە " هەڵبژاردەیەك" لەو كتێبە، بەڵام هەژار " شەرەفنامە"كەی هەر بە وەرگێڕانی تەواو پێشكەش كردووە و، لە پێشەكییەكەیدا دەڵێت كە " تۆزە بژارێك"ی پێویستی كردووە .

من زۆر جار ئەم پرسیارەم لە خۆم كردووە، كە وا ئێستاش لە خزمەت مەم و زینی خانی‌دا، دیسان بە بیرمدا دێتەوە : ئایا هەژار بەڕاستی وەرگێڕ بوو، یا شتێكی تری زۆر بەتوانا و خۆشتر بوو كە هێشتا لە زاراوەیەكدا جێ‌نەكراوەتەوە، جارێ ناوی بۆ نەدۆزراوەتەوە ؟

پرۆفیسۆر قانات (١٩٠٩-١٩٨٥) کوردێکی نەتەوەیی یەزیدیی گوندێکی باکووری کوردستان بوو . بە داگیر-کرانی گوندەکەی لەلایەن رووسانەوە و هێرشی تورکان و کۆچکردنی خەڵکەکەی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا، قانات کەوتە ئەرمەنستان و، لەوێوە بۆ خوێندن چووە لێنینگراد و، لەدواییدا بوو بە پرۆفیسۆرێکی زمان لە لێنینگراد (پیتەرسبورگ) .

من هەر یەك کتێبیم لەبەردەستدایە کە کۆمەڵەی" کۆمکار"ی کوردی باکوور ساڵی١٩٨١ لە شاری" کولن"ی ئەڵمان چاپی‌کردووە . کتێبەکە بە پیتی لاتینە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی قانات خۆی، کە بەتەواوی وەکو ئەوەی بەدرخانییەکان نیە . لەسەر بەرگەکەی نووسراوە : " قاناتێ کوردۆ زمانێ کوردی ڕێزمان کۆمکار " .

بە لاتینەکەی بەمجۆرە نووسراوە : QANATÊ KURDO ZIMANÊ KURDÎ RÊZIMAN KOMKAR

لاپەڕە١ و٢ " پێشگۆتن"ێکی " کەمال بورکای"ی خەباتکاری کوردی سۆسیالیستی باکوورە،کە تێدا دەڵێت دووسەدهەزارکورد لە سۆڤێتستان هەن (؟) و، زۆر بە ئازادی و بەختیاری و پێشکەوتنی ئەوانە لە بەهەشتی دادپەروەریی سۆسیالیزمی سۆڤیەتدا هەڵدەڵێت و، شوێنی " قاناتێ کوردۆ"ش بە بەرهەمێکی ئەوە دەبینێت . من پێشەکییەکی تری هەمان ئەو " کەمال بورکای"ـەم دیت، بۆ دیوانی چوارەمی جگەرخوین ( رۆناك)ی چاپی ١٩٨٠ی ستۆکهۆڵمی نووسیبوو، کە پێم باش نەبوو، ئەم پێشەکییەی ئێرەیشیم پێ شتێکی ئەوتۆ نیە ( نامەوێت لە باسی قانات دەرچم، لەبەرئەوە پتر لەسەر باسی کەمال بورکای ناڕۆم ) .

لاپەڕە ٣و٤، پێشەکیی" کۆمکار"ە، کە تێدا باسی گوندەکەی زێدی قانات دەکات، دەڵێت: گوندی" سووسز" ی سەر بە " قارس، کە هەموو خەڵکەکەی یەزیدی بوون، ساڵی ١٩١٨ چۆڵیان‌کردووە و چوونەتە ئەرمەنستان، قانات یەکێك بووە لەوانە . ئەوجا دەڵێت قانات یەکێك بووە لە هەشت خوێندکار کە پارتی کۆمونیست ساڵی ١٩٢٨ لە ئەرمەنستانەوە بۆ خوێندن ناردوونیە لێنینگراد . ساڵی ١٩٥٩ " ئۆربێللی"ی رووس بەشی کوردیی لە ئەنستیتوی رۆژهەڵاتناسی لە لێنینگراد کردووەتەوە و بووەتە سەرۆکی، کاتێك ئۆربێللی دوو ساڵ دوای ئەوە کۆچی دوایی کردووە، قانات جێگای گرتووەتەوە و، لەوساوە زۆر خزمەتی بە کورد کردووە .

لە باسی ڕێنووسی ئەم کتێبەدا دەڵێت کە بە چەند شتێك لەوەی جەلادەت بەدرخان جیاوازە : پاشگری کردار ( بە کردار دەڵێت : " لێکەر")ی بوون لای قانات بە جیا نانووسرێت :

ـ قانات بەمجۆرە دەنووسێت : گرانە grane ( بەسەریەکەوە)، لەکاتێکدا کە جەلادەت بەمجۆرەی دەنووسێت :

گران ـە gran e ( گران بە جیا و ـە بەجیا) .

ـ قانات واوی پێوەندی بەمجۆرە دەنووسێت : u ( و) وەك : کورد و بێگانە .

جەلادەت بەمجۆرەی دەنووسێت : û ( وو) وەك : کورد وو بێگانە .

ـ جەلادەت یـەك جۆر پیتی : ç,k,p,r,t ی هـەن؛ قانات دوو جۆری لە هەرکام لەوانە هـەیـە کە بە ئیشارەتێك جیایان دەکاتەوە : وەکو ر، ڕ بەلام ئەو - بەگوێرەی نووسەری ئەم پێشەکییە - لە ژێر تەئسیری پیتی سیریلیکی رووساندا، ئەو چوار پیتەی تریشی بە دوو جۆر داهێناون ( کە من ئەو قسەیەم پێ سەیرە یا ڕەنگە تێی نەگەم) .

لێرە پێشـەکییەکەی " کۆمکار" کۆتایی دێت و، پێشەکیی قانات بەدوویدا دێت، بـەلام من بۆ تێگەیشتنی مەبەستی پێشەکییەکەی کۆمکار لەو دوو جۆر پیتانە، کتێبەکە هەلدەدەمەوە دەبینم بەڤوونە :

" چ"ی وشەی " چل" لە " چ"ی وشەی " پرچ"ی جیادەکاتەوە.

" پ"ی " پیر" لە "پ"ی " چەپ" جیادەکاتەوە .

" ك"ی " کانی" لە " ك"ی " کار" جیادەکاتەوە .

" ت"ی " پشت" لە " ت"ی تۆز جیادەکاتەوە .

بەو جۆرە " ئالیف بایێ کـوردی" دەکاتە ٣٨ پیت ( ئەو دەلێت " حەرف") و، لە ڕوونکردنەوەی شێوەی گوتنیاندا وشەی " سەوت" ( دەنگ، لە " صوت"ی عارەبی) بەکاردەهێنێت .

ئەوجا" پێشگۆتن"ی قاناتێ کوردۆ خۆی دێت، کە خولاسەکەی دەبێتە ئەمە : دوای باسێکی گرنگیی زمان بۆ هەر میللەتێك و، ڕێگە نـەدانی خوێندن و خوێندەواریی کوردی لە ئێران و تورکیا، دەلێت کە لە سایەی شۆڕشی ئۆکتۆبرەوە ئەوە لە سۆڤیەت ئازادە و کوردی لە خوێندگەکانی ئەرمەنستان دەخوێندرێت، ئەوەش دیارە پێویستی بە کتێب هەیە . سـالی ١٩٤٦ لە" لێنینگراد"ەوە چوومەوە لای خزمان لە ئەرمەنستان، لە " ئێریڤان" تووشی " ئـەمینێ ئـەڤدال" (ی ڕەحمەتی)ی هـەڤالّ و هـاوکارم هاتم و، ئەو داوای لێ کردم کە کتێبی ڕێزمانی کوردی بۆ خوێندکارانیکورد دابنێم . هەرچەند من گوتم ئەوە زەحمەتە و، سەرچاوە نین و ئەو قسانە، ئەو گوتی ئەو کارە هەر بە تۆ دەکرێت، بیکە . ئیدی دلی گەرم کردم و، کە گەڕامەوە لێنینگراد کەوتمە سەر ئەو کارە و، لە نەتیجەدا سێ سالّ دوای ئەوە کتێبی ڕێزمانی کوردیمان بۆ خوێندکارانی پۆلی ٧-٨ ئامادەکرد، بە بـەرپرسیاریی " ئـەمینێ ئەڤدال" و دەرهێنانی" حاجییێ جندی" چاپ کرا. دوای کتێبی ڕێزمان بۆ پۆلی ٣-٤، سالی ١٩٧٠ هەموو کاری ڕێزمانەکەم کۆکردەوە، زۆر دەستکاری کرد و، بە ناوی " ڕێزمانا زمانێ کوردی" بۆ چاپ نارد، بـەلام ئەڤدال

گوتی که نـەخۆش بوو و، نـەیدەتوانی بەسەر چاپی رابگات . دامە دەست " ئۆ . جەلیل"ی کـۆکەرەوە و چاپکاری فۆلکلۆری کوردانی ئـەرمەنستان . زۆر بەداخەوە، کتێب تەواو پەت پەتیی پێکرا و، زۆر خراپ به دەستکاری و شێواندن چاپ کرا .

لەسەر داوای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ، هاوینەکەم لە شوێنی پشوو بەسەربردنم له " گۆرکۆڤسـ-ـکییێ"ی نیزیکی لێنینگراد بۆ نووسینەوەی بە پیتی لاتینی ئەم کتێبی رێزمانەم تەرخان کرد و، شتە شێواوەکا-نیشم لێ رێکخستەوە . ئەم کتێبەم ئێستا بەم شێوەیەی پێشکەش بە " کۆمکار" دەکەم، هیوادارم چاپ ببێت و، کەڵك بگەیەنێت .

## رێزمان

کتێب بەو دەرسانە دەست پێدەکات کە بۆ سەرەتای خوێندنی ئاکادیمیی زانستی زمان پێویستن :

فۆنیتیك: ئەندامانی ئاخافتنێ، سەوتێن دەنگانی( ڤاوەل) و سنفەکانی، نیودەنگانی، بێدەنگانی(کۆنسۆنانت) . زاراوەکانی بۆ باسی دەنگەکان بەکاریاندەهێنێت : سەوتێن زەلقۆکی ( ب، پ، ل، ت، ...)؛ قەلشتۆکی (س،ش، ف، ڤ، ...)؛ نەرمی و نەرمانی ( ر، ڕ، م، ن،...)؛ لێڤێن (ب، پ، م، و)؛ ددانان (س، ز)؛ پاشددانان ( ژ، ش)؛ لێڤ و ددانان (ف، ڤ)؛ پێشزمان (د، ت)؛ سەر نیڤەکا زمان ( ك، گ)؛ پێشزمان یێن بـ چنگین (ج، چ)؛ پێش زمان یێن تیتال و نەرم (ڕ، ن، ل)؛ خدکێ (گ، خ، ق)؛ هووکرنێ یێن ناڤ گەورییێ (هـ، ح) .

کە من ئەو باسە لە" سـەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانیکوردی"ی " محەمەد ئەمین هەورامانی"یشدا دەبینم،کە ئەو، لە یەکەم نۆڕین،لەمەی قاناتێ کوردۆ زۆر روونتر دێتە بەرچاو، بەتایبەتی بۆ خوێندگە کە خوێندکار تێدا بە دیتنی رەسمەکانی وەزعی دەم و ددان و زمان لە گوتنی ئەو پیتانەدا ئاشنا دەبێت،کە لەم کتێبەی قاناتێ کوردۆدا نیە . ئەمەش، وەکو کتێبەکەی کاك هـەورامانی، جگە لەوەندەی ئاگادارکردنەوەی خوێندکار لە پیتی دەنگدار و بێدەنگ، ئەوی‌تری بۆ خوێندکاری پۆلەکانی‌خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی نابێت . نازانم قانات هەموو ئەمەی بەم شێوەیە بۆ خوێندگەکان نووسیوە، یا دوایی ئەمەی بۆ خەڵکی تر وێخستووە . چونکە ئەمە، ئەوەندەی من بزانم، بەوجۆرە- زۆر لە جێی‌خۆیدا- لە خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندیی هیچ وڵاتێکدا نیە . ئەمە بۆ قۆناغێکی سەرووترە .

قانات، حەرفەکانی ئالیف بای لاتینی لێرەدا بە ٣٨ پیت پێشکەش دەکات، بە بێ ئەوە کە هیچ زانیارییەکمان لەبارەی پیتەکانی ئەسڵی کتێبەکە بداتێت . چونکە ئەم بە پیتی لاتینی نووسراوەی ئێرەی بەتایبەتی بۆ ئەو چاپەی کۆمکار ئامادەکردووە، ئەسڵەکەی بە نووسینی سیریلیکی( وەکو هی نووسینی رووسی) بۆ خوێندکارانی کوردی

سـۆڤیەت سازکردووە . جێی خۆی دەبوو ئەگەر لە پێشەکیی ئێرەدا پێی بگوتینایە نووسینی ئەسڵەکەی بە چەند پیتی سیریلیك بووە و، خۆ ئـەگەر پیتەکانیشی بنووسینایە، ئەوا دەمانتوانی پتر کاری لەسەر بکەین . ئەوانەی لەم نووسینەوەی لاتینەدا تێدان، بەم شێوەیەن :

A , B , C , Ç , Ḉ , D , E ,Ê , E′, G , G′, H , H′, F, J

I , İ ، K , K′, Q , L , M , N , O , P , P′, R , Ṛ , S , Ş

T , T′ , U , Û , V , W , Y , Z

{C = ج ؛ Ç = چ ( ی چل) ؛ Ḉ = چ (ی پرچ) ؛ E′ = عە ؛

G′ = غ ؛ H′ = ح ؛ K = ک (ی کانی) ؛ K′ = ک (ی کار) ؛

P = پ (ی چەپ) ؛ P′ = پ (ی پار) ؛ Ṛ = ڕ ؛ T = ت ( ی پشت) ؛

T′ = ت ( ی تۆز) } .

شێوەی بەکارهێنانی"ı"ی تێدا وەکوئەوەی نووسـینی تورکیایە، نەك ئەوەی بەدرخانییەکان . بەفوونە دەنووسێت: کوردن : kurdın، کوردین : kurdin ( لەجیاتی : کوردن :kurdin ، کوردین : kurdîn) . نـاڵێت بۆچی ı و i ی لەجیاتی i و î هەڵبژاردووە . بـەڵام ئەی کوا X = خ ؟ تێدا نیە .

لێرەدا ئەوەم بەبیردا دێت کە" هەژار"یش لە " هەنبانە بۆرینە"کەیدا "ا"ی چوارەم پیتی ناوی خۆی نەخستووەتە لیستی ئەلف بێیەکەیەوە، لەجیاتی ئەوە هەر" ئـ"ی نووسیوە و ناویشی ناوە" هەمزە"، کە ئەوە دەگەڕێتەوە دنیای خوێندەواریی هەژار : هەژار زۆر وشەی‌کـوردیی دەزانی، بـەڵام نـەك زانستی زمان، نـەیزانیوە چۆن لە کێشەی نێوانی "ا" و "ئـ" و "ئا" دەرچێت . "زانستی زمان" لە سیستمی خوێندنی هەژار و هێمن و سەجادی و قانیع و جگەرخوین و دێهاتییەکانی تری ئێمەدا نەبووە، ئەوانە هەر وشە و ڕێزمانی فارسی و عارەبی و شەرحی شیعر و کەرەستەی ئـاینییان خوێندووە ( ڕەنگە هێندێکیان هێندێك شتی تریشیان خوێندبێت : کەمێك حیساب، تاریخ، مەنتیق ... ئیدی، بەڵام زۆر کەم، زۆرتر ڕەمزی و بەشێوەی کۆن) .

لێرەدا مەسەلەکە زۆر جیاوازە :

" خ" کێشەیەکی نیە، قانات دەرچووی ئاکادیمیای زمانە و، ئەم هەمووە " X خ"ـەی لە کتێبەکەیدا نووسیوە، بۆچی نەیخستووەتە لیستی ئەلفبێوە ؟ بەڵام دوای ئەوە دەبینم، شیکردنەوەی لەسەر ئەو پیتانە هەیە، کە ئەمجارە- یان بە بچووکیان دەنووسێت، دەڵێت : هەشت پیت " دەنگان"ین، حەوتیان دیار دەکات و بە هەشتەمەکەیان (١) دەڵێت نیودەنگانی . ئەوجا دەڵێت : ئەوانی تر، ٢٩ پیت ( لە کاتێکدا کە دەبوو بڵێت ٣٠) بێدەنگن و ئەمانەن : کەچی هەر ٢٨ پیت دەنووسێت کە یەکەمەکەیان "A"یە!، " X خ" لە ناو ئەم ٢٨ پیتەدا هەیە . پێشمان ناڵێت ئەدی" ' E = عە"یەکە لەکوێدا شوێن دەگرێت ؟ کە بیری لە " عە"ی وشەی " عەرەب" کردووەتەوە، ئەدی چۆنە گوێی بە" عا"ی " عالەم" و،" عو" ی" عوزر" و،"عی"ی" عیسا" و،" عـێ"ی " عـێلی بەگی" نەداوە ؟ ئەوانە بنووسرێن : ئالەم، ئوزر، ئیسا، ئێلی‌بەگی ؟ ئـەگەر بیرەکە وەها بێت، ئەدی " عەرەب"یش بۆچی نـەنووسرێت " ئەرەب" ؟ هیچ روونـکردنەوەیەکی لەو رووەوە نیە . پاشاگەردانی و بێ سەروبەرییەکی تێدایە کە ئەوسەری دیارنیە . ئەمەش دوای ئەوە کە لە شوێنی حەسانەوەی‌هاوینی پێداچووەتەوە و، شێوانەکەی چاپی" ئۆ. جەلیل"ی رێکخستووەتەوە . بـەڵام دیارە ئێمە لێرەدا هـەر ئاگامان لە وەرگێڕاوی پیتەکانی بۆ سەر لاتین هەیە، نـازانین چۆنی بە ئەلفـبێی سیریلیک بۆ خوێندکارانی کوردی سۆڤیەت نووسیوە . بەڵام ئەمە دەکرێت مانای ئەوە بێت کە ئـەگەر خوێندکارەکانی دەرسیان بە پیتی لاتین بخوێندایە، ئەوا قـاناتێ کوردۆ ئەلفبێی بـەمجۆرەی ئێرەی پێ- دەگوتن . خوێندکاری خوێندگەی بنەڕەتی و ناوەندیی کوردی ئالاگۆز، دەبوو لە پاڵ رووسی و ئەرمەنیدا،ئەمەش بخوێنن . بەڵام هەر " دەکرێت مانای ئەوە بێت" ؟ نەخێر، بە بێ دەکرێت، حەقەن وادەبوو، چونکە ئـەمـەتا قاناتێ کوردۆ لە کۆتایی پێشەکییەکەی ئێرەیدا داوای کردووە کە خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا فێری بن، کە من زۆر هیوادارم هیچ خوێندکارێکی کورد بە قسەی نەکات و ئەم ئەلفـبێیە بە جیددی وەرنەگرێت .

تائێستا من سێ جۆرە نووسینی کوردیی بە پیتی لاتینم دیتوون : ئەوەی تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندز، جەلادەت بەدرخان و، وا ئەمەی قاناتێ کوردۆش . من لایەنگری نووسینی کوردی بە پیتی لاتین نیم، بەڵام لە لاتینەکان، من ئەوەی تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندز بە باشترینیان دەبینم و، ئەمەی ئەم کتێبەی قاناتێ‌کوردۆ بە خراپترینەکەیان و تەنانەت هەر بە کارەسات دەبینم، ئەمە کەی نووسینە بۆ خاتری خودا ؟

ئەوجا :

ـ بەکارهێنانی پیتی" گ" (درشت) و هوور (ورد) باس دەکات، بەڤوونە : G g و مەشق بۆ خوێندکاران دادەنێت ( ئەو پێی‌دەڵێت " سپارتن") و لە هەموو یا زۆربەی دەرسەکانی تریشیدا هەر ئەو" سپارتن"ـەی هەیە .

ـ شەهەرێن ناڤێندا دەولەتان : شاری مەرکەزیی دەوڵەتان، لە یەك شوێندا لە دوو کەواندا بە " پایتەخت"ی مانا لێ دەداتەوە .

ـ بڕگە ( سیلابل، ئەو پێی‌دەڵێت : " بانگ")، بەفوونە : " هاتم " دوو بانگە . بە وشە دەڵێت : " خەبەر"، خەبەری یەك بانگی و پڕ بانگی یا گەلەبانگی باس دەکات .

ـ زمان لەسەر داگرتنی بڕگە لە وشەدا یا دانەگرتن، ئەو پێی‌دەڵێت : " تەقل" ( لە" ثقل"ی عارەبی = قورسایی) لەسەر " بانگ" (بڕگە)ی خەبەر (وشە) .

مۆرفۆلۆژی :

ـ پێش‌پرتك و پاش‌پرتك ( پێشگر و پاشگر) .

ـ ریشەی کردار ( ئەو پێی‌دەڵێت : بنیاتا فێل، فێل = " فعل"ی عارەبی) .

ـ وشەی لێکدراو ( ئەو پێی‌دەڵێت : خەبەرێن بەرگرانی) .

ـ بەشەکانی نـاو : ناڤێن هەیینیێ : روحبەر و نە روحبەر، هـەرتك جنسی نێر و مێ، دوو جنسی، فکران، کرن و بوویین، پرتکێن نەبینا ( وەکو ێ، ێك؛ کە دەڵێت نایبینین و نازانین کێیە، بە عارەبی : نکرە) .

ـ حالێ ناڤان ( the cases, die Fälle)، شەش حاڵەت بەم ناوانە باس دەکات :

یەك ـ حالێ راست ( رفع .Nom ) .

دوو ـ حالێ گازی‌کرنێ ( بان کرنێ) : کەچکێ! (= کچێ!)، خۆرتۆ! (= لاوە!) .

سێ ـ حالێ تەوانگی( تەواندی، چڤانە = نوشتانەوە، تەواندەکەش لە عارەبی: طوی، یطوي)، لە وەڵامی پرسیاری: کێ ئەو کارەی کرد ؟ چ دەکەی ؟ هی کێیە ؟ لە کوێ ؟ لەکوێوە ؟ دەڵێین خۆرت یا کەچکێ ئەو کارەی کرد؛ بە هەمان شێوە : دەچمە " مالێ" .

چوار ـ حالێ بـ هەڤڕا ( پێکەوە) : بـ کێڕا ؟ ( لەگەڵ کێ ؟)، ژ کێڕا ؟ (بۆ کێ ؟) .

پێنج ـ حالێ بـ تەڤایی ( بە تێکڕایی، بە وێکڕایی) ئەم بـ مالێڤا ... ( ئێمە بە ماڵەوە یا بە ماڵەوەوە ....)، بەلگ بـ تەختەڤا زەلقییە ( گەڵا بە تەختەکەوە نووساوە) .

شەش ـ حالێ جێ- وار( مەبستی : locative ) : د شەهەردا ( لە شاردا)، کۆڤارێد کوردیدا ( لە گۆڤارە کوردییە- کاندا) . ئەوجا نموونەی ئەو شەش حاڵەتە بۆ نێر و مێ ( کە بەتایبەتی لە کرمانجیی باکووردا زۆر گرنگە) :

مێ : کتێب :

یەکانی ( تاك ) : کتێب، کتێب ( بەڵام : ژنێ )، کتێبێ،کتێبرا ، کتێبێڤا ، کتێبێدا . ( بۆ "ێك"ـەکە: کتێبەك، ــ، کتێبەکێ، کتێبەکێرا ، کتێبەکێڤا ، کتێبەکێدا ) . پرانی،گەلەکانی : کتێب،کتێبنۆ، کتێبان، کتێبانرا، کتێبانڤا ، کتێباندا .

نێر : گوند :

یەکانی : گوند ، گوندۆ، گوند ، گوندرا ، گوندڤا ، گونددا . ( بۆ "ێك"ـەکە : گوندەك ( بەڵام : خۆرتەکی )، ــ، گوندەکی، گوندەکیرا ، گوندەکیڤا ،گوندەکیدا ) . پرانی،گەلەکانی : گوند ، گوندنۆ، گوندان، گوندانرا،گوندانڤا ، گونداندا .

من ئەوەم بۆ خوێندنی ڕێزمان هیچ پێ باش نیە . بەداخەوە کە من جگە لەم کتێبی ڕێزمانەی قاناتێ کوردۆ هیچ کتێبێکی ترم لەبارەی ڕێزمانی کرمانجیی باکوور بەدەستەوە نیە، بەڵام ئەگەر من مامۆستای خوێندگەیەك بم، ئەم دەرسە بەم شێوەیە قەبووڵ ناکەم .

ڕێزمان دەبێت بدۆزرێتەوە نەك دروست بکرێت، ئەوجا کە دۆزرایەوە، نەخشەیەکی بۆ دابنرێت تاکو کەسێك بەگوێرەی ئەو نەخشەیە شارەزای ببێت . بۆ‌جێی نابینم لێرەدا نموونەیەك لە عارەبی و عیبری بهێنمەوە : عارەبی و عیبری دوو زمانی زۆر لێك نیزیکن، بەتایبەتی ڕێزمانی عارەبی و عیبریی تەورات و، وشەی ئەو عیبری و عارەبییەش کە لە ناو بازاڕەکانی ئیسرائیلدا قسەیان پێ دەکرێت . لەو بەینەدا هەر عارەبیی ستاندار و عیبریی ڕەسمیی ئاکادیمیای زمانی ئیسرائیل ئەو نیزیکییەیان کەمترە . هەرچەندە جوو زۆر دوای عارەب کەوتوونەتە سەر نووسینی کتێبی ڕێزمان و هێندێك ئوسووڵی ڕێزمانیان لە عارەب وەرگرتووە ( میزانی سەرفیی" فعل" بە نموونە)، کەچی دەبینین زۆر شتی لە ڕوانگەی ترەوە لێ دەنۆڕن و نۆڕینەکەیان بۆ فێربوونی ڕێزمان زۆر باشتر دەردەچێت، بەنموونە :

کتێبی ڕێزمانی عارەبی، بەو شێوەیە کە من خوێندوومە، زمان بە سێ بەش باس دەکات :" إسم و فعل و حرف" .

کتێبی ڕێزمانی عیبری هەر لە سەرەتاوە، لەوەدا وەکو ڕێزمانی زمانە هیندۆ- ئەورووپاییەکانی دابەش‌دەکات : ناو، سیفەت، کردار ، ... ئیدی . ئەوجا - بەنموونە - وشەی" حارس" لە عارەبیدا چیە ؟ " إسم"ـە ( إسم فاعل)، ئەدی " أنا الآن حارس هذا المکان" ؟ مانای ئەوە بە کوردی دەکرێت بە دوو شێوە بێت : " من ئێستا پاسداری ئەم

شوێنم" و، " من ئێستا پاسداری لەم شوێنە دەکەم" ( کەواتە هەم ناوە و هەم کردارە) و، پێی دەڵێن" إسم فاعل **یعمل عمل الفعل**" . دە کتێبی ڕێزمانی عیبری لە وشەی" حارس"ی عیبریدا : " شۆمیر" ( لە ریشەی سێ پیتیی زمانە سامییەکان " شمر" = حرس) دەڵێت" پۆعیل هۆڤێ"یە، واتا " کرداری ( کاتی) ئێستا"، ئیتر نە إسم و نە چیرۆکی **یعمل عمل الفعل**" و نە هیچ، هەر خۆی کردارە . باشە چۆن کەسێکی کە پیشەی پاسداری هەیە دەبێت بە کردار ؟ ئەوەتا لێرەدا زۆر چاك بووە، سنووری نێوان ناو و کردار ی وشەی پاسدار لێرەدا زۆر وەهمییە و، دانەری کتێبی ڕێزمان ساغی دەکاتەوە چیی ناوبنێت . کەواتە، لێرەدا ڕوانگەی جیاوازی مرۆڤ بۆ دانانی نەخشەی پێزانینی ڕێگاوبانی شاری زمان بڕیاردەدات ئەوە پێی بگوترێت ناو یا پێی بگوترێت کردار . زمانی یونانیی کلاسیك، زۆر حاڵەتی ناوی هەن، بەڵام خوێندکاری هۆڵەندی، وەکو زمانەکەی خۆی و ئەڵمانی، هەر بە کۆکرد- نەوەی هەمووی لە چوار حاڵەتدا فێری دەبێت، من خۆم هۆڵەندی و ئەڵمانی و یونانیی کلاسیکم وا خوێندوون : نۆميناتيف، گێنیتیف، داتیف، ئاکوزاتیف" و پێویستیم بە " ڤۆکاتیف"ـەکەش نەبووە . لە خوێندنی فەرەنسیـ ـشدا- خۆشبەختانە- هەر باسی هیچ کام لەو حاڵەتانەم هەر نەدیت ( دیارە جگە لە " ڕاناو"دا، بەڵام ئێمە لێرەدا باسی " ناو" دەکەین) . ئەو سنفبەندییەی قاناتێ کوردۆ دەبێت زۆر کورت بکرێتەوە . کردنی گازکردنی" کچێ" و " خۆرتۆ" بە حاڵەتی دووەم، من هەر بە شتێکی زیاد و بێ مانا دەبینم . ڕوونکردنەوەی ئەوەش کە ناوی ناوە " حاڵەتی سێیەم"، کە " مالێ" ( ی " دەچمە مالێ") ی ( بەگوێرەی ئەڵمانی " ئاکوزاتیف"، مفعول)ی تێکەڵ بە "کەچکێ" ی ( کەچکێ هات) کردووە ( کە بە هەموو پێوانەیەك مەگەر هەر تەنیا نۆميناتيف، لێرەدا فاعل بێت) بە من قسەیەکی زۆر سەیرە ( ئەوە کە هەرتك بە" ێ" کۆتاییان هاتووە سەری لێ شێواندووە، ئەگەر بیری لە der ی ئەڵمانی بکردایەتەوە تووشی ئەو تیکەڵکردنە نەدەبوو) . حاڵەتی شەشەمەکەش، من بەو شێوەیە بە پێویسست نابینم و دەکرێت لە شوێنێکی تری ڕێزماندا جێبکرێتەوە؛ ئەوە لە تورکیدا ڕەنگە پێویست بێت( تورك کردوویانە بە حاڵەتی پێنجەم لە شەش حاڵەت)، لە سانسکریتدا بەڵێ پێویستە ( کراوە بە حاڵەتی حەوتەم لە هەشت حاڵەت)، لە ڕووسیشدا لە دوا حاڵەتدا ( شەشەم : prepositional) ترنجێندراوە . کردنی ئەوە بە حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی ناو لە زمانی کوردیدا، بەتایبەتی ئەگەر لێرەدا بۆ ئەوەش بێت کە بدرێتە خوێندکاری خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی تا بیخوێنێت ؟ نا، من ئەوەم بۆ خوێندگەی خۆم قەبووڵ نیە .

ـ خەیسەت ( ئەم وشەیەم پێشتر نەبیستووە، بۆ ئاوەڵناو، سیفەت) لە دوو شوێندا : لە ناوەندی " بێژ"( ڕستە)دا

و له پێکهێنانی به پاشگردا . له بێژدا :

مێ : کچا بەدەوە دەلالە (ب) ئاقل، جینارا باشە خێرخوازە قەنج (کچی جوانی نازەنینی عاقل ( بە عەقل)، هاو-سێی باشی خێرخوازی چاك) . دەبێت ئەوە شێوازێك بێت کە من نەمبیستبێت ؟ دەکرێت، چونکە من ئەوەم هەر بەمجۆرە بیستووە : کچا بەدەوا دەلالا ئاقل، جینارا ( یا: جیرانا) باش ئا خێرخوازا قەنج .

نێر : خۆرتێ بەدەوێ دەلالی (ب) ئاقل، جیناری باشی خێرخوازی قەنج .

بۆ " سیفەت"، پاشگری حاڵەتی ناو، لە ناو دەبێتەوە و، وەدووی ئاوەڵناوەکە دەکەوێت :

یەکانی : خۆرتێ : ژیر، ژیر، ژیر، ژیرڕا، ژیرڤا، ژیردا . پرانی : ژیر، ژیر، ژیر، ژیرڕا، ژیرڤا، ژیردا .

کە من ئەوە لێرەدا هیچ پێویست نابینم،خۆ بڵێ پاشگر لە ناوەکە دەکرێتەوە و وەدوو ئاوەڵناوەکە دەخرێت و تەواو، ئەگەر تێبینییەکی پتریش بۆ شوێنێك هەبێت بگوترێت .

ئەوجا نموونە و باس‌کردنی، بەرامبەرکرنا خەیسەتان :

مەزن، مالا مە ژ مالا وە مەزنترە . گوندێ مە مەزنە، لێ گوندێ وان هێ مەزنە ( یا : مەزنترە) .

ئەو خۆرتەکی ئاقلە، لێ مستۆ خۆرتەکی دها ئاقلترە . ئەو قیز لـ گونددا قیزا هەرە بەدەوە .

ئەو کور لاپ کۆرە ( ئەو" لاپ"ـەم نەبیستووە، نایزانم) .

ـ ژمارە ... دیسان گەردانی بە شەش حاڵەتەکە .

ـ جیناڤ ( جێناو، ڕانـاو) . ئەوانە دەکاتە دە بـەش : جیناڤێن ... : ١-کەسـان؛ ٢- نیشان‌کردنێ؛ ٣- سەرخوە؛ ٤- هەڤـدووتیبیێ؛ ٥- پرسان؛ ٦- هەڤبەندییێ؛ ٧- مەرڤ و تشتێن نەبینا(نە بەرچاڤان)؛ ٨- مەرڤ و تشتێن بینا (بەرچاڤان)؛ ٩- چ قاس (چەند) مەرڤ و تشت؛ ١٠- کەڤن .

ئەوانە زنجیرەیان لە ڕوونکردنەوەدا دەگۆڕێت، وادەبێت ناوەکەش دەگۆڕێت ( بەڤوونە" سەرخوە"ی سێیەم دەبێت بە" سەربـ خوە"ی چوارەم) . جیاکردنەوەی سەردێڕی سەرەکی و لقەکانی لە دەرهێناندا باش نیە (بەڤوونە: دەبینم " جیناڤێن پرسان" و" جیناڤێ چی؟ " کە بەشێك لەوە، وەکو یەك لە ناوەندی لاپەڕەدا ختیان بەژێردا کێشراوە) .

جیناڤ لە لاپەڕە ٦٤ دەست پێدەکات، واتا من تا ئەو لاپەڕەیەم بە ئەوەندە لاپەڕەیەی خۆم باس‌کردووە، ئـەگەر ئێستا لە سەر یـەك بە یـەکی ئەم دە جۆر جیناڤەی بوەستم، ئیتر باسەکەم درێژ دەبێتەوە و دەبێت بە کتێبێك، کە

من لێرەدا بەتەمای ئەوە نیم . لەبەرئەوە، هەر لەسەر یەکەمیان دەوەستم و،ئەوانی تر کە هێندێك رەنگە لە ئاستی باشتردا باس‌کرابن و، هێندێکیش وا نەبن، واز لێ دەهێنم .

جیناڤێن کەسان ( دێمان) دەکات بە دوو بەش : راست ( حاڵەتی یەکەم، نۆمناتیف) و حاڵەتی سێیەم ( تەوانگی) .

راست، تاك : ئەز، تو ئەو؛ کۆ : ئەم، هوون، ئەوان ( یا: ئەو) .

تەوانگی، تاك : من، تە، ئەوی ( یا وی، ئەوێ، وێ)؛ کۆ : مە، وە، ئەوان ( یا: ئەوانا) .

چەند رستەیەك بەنموونە دەهێنێتەوە کە ئەوانەیان تێدایە و، دەگاتە سەر" سپارتن" (مەشق) و، ئیتر تەواو، لەوە پتر نالێت . من نازانم کە کەس هەبێت لەوە بگات و، بە خێرا خۆی بۆ منیشی روون بکاتەوە، چونکە من هیچی لێ تێناگەم :

جیاوازیی " ئەز" و " من" چیە ؟ هیچ وەڵامی ئەو پرسیارەم لەم کتێبەی رێزماندا نابینمەوە . من خۆم بیری لێ دەکەمەوە : " ئـەز" بۆ کاتی ئێستا و لەگەڵ کرداری تێنەپەڕی دۆخی رابردوو ؟ ئەز دچم، ئەز چووم ؟ ئەی " ئەز کوشتم"( منی کوشت) چۆن تێبگەم ؟ ( خۆ ئەوە - بە زاراوەی ئەم کتیبە - حاڵەتی" راست" نیە)؛ ئەوجا ،" من" ی " من خوار" ( من خواردم) مەگەر حاڵەتی یەکەم نیە ؟ ئەدی بۆچی " من" ـە ؟ لەکاتێکدا کە تۆ دەڵێیت " ئەز" هی حاڵەتی یەکەم (راست) ـە ؟ تێی‌ناگەم . خەتای منە لە شت ناگەم ؟ ئەدی بۆچی لە رێزمانی سانسکریت و یونانیی کلاسیك و ئەڵمانی و فەرەنسی و عیبری و ... چەندین زمانی تر دەگەم ؟ ئایا ناکرێت ئەوە هیچ لەبارەی جۆری کتێب، جیاوازیی ئەو کتێبانەی تر و ئەم کتێبەی قاناتێ کوردۆ بڵێت ؟ بـەڵێ، مەگەر هەر وابێت .

**ـ لاپەڕە ٧٧ی کتێب دەگاتە " فێل" ( فعل ،کردار) :**

چاو دەگێڕم بەڵکو لە شوێنێك لیستی‌گەردانی‌کرداری تێدا ببینم- بەنموونە- وەك ئەوەی کە پاشکۆیەکی‌فەرهەنگە- کەی تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندزە تێدا ببینم، کەچی نـاییبینم . لیستی گەردانی کـردار لە هـەموو ئەو کتێبانەی رێزماندا کە من دیتوومن، لە زۆربەی قامووسەکانیشدا هەبووە، لێرەدا نیە . بەش - بەشی بەجیا لەگەڵ روونکرد- نەوەدان . بە کرداری " (هە)بـوون " دەست پێ دەکات، ئەوجا " مەسـدەر"، دوای ئەوە هـەژدە کـردار بە نموونەی " فێلێن هێسان" (کرداری هاسان) دەهێنێتەوە کە لە ریشەی رابردووی و " ن، ین" پێك‌دێت :

" کرن" ( کردن)، نڤیسین ( نڤیس)، شاندن ( شاند) ... ئیدی . بە کۆمەڵێك زاراوە، هێندێکیان بە من سـەیرن، لە سەر باس دەڕوات، وادەبێت لە شوێنێکدا لە جیاتی " فێل" دەڵێت " کریار"، وشەیەکی تری نـوێ بۆ رستە

بەکار دەهێنێت ... ئیدی . لەبەرانبەردا شێوەی نەرێنیشیان پیشان دەدات (پێی دەڵێت : فۆرما نائایی) .

من لای خۆمەوە زۆر بە جیددی چەند سەعات هەوڵم دا بەشە جیاوازەکانی کرداری باسەکەی لە یەک لیستدا بهۆنمەوە، تێدا سەرنەکەوتم، چونکە- بە من- ئێجگار زۆر ناڕوون و بێ سەروبەرە،لەسەر ئەو لیستەیەی کە دەیدات ناڕوات، لە شیکردنەوەدا شتێکی تری وەبیردێتەوە کە لە لیستەکەیدانەبووە، ئیتر من بێنەزمییەکی وەکو ئەوەی ئەلفبێیەکەی تێدا دەبینم و سەری لێ دەرناکەم . تێدا وا هەست دەکەم رێگام لە جەنگەڵدا ونکردووە، ئیتر ناچار لێی دەوەستم .

دوای کردار، دێتە سەر ئاوەڵکردار( پێی دەڵێت : فێل نیش) . ئەوجا: بەرناف، راست نڤیساندن، سینتاکسیس .

لە کۆتاییدا، لیستێك وشەی کوردی و مانایان بە تورکی، دوو لاپەڕە و شتێکی گرتووە و، ل ١٨٩-١٩٤ی کۆتاییشی بۆ ناەرۆك ( ئەو پێی دەڵێت : سەرجەم ) تەرخان کردووە .

لە کۆتاییدا: من لێرەدا لە ناوەرۆکی کتێبێك" م نۆڕی، نە پتر . هەرچەندە سەرەتا چەکێك لە ژیانی دانەری کتێبە-کەی تێدا باسکرا، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەبوو کە ئەو باسە لە دوو پێشەکیی کتێبەکەدا هەبوو، ئەینا لێرەشدا ،وەکو لە باسی کتیبەکانی تردا ،هی دکتۆر عیسمەت شەریف و... ئیدی، بەلایدا نەدەچووم . دەکرێت جاری تر نووسینی تایبەتی لەبارەی" قاناتێ کوردۆ" خۆیەوە، وەکو ئەوانی تر( سەجادی و ... ئیدی) بنووسم، بەڵام ئیتر دیارە ئەوە باسێکی ترە .

دکتۆر کەریمی ئەیووبی، هەڤاڵی منداڵیی هاوگەڕەکی هەژار بووە و، گاڵتەوگەپی زۆریان لەنێواندا هەبوو . هەژار هێندێك لەو گاڵتانەی لە" چێشتی مجێور "دا نووسیوە و، منیش هێندێکی دیکەیم لێ لە کتێبەکەمدا لەبارەی هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری باس کردووە، بەڤوونە ئەوە کە کاک کەریم بە نامە بۆی دەنووسێت : " هەژار ماچت دەکەم"، هەژار وەڵامی دەداتەوە دەڵێت :

خۆزگە زەمانێك ماچت دەکردم کە نازت دەکرد لەم سەرزەمینە

ئێستا چی لێ بکەم کلۆشی ریشت ؟ سمێلت دەڵێی یاڵە بارگینە

دەڵێن کاك کەریم دکتۆرنامەی لە سەر " هەژاری شاعیر" بووە . ئەگەر وابووبێت، ئەوا من چاوەڕوانیی ئەوەم لەو دکتۆرنامەیە نیە کە هیچ شتێکی بەکەڵك بێت . جارێ هەر دکتۆرنامەیەکیکوردێك لەبارەی زمان و ئەدەبیات و مێژوو و سیاسەتەوە لەسەردەمی رژێمی سۆڤیەتدا، کە زۆرتر بە یارمەتیی پرۆفیسۆر قاناتێ کوردۆ (کوردۆیێڤ) پێشکەش و قەبووڵ کراون و، بە ئیمزای هەمان پرۆفیسۆریش دیپلۆمیان پێ وەرگیراوە، بە زەحمەت بکرێت بە پێوانەی ئاکادیمی لە جێی خۆیاندا بن . قاناتێ کوردۆ، بورسی خوێندنی بۆ زۆر کوردان وەرگرت و هەر ئەویش کردنی بە دکتۆر، لەکاتێکدا هێندێك لەوانە هەر رووسی بەشی ئەوەندە فێرنەبوون کە نامەیەکی پێ بنووسن، چ بەوە دەگات کە تێزی دکتۆرنامەی ئەدەبیاتی پێ بنووسن . هەژار دەیگوت هێندێك لەوانە بە چوونە رووسیا کەمیان کرد نەك زیاد، ئەوەی دەیانزانی لەبیریان چۆوە و هیچی تازەش فێر نەبوون ( دکتۆر " کاوس قەفتان" یەکێك لەوانە بوو کە هەژار بە بەڵگەی ئەو قسەیەی دەهێنانەوە) . لە باسی شەخسی دکتۆر کەریمی ئەیووبیشدا، هەژار دەیگوت:" کەریم زۆر نەخوێندەوارە،نەمدی جارێك شیعرێکی من بە راستی و دروستی بخوێنێتەوە، ئەگەر هیچ شتێك لە نووسینێکیدا بەدی بکرێ ئەوە ئی ژنەکەیەتی، ئی خۆی نیە ".

هەژار دەیگوت کە قاناتێ کوردۆ دەیەوێت خزمەت بە کورد بکا بەڵام " حوبارایەکە لەو دەشتە" ( مەبەست : زۆر گێژ و وێژ و بێ عەقڵە) . دەیگوت : " هەر قسەکردن، قسەی قسەئاسا نازانێ، کە دەیەوێ شتێکی زۆر مەخسووست پێ بڵێ و کەسی دی پێی نەزانێ، بە هەموو هێزی خۆی هاوار دەکا، بە هاوار پێت دەڵێ؛ چەند جار وابووە خەڵك لەوبەری جادەوە ئاوڕیان لێ داوینەوە کە پێیان وابووە شەڕم لەگەڵ دەکا ... کوڕە بۆ خاتری خودا سەیدا ئەتۆ بۆ هاوار دەکەی ؟ خۆ گونت ناکێشن! لەسەرخۆ، ئەوانە پێیانوایە شەڕم لەگەڵ دەکەی، دەکرێ پۆلیسمان بۆ بانگ کەن ".

سەیدا زۆر زمان و زۆر شتی دەزانین، بـەڵام هەر یەك عەیبی هەبوو کە کوردییەکی ئەوتۆی نەدەزانی و پێشی- وابوو کە دەیزانی! تەنانەت نووسینی بە شێوازی سۆرانی دەنووسی،کە هەزار خـۆزگە بە سـۆرانییەکەی" ئاوا و دەستوورا زمانێ کوردی"ی جگەرخوین ( ئێمەمان نانمان خواردمان!) .

هەژار ئەو رەوشتەی قاناتێ کوردۆی کە ئەو کوردانەی بە زۆر و بە بێ زانیاری دەکردن بە دکتۆر زۆر پێ خراپ بوو و، دەیگوت زۆرم هەوڵ لەگەڵ داوە کە دەست لەو رەوشتەی بەردات و، هەر وا بە خۆڕایی دیپلۆم نەبەشێتەوە، بەڵام بێ فایدە بوو، ئەوە زۆر لەوە بێعەقڵترە کە لەو قسەیەی من بگا .

من لە بەغدا، لە رێگای شانەیەکی حیزبییەوە،هەڤاڵێکی ئێجگار زۆر هێژام ناسی، کاك مەحموود باڵەتە، یادی بەخێر . برایەکی، خوێندنی هەندەسەی لە سۆڤیەت تەواوکردبوو و،کە هاتەوە و دیتم، چیرۆکی زۆری کاك کەریم ئـەیووبی و قاناتێ کوردۆ و کوردەکانی تری سـۆڤیەتی لا بوون، زۆر شـاد بوو کە منی دیت و، لە رێگای منەوە هەژاری بۆ پێکەوە نان خواردنێك لە ماڵ دەعوەت کرد . هەژاریـش قەبووڵی کرد و، پێکەوە چووین . ئەو دۆستە ئـەندازیارەمان لەوێ گێڕایەوە گوتی کە کاك کەریم و قاناتێ کوردۆ زۆر پیس تێكچوون! هەژار گوتی :" بۆچی کەریم ئێستا قەت قسە لەگەڵ قانات دەکا تا لەگەڵیدا تێكبچێ ؟ ئەوانە بۆ یەکتری وەکو مار و سیرن، کەریم قاناتی هەر پێ کەرە! و قاناتیش دەستی دەڕوا و ئیدی کەریم بەدەستییەوە پێوەبووە" .

من تا ئێستا- جگە لە نووسینیخۆم- هیچ" لێکۆڵینەوە"یەکی زانستی و ئاکادیمیم لەبارەی هەژارەوە نەدیتووە، هەرچی دیتوومە تەبیعەتی پرۆپاگەندەیی هەبووە و، زۆر دوور لە " لێکۆڵینەوەی مەوزووعی"بووە . پێم وانیە ئەو دکتۆرنامەیەی " شاعیر هەژار"ی "دکتۆر کەریمی ئەیووبی"یش شتێکی بەکەڵکی تێدا بێت، بەڵام دیارە هەر وا بە پێوابوون ناتوانین حوکم بدەین . خۆزیا دەماندیت .

کتێبێکی دەوری ٢٤٠ لاپەڕەیی ( ئا پێنج)، بە زمانی هۆڵەندی، ساڵی ٢٠٠٧، بەو ناوە لە هۆڵەندا چاپ و بڵاو- بووەتەوە . هەر لەسەر بەرگەکەی، وێڕای ناوی کتێب و نووسەری، نووسراوە کە لە ژیانی "کوردێکی هۆڵەندی" دەدوێت .

لە سەرەتایدا پێشکەشییەکەی دەبینین : بۆ ئامۆزاکانم خەلۆ و ڕەمزۆ و هەموو قوربانییەکانی تر لە کوردستان . نووسەر، کە خۆی بە ناوی "ڕێبەر هاڤین" پێشکەش دەکات، دەڵێت لە "گوندێ حەفت برا"ی ٤٥ کیلۆمیترێك دووری دیاربەکر لە دایکبووە . ئەو ناوەی گوندەکەی لە چییەوە هاتووە ؟ : "باپیری ( ناڵێت لە کوێی باکوورەوە) هاتووەتە ئەو شوێنە و، خۆی لێ دامەزراندووە و حەوت کوڕی هەبوون، ئیدی گوند هەر لەوانە پێکهاتووە و، وا ماوەتەوە . گوند لە دەشتە، کانییەکی بۆ ئاوی خواردنەوە لێ هەیە و، چوار چاڵاویش بۆ ئاوی باران بۆ باخچە و چێل وئاژەڵی ماڵی حەوت برا، دیارە خانووش بۆهەر ماڵە برایە، بەڵام بە بێ ئاودەست،ئاودەست لەگونددا نەبووە، نووسەر خۆی بۆ پێداویستیئەوە هەمیشە چووەتە پشتی خانووەکەی ماڵی خۆیان . جگە لە چێل و بزن و مەڕ، دوو سەگیشیانهەبوون: گوڵێك بە ناوی" بەرمەد" ( بەر مەدە) و دێڵێك بە ناوی" جەلکە" . جەلکە ناوی عەشیرەتێکی ئەو دەوروبەرە بووە کە قەت لەگەڵ گوندی حەفت برا نەگونجاوە، وابووە کێشەشیان لە نێواندا لێ پەیدابوون و، تەنانەت تەقەیان تێکەوتووە، بەڵام کەسیان تێدا نەکوژراوە . باوکی حەوت کوڕ لای وابووە کە ئەو دەوروبەرە لەبەر ئەوە خۆشیان نەویستوون چونکە ئەمان "زازا" بوون و ئەو دەوروبەرە" کورمانج"بوون . ڕێبەر، وێنەیەکی ژیانی سەختی گوندمان بۆ دەکێشێت : کاتێك ددانی ئێشاوە، باوکی بە بێ هیچ بەنجێك- شتێك بۆیهەڵکێشاوە و خستوویەتە دەستی ڕێبەرەوە و پێی گوتووە ددانەکەی ببات، بچێتە سەربان و، ئارەزوویەك لە دڵ بگرێت، ئەوجا ددان فڕێبداتە خوارەوە، بەڵام سەیر نەکات، نابێت بزانێت دەکەوێتە کوێ ئەینا ئارەزووەکەی پێکنایەت .

گوند لەوە بچووکتر بووە کە "موختار"ی هەبێت، لە رووی ئیدارەوە سەر بە موختاری گوندێکی تر ( سەرقەلی) بووە . نیزیکترین شارۆچکە لێیانەوە "مەرمەر"ی بیست کیلۆمیتر دوور بووە،کە یەك کلینیکی بە یەك بژیشك و دوو برینپێچ و،خوێندگەیەکی سەرەتایی و، پاسگەیەکی پۆلیسی لە کلینیکەکە گەورەتری لێ بووە . هاتوچۆی نێوان گوندەکان و شارۆچکەکان ئێجگار زۆر زەحمەت بووە و، زۆرتر هەر بە پێ بووە و، منداڵ کە بۆ خوێندن لە گوندێکەوە چوونەتە گوندێکی تر یا شارۆچکەیەك، بەتایبەتی زستانانە، دەبێت لە ترسی گورگ پتر هەڵلەرزیبن تاوەکو لە سەرمان . پیسترین شکەنجەی ژیانی منداڵی کورد، بریتی بووە لە چوونە خوێندگەی دەوڵەتی تورك، کە

تووشی ڕێبەری بەدبەختیش بووە، بە پێ بڕۆ، گورگ نـەتخۆن و، بگەیتە " ئەردالی" بۆ خوێندن، ئەوجا نـەتوانیت زمانی تـورکی باش فێرببیت و لێت بدەن، لێدان چ لێدان ؟ بە دار لە تـەپڵی سـەرت بدەن، سەرت بە دیواردا بکێشن و خوێن لە لووتت دەرپەڕێت. هـەموو بـەیانییەك ئەوەندە سروودی نەتەوەیی تورك بخوێنیت : " ئای کە شانسم لە ژیاندا هەبووە کە بە تورك دروست بووم، کە لە نـەژادی تورکم". بـەڵام ئەوە هەمووی دادی نەداوە کە ڕۆژێك درەنگ گەیشتووەتە خوێندگە، ئەو ڕۆژەش بە ڕێکەوت ڕۆژی لەدایکبوونی" باوك" ( ئاتاتورك) بووە، جا وەرە ماموستا بکەوە گیانییەوە و خەڵاقیەتی پـەروەردەی تورك لە شکەنجەدان پیشانی ئەو منداڵە کوردانە بدە .

ڕێبەر لە خوێندگە ناوی" ژمارە ٨" بووە، چونکە هەر منداڵە، لەجیاتی ناوەکەی خۆی، ژمارەیەکی هەبووە و هەر بەو ژمارەیە بانگ‌کراوە .

ڕێبەر، شوانیی کردووە و، زۆری ڕق لەو کارەی بووە . وابووە بۆ ماوەیەك ماڵیان چووەتە شار ( کە تەمەنی ١٠ ساڵ بووە چوونە دیاربەکر) و لەوێش شاگردی دارتاشێك بووە . لەم کتێبەیدا، تا لاپەڕە ٥٥ی، یـەك تاقە شتی بە بیردا نـایەت کە قەت خۆش بووبێت، ژیانی هەر تـەنیا دۆزەخ بووە و هیچی تر، دۆزەخی پەتی . لە لاپەڕە ٥٦دا ئـەوجا دەڵێت کە شتێکی پێ خۆش بووە : " نانێ باژێر"ی پێ خۆش بووە . دەگێڕێتەوە کە باوکی نانی سپیی لە دیاربەکرەوە هێناوە و، ڕێبەر زۆری لێ خواردووە،هەم چونکە پێی خۆش بووە و، هەم کە حەزیشی کردووە پێستی سپی ببێت، چونکە ئەسمەر بووە و ئەو ئەسمەرییەی پێ جوان نەبووە . لای وابووە بە خواردنی نانی سـپی، پێستی سپی دەبێت . دوای باسی ئەوە کە دایك و باوکی ویستوویانە کچی خزمێکی خۆیانی بۆ بهێنن، تاکو لە پیریاندا خزمەتیان بکات و، ئەو ویستوویە بە دڵی خۆی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت و، دوای هەستی دڵدارییەکی کە نـە خۆی و نـە دڵبەری،هیچیان نەیانوێراوە بە ئاشکرا بۆ یەکتری دەربڕن، باسێکی تۆپی پێ لەگەڵ منداڵانی گوندی تردا، باسێکی باوەژنی باپیری کە تەمەنی سەرووی سەد ساڵ بووە، کاری تەماتە چنینی لە " بالی قەسر"،ئەوجا لاپەڕە ٧٢ دێتە سەر باسی قۆناغێکی تری ژیانی : "هەویەتی کوردییم" .

نووسەر دەڵێت" هۆشی‌کوردایەتی"م بە دوو شت دەستی پێ‌کرد: یەکەم : کیمیابارانی هەڵەبجە و، دووەم : ئامۆزا-یەکەم کە لە ریزی"پێ‌کاکا"دا بوو، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەشکری تورکدا کوژرا . ئەو دوو ڕووداوە کۆمەڵێك پرسیاریان بە بیردا هێنام : کەواتە نە لە نەژادی تورکم و نە هیچ، ئەوجا ئەوانە، سەددام و سـەربازی تـورك، کە دەڵێن مسوڵمانن بۆچی کوردی مسوڵمان دەکوژن ؟ ... ئیدی لەوبابەتە .

لە سەردانێکی دیاربەکردا، دەچێتە بارەگای حیزبی" ها ئە پە HEP "*. لەوێ ژمارەیەك لە گۆڤاری" دەنگ"ی حیزبەکەی کەمال بورکای دەکرێت و، دەیباتەوە گوندەکەی و بە نهێنی دەیخوێنێتەوە،کۆڵێك ئیزم : سۆسیالیزم، فاشیزم، کاپیتالیزم،کە هیچی لێ تێناگات . بەڵام دیساهەر، بڕیار دەدات کە بچێت لە دیاربەکر لە خۆپیشاندا-نێکدا بەشدار بێت، باسی ئەوە هەبووە" ڤەدات ئایدین"* قسەی تیدا بکات، کە ئەوسا لای کوردان زۆر خۆشەویست بووە . دەچێت بەشدار دەبێت . خۆپیشاندانێکی دووهەزارکەسی کە : بژی سەرۆك ئاپۆ و بژی پێکاکای تێدا هاواردەکرێت، پۆلیس دوایی بڵاوەیان پێ دەکات ( ڤەدات لەوەدا بریندار دەبێت) . نووسەر دەڵێت کە هەر ئەوەندە لە ئاپۆ و پێکاکا دەگەیشت کە دەیانویست " کوردستان سەربەخۆ ببێت "، ئیتر لە ئیزم و میزمەکان نەدەگەیشت .

باوکی رێبەر ئیمام بووە و، ویستوویە ئەو کوڕەشی وەکو خۆی ببێت بە ئیمام، دوایی بڕیاریان داوە کە هەم بچێتە خوێندگەی ئاسایی دەوڵەت و هەم دوای ئەوە بچێتە دەرسی قورئان . لەوبەینەدا دوو خزمیان لەسەر شتێکی بێمانا کوژراون و، ویستوویانە رێبەر بچێت تۆڵە بکاتەوە، چونکە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ بووە و، دادگا حوکمی کەمتری دەدا ، بەڵام لەسەر پارەی کە بۆ ئەوە دەیدەنێ رێکنەکەوتوون و نەیکردووە .

رۆژێك جەندرمەی تورك بەسەر ماڵیاندا دەدەن و لە ختوخۆڕایی زۆر ئەزیەتیان دەدەن و بێحورمەتییان پێ دەکەن : کوا تیرۆریستتان لەکوێ شاردوونەوە ؟ و کۆڵێك قسەی هیچوپووچ دەکەن ( تیرۆریست لە بەرەڵلایی جنسیدان و، منداڵی ناشەرعی خۆیان دەخۆن! و ... لەو قسە قۆڕانە) . رێبەر هێندە رقی هەڵدەستێت، کە بڕیار دەدات لەداخانا بچێت ببێت بە گەریلای پێکاکا و تۆڵە لە فەرماندەی ئەو جەندرمانە بکاتەوە . دەچێت و دەبێت . چەند فەسڵێك لەبارەی ژیانی گەریلا دەگێڕێتەوە، دەڵێت کە هەمیشە هەر باسی ئامانجی"سەربەخۆیی کوردستان" یان کردووە . بەڵام خۆی لە باسی شەڕ و توندوتیژی دەبوێرێت و،دەڵێت" من نەمدەتوانی مێشولەیەکیش ئەزیەت بدەم" . زوو لەگەریلاییەکەی وەڕەز دەبێت و رادەکات و دەگەڕێتەوە لای کەسوکاری، دەبینێت کە بەو بوونە گەریلایەی، باوك و مامەکانی تووشی زیندان و شکەنجە کردووە و، بڕیاردەدات بە پاسپۆرتی قاچاغ بچێتە ئەورووپا .

---

*هالکن ئەمەك پارتیسی، ساڵی ١٩٩٠ پەرلەمانتارانێکی کورد دایانمەزراند . ساڵی ١٩٩١ " ڤەدات ئایدین"ی سەرۆکی لقی دیاربەکری شەهید بوو . ساڵی ١٩٩٣ قەدەغەکرا و، دە پە DP (دەمۆکرات پارتی) ی بە شوێندا هات .

زۆرتری ڕێگا بە ئۆتوبوس و دوابەشی بە فڕۆکە خۆی دەگەیەنێتە ئەمستەردام . لەوێ کەس ناناسێت و ناڕەحەتیی زۆر دەبینێت . بە قاوەخانەی کورد و تورکان و بە دووکاندارانداا دەگەڕێت،تێی‌دەگەیەنن کە دوو ڕێگای بۆ مانەوە لە هۆڵەندا لەبەردەمن : یەك ـ ژنێکی هۆڵەندی بهێنێت، ئەگەر ژنێکی بەتەمەنیش بێت مەسەلەیەك نیە، چونکە هەر بۆ ئیقامەکەیە، دوای ئەوە دەتوانێت بنێرێت کچی خزمێکی خۆی بۆ بێت؛ دوو ـ بڵێت من کوردم و لە کورد-ستانەوە دێم و داوای پەنابەری بکات . بەڵام بۆ ئەوەی دوایی، دوو کەس،کوردێکی‌باشوور و یەکی باکوور،ئامۆ-ژگارییەکی دەکەن : مەڵێ لەگەڵ پ‌ی‌کاکا بوویت، پ‌ی‌کاکا لە هۆڵەندا قـاچاغە و، هۆڵەندا نێوانی لەگەڵ تورکیادا باشە، ئەوجا وەرگێڕەکان کە تەرجومانیت بۆ دەکەن زۆرتریان سەر بە پ‌ی‌کاکان و خـەبەرت دەگەیەننەوە پ‌ی‌کاکا، چیرۆکێکی تریان بۆ هەڵبەستە . دەڵێت ئیتر بڕیارم دا کە وا بکەم و، کتێب بەم قسەیەی کۆتایی دەهێنێت کە : ئەوە حەفتەیەکە بیری لێ دەکەمەوە، چ چیرۆکێکیان بۆ هەڵبەستم . ڕۆژی هەشتی سیپتامبر دەچمە ئەو دیمانەیەی کە چارەنووسم بڕیار دەدات .

لەسەر بـەرگی پاشەوەی کتێبەکە نووسراوە کە نووسەر ساڵی ١٩٧٢ لەدایکبووە و، لە ١٩٩٢وەوە لە هۆڵەندا دەژیت (و کار دەکات) و هەر تەنیا پاسپۆرتی هۆڵەندیی هەیە .

کتێبەکە بە شێـوەیەك نـووسراوە کە میزاجی هۆڵەندی بە جیددیی وەردەگرێت : لە بە خۆهەڵگوتن و دروشمان دوورکەوتووەتەوە،لە زۆر شوێن باسی ترسان و هەلپەرستی و زەعفی ڕەوشتی خۆی دەکات، کە ئەوە لە خوێنەری هۆڵەندیی نیزیك دەکاتەوە . دوو دۆستی هۆڵەندیی من کە خوێندبوویانەوە و پرسیارم لێ‌کردن پێیان چۆن بوو ؟ گوتیان کە پێیان وابوو حـەقیقەتی تۆمار کردووە . ئەوە بۆ هـۆڵەندی زۆرە، چـونکە هۆڵەندی زۆرتر وایە کە لە کتێب و نووسین و هەر قسەیەك بەگومانە و زۆر بەزەحمەت هیچی قەبووڵە .

من لام وایە، نـاکرێت نـووسەر هـەر لە سـەرەتاوە نـاوی " ڕێبەر هاڤین" بووبێت، چیرۆکی دەوری خۆی لە ناو پ‌ی‌کاکاشدا سەیرە، باسی پازدە ساڵی نێوان گەیشتنە هۆڵەندا و دەرچوونی ئەو کتێبەشی ناکات .

مێژووی پـەروەردەی خـوێندگەکانی تـورك و، ڕەوشتی لەشکری تورك و چەوسـانەوەی نـەتـەوایەتیی کورد و بەدبەختیی منداڵان و سەختی و دواکەوتوویی ژیانی ئەو مەڵبەندە، بە ڕادەیەکی باش لەو کتێبەدا تۆمارکراوە .

بۆ ئەوە : دەستەکانت خۆش بن کاك ڕێبەر هاڤین .

مامۆستا هێمن و نامە و دکۆمێنتەکانی

کۆکەرەوە و ئامادەکار : فاروق فەرهاد

١٥٨ لاپەڕەیە : چاپی یەکەم : سوێد ٢٠١٦

چاپێکی جوان، بەرگ و کاغەز و تایپ و دەرهێنانی جوان . چەند سەهویەکی کەمی تایپ کە گرنگ نین و ،هیچی لێ کەم ناکاتەوە . لە یەکەم لاپەڕەیدا نووسراوە : پێشکەش بە رووناکبیرانی گۆڤاری سروە . هەرچەندە سێ وشەی دوایی لەو پێشەکییەدا بە شێوەی زاراوەیەك دێتە بەرچاو و، روونکردنەوەی وێڕا نیە، بەڵام من وای تێدەگەم مەبەست لەوە خەڵکێك بێت کە بۆ خوێندەواریی کوردی، خۆیان بە قەرزداری گۆڤاری سروە بزانن، چ ئەوە کە بەرهەمیان لەوێدا بڵاوبووبێتەوە و، چ هەر خوێنەری بووبن و کەڵکیان لێ وەرگرتبێت .

کتێبەکە، " ناوەرۆك" ( لیستی دکۆمێنتەکان) و " فهرستی ناو"ی نیە . پێشەکییەکی کاك " کاوەیس مەلا"ی بە کوردییەکی موکریانیی زۆر جوان بۆ نووسراوە . لە رووی بیروباوەڕیشەوە، هەر لە دەریای جوانیی هێمندا نقوم بووە و، رەنگە حەواسی زۆرتر لای شێوەی سیاسەت و حیزبایەتیی خەڵکی دیکەی غەیری هێمن خۆی بێت لە ژیانی هێمندا. کاك فاروقیش پێشەکییەکی جوانی خۆی بۆ نووسیوە، دەڵێت چۆن کەوتووەتە سەر بیری دانانی ئەو کتێبەی و سوپاسی ئەوانە دەکات کە یارمەتییان داوە . خۆزیا کوردی باشوور زۆر لەو کتێبانەی کوردی رۆژ- هەڵاتیان دەخوێندنەوە و لە کوردیی ئەو کتێبانە ورد دەبوونەوە چەندە جوانن و، بەوە بەو زمانە سەیرەدا دەهاتنەوە کە ئێستا لە باشوور لەکاردایە .

سەنەدەکان، زۆرتر هەر وێنەی فۆتۆگرافیی ئەسڵی دەستخەتەکانی نامەی هێمنن و، بۆ روونیی خوێندنەوەیان تێدا تایپیش کراون، کە بەوە خوێنەرانیان مەگەرهەر ناچار بکەن کە قەبووڵیان بکەن . ئەوە کارێکی گرنگە، چونکە ئاستی نزمی خوێندەواریی رۆژهەڵاتی ئێمە وەهایە کە سایکۆلۆجیەتی ئەولیاپەرستی تێدا زۆر زاڵە . زۆربەی خەڵك، یا - تاك و تەرایەکیان لێ دەرچێت - هەموویان، باسی تەواوی مرۆڤبوونی مرۆڤیان قەبووڵ نیە . شتێکی کە لە مرۆڤێك وە دڵیانەوە دەنووسێت و بەوە ئەو مرۆڤەیان خۆش دەوێت، یا بەهۆی هەر تاقە شتێکەوە رقیان لێ دەبێت،هەر ئەو یەك شتە بۆ ئەوان دەبێتە هەموو شت و، بە زەوق و مەنتیقی خۆیان شتەکانی دیکەی کە هیچی لێ نازانن بۆ تەواو دەکەن . لێرەدا، ئەگەر بێت و کەسێك قسەیەك لەبارەی شتەکانی دیکەوە بکات کە لەگەڵ تەواوکردنەکەی خەیاڵی ئەواندا نەگونجێت، ئەوا زۆری پێ تووڕە دەبن و، زۆرتر وایە کە هەر بە تووڕەیی

خۆیانەوە ناوەستن، دەچن خەڵکێکی زۆری سادە و ساویلکەش بە ڕێگای زۆر هەڵەدا دەبەن . پیشاندانی زۆرترین وێنەی فۆتۆگرافیی دەستخەتی مرۆڤی ناودار، دەکرێت لەدوایییدا هێندێککەس ناچار بکات کە لە کەلی شەیتانی دیتنی هەر یەک تاقە شتەکەیان بێنە خوار و هێندێک شتی دیکەش قەبووڵ بکەن و، ناودارەکەیان هێندێک لە ئەولیایان یا لە ئیبلیس دووربخەنەوە و دیسان لە مرۆڤانی مرۆڤئاسایان نیزیك بکەنەوە .

هەرچەندە ئەم نامانەی هێمنی کە لێرەدان، زۆرتر هەر لە دنیای زمان و ئەدەبی هێمنەوە سەر هەڵدێنن، نەك ئەوە کە ڕاستەوخۆ باسی رووی تری ژیانی ئەوکەسە بکەن، بەڵام دیسان هەر لەنێوان و لەپشت دێڕەکانەوە دەکرێت هێندێك شتیتری غەیری زمان و ئەدەبیش ببینین . هەر بەڤوونە، دەبینین یەك - دوو نامەی هەر بۆ ئەوەن کە داوا لە کەسێك دەکات ئەگەر بتوانێت کارێکی بۆ ببینێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە کارخانەیەکیش بێت تاکو " نەجاتی بدات". نموونەیەکی تریش : نامەکەی بۆ ئەحلام مەنسوور . بە من، ئەگەر ئەو نامەیەی لە دڵەوە و ڕاستگۆیانە نووسیبێت، ئەوە گۆڕانێکی زیهنیکۆمەڵایەتیی هێمن لە چەندساڵێکی دواییی ژیانیدا پیشان دەدات . هێمن و هەژار تا دوا رۆژی کە من ئەو دووانەم دیتوون، لە رووی زیهنی کۆمەڵایەتییەوە، لە تەرەغە و شیلاناوێ نیزیکتر بوون تاوەکو لە دنیای بیروڕای شارستانێتیی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بەڵام وا دەبینم کە هێمن لەم نامە-یەیدا بە ئەحلام مەنسوور دەڵێت : " زۆر شت لە تۆی ئازا فێربووم کە زۆرکەس بە شێت و دێوانەت دەزانن" .

ئەوە باشە کە هێندێك پەراوێزیکەم لەمکتێبەدا هەن، زۆرتر بۆ زانینی هێندێك ناوان کە بە ئاشکرا لە دۆکۆمێنـ-تەکاندا نەبراون، بەڵام ئەگەر پتر لەبارەی هەر نامەیەکەوە بنووسرایە باشتریش دەبوو . وا بهێنرایەتە بەرچاو کە خوێنەرێکی بێ هیچ ئاگایەك لە حیزبی دیموکرات و ڕووداوانی سیاسەتی سەردەمی هێمن و ،پێوەندییەکانی تری، ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، بەو ڕوونکردنەوانەی وێڕا پتر کەڵك ببینێت، بە تایبەتی لە داهاتووی دووردا کە ئەوە لە کتێبخانە وەربگرێت و، بیەوێت هەموو شتێك لەبارەی ئەو شاعیرە گەورەیەی ڕابردووی نەتەوەکەی بزانێت . کۆمەڵێك وێنەش بەشێك لە سامانی کتێبەکە پێکدەهێنن، دەستخەتی پێشەکینووسینێکی هێمن و هێندێك وردە شتی تریشی تێدا هەن .

من ئاگام لێ نیە کەس پێش کاك فاروق ئەوکارەی کردبێت و کۆمەڵە دۆکۆمێنتی لەبارەی شاعیرێکمانەوە بۆ کۆکردبینەوە و بە کتێب خستبێتییە کتێبخانەی نەتەوایەتیمانەوە . لە ڕێگای ئەم کتێبەوە دەزانین کە هێمن، وێڕای شاعیری و توانای چەند شتی تری،" نامەنووس"ێکیگەورەش بووە و،کتێبەکە هەر بۆ ئەوە، سەرچاوەیەکی گرنگی خوێندن و لێ فێربوونە، ڕەنگە لەوەدا هەر بێ وێنە بێت .

کاك فـاروق فـەرهاد، بەوکارەی، خزمەتێکی چاکی کتێبخانەی نـەتـەوایەتیی کـوردی کردووە ؛ دەستەکانی خۆش بن و، بە هیوای خزمەتی پتری .

ئایا هەموو کەسێك لە یادی ماوە یەکەم کتێبی کە لەژیانیدا خوێندییەوە کامە بوو ؟

دە من ئەگەر کەسێك پێش مانگێك ئەم پرسیارەی لێ بکردمایە، پێموایە حەقمن پێمدەگوت : نازانم . چونکە ئەوە ئیتر شێست ساڵێکە کە قەت ئەو پرسیارەم بەبیردا نەهاتووە . یەکەم کتێب ؟ دەمگوت نەوەڵڵا نازانم .

تا پێش دەوری مانگێك، لە ماڵی دۆستێکی هۆڵەندی، وەرگێڕاوی هۆڵەندیی کتێبێکی گەشتوەر و نووسەر و نیگارکێش و... زۆر شتی سوێدی" سڤین هێدین"م دیت کە دۆستەکەم دەیخوێندەوە . دوێنێ تەواوی‌کرد و منیش لێم وەرگرت و ئێستا بەدەستمەوەیە دەیخوێنمەوە : Sven Hedin, Mijn Leven Als Ontdekker ( ژیانی من بە (وەك) دۆزەرەوە) . شتێکم لەم کتێبەی " هێدین"دا دیت،کە بردمییەوە دەورانی منداڵیم . چیرۆکێکی کە من لە یەکەم کتێب کە لە ژیانمدا خوێندمەوە هەبوو، دەبینم ڕێك ئەوە لەم کتێبەی " سڤین هێدین"دا هەیە و، بەمە ئەو کتێبەی منداڵیی خۆم وەبیردێتەوە .

یەکەم کتێب کە من لە ژیانمدا خوێندمەوە : " شەبەنگەبەڕۆژ"ی شادڕەوان " شاکر فەتاح"ی شەهید بوو . ئەم "چیرۆکەشی تێدا کە ئێستا لەم کتێبەی ئەم سوێدییەیدا دەبینم ناوی" کەرە شین" بوو :

کەسێك لە پەنا گونبەدی پیاوێکی پیرۆز، لە خزمەت شێخیدا عیلم وەردەگرێت . تا ڕۆژێك هەژاری و نەداری لەو شوێنە وای لێ دەکات بڕیار بدات بڕوات، بچێت بەڵکو لە شوێنێکی تر ژیانێکی باشتر وەدەست بهێنێت . شێخیش هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێت کە « کەرە شین»یکی دەداتێت، بەڵکو ئەوە بەکەڵکی بێت . زەلام دەڕوات و، کاتێك لە شوێنێك کەرە شینی دەتۆپێت، دەینێژێت، دوایی گونبەدێك لەسەر گۆڕی دروست دەکات و، ئیتر ئەوە دەبێت بە زیارەتگای ئیمانداران، کە بە مەرقەدی پیاوچاکێکی گەورەی تێدەگەن و، زۆر بەناوبانگ دەبێت . دەنگوباسی مەرقەد بە شێخیش دەگات، هەڵدەستێت و دەچێت بزانێت مەسەلە چیە ؟ دەبینێت ئەوە ئەو پیاوەی لێیە کە کەرە شینەکەی دابوویێ، ئێ مەسەلە چیە ؟ ئەم پیاوە چاکەی لەو شوێنە نێژراوە کێیە ؟ کابرا پێی‌دەڵێت : وەڵڵا چیت لێ بشارمەوە ؟ ئەوە ئەو کەرە شینەیە کە تۆ داتمێ . شێخیش دەڵێت : دە ئەو مەرقەدە پیرۆزەش کە من لە پەنایدا دەرسی‌عیلمم بە تۆ دەگوت و، ئێستاش زیارەت دەکرێت،ئەوەی تێیدا نێژراوە باوکی ئەمکەرە شینەیە".

شەبەنگەبەڕۆژ چەند چیرۆکی دەگرتەوە، ئێستا بەهۆی ئەم کتێبە سوێدییەوە ئەمەیانم دێتەوە یاد، نازانم شاکر فەتاح لەوێدا هیچ هیچ ئاماژەیەکی بە سەرچاوەیەك کردبوو یان نا . لە چیرۆکەکانی تری شەبەنگەبەڕۆژ، ئێستا

53

هەر ئەمەیانم بە دڵنیاییی وەبیردێتەوە، لە یادم نـەماوە " گرامافۆنەکەم چۆن کڕی"یـشی لەو کتێبەیدا هەبوو، یان من دواتر هەر لە گەلاوێژدا خوێندوومەتەوە .

ئـەم هـاتنەوەیادەی ئـەو کتێبە، کۆڵێك بیرەوەریی تریشی وێڕای بۆ هێنامەوە . حەمەسمێڵی بێ سمێڵ ( محەمەد رەشادی ئەبو شوارب، ئەبو سەمیر)ی هاوسێمان زۆر کەیفی بەو چیرۆکە دەهات و، نـەخوێندواریش بوو، ئیتر کە زوو- زوو سەری بە ماڵی هەژاردا دەکرد و، رووی لەگەڵ مندا زۆر خۆش بوو، هـەرجارە کە دەهاتەوە، لە دوورەوە هاواری دەکرد: بە قوربانت بم ئەو کەرەشینەم بۆ بخوێنەوە، مەگەر هەر خودا بزانێ ئەمن لە ژیانمدا دەبێ مەرقەدی چەند کەرەشینەم ماچ کردبێ! ئیدی هەموومان لە قاقای پێکەنینمان دەدا و، دیارە ئەوە هەلێك بوو بۆ هەژاریش باسە خۆشەکە خۆشتر و خۆشترین لێ بکات .

من، یەکەمخوێندنەوە لە ژیانمدا، پێش کتێب، ئەو شتانە بوون کە هەژار لەسەرکاغەزێك بۆی دەنووسیم . چونکە کاتێك من لە تەمەنی دەوری هەشت ساڵیمدا دیسان هەژارم دیتەوە، حەرفم نـەدەناسی و زۆر گێژ و تەپۆ بووم و، ئـەگەر ئـەو زیرەکییە ئێجگار زۆر سـەیرەی هەژار لە فێرکردنی منداڵدا نەبوایە، نازانم ئەگەر قەت بمتوانیایە هەر هیچ فێر ببم . بـەڵام هەژار مامۆستایەکی زگماکی وەها بوو،کە - وەك دەڵێن - بەردت بدایەتە دەستی، دەیتوانی ئەوەی کە خۆی دەیزانی فێری ئەو بەردەی بکات . هێندێك لەو شتانەی کە دەینووسین، زۆر دیهاتییانە بوون، رەنگە زۆرتری لە منداڵیی تەرەغەیەوە بووبن، بـەڵام - بلیمەتییەکەی لێرەدا بوو - هـەر دەستی دەدا کـاغەزێك و قـەڵەمێك و چیرۆکێکی کـۆمیدیای دەنووسـی، کە هـەرکەسێك بیخوێندایەتەوە وە پێکـەنینێکی ئێجگار زۆر بکەوتایە . یەکێك لەو چیرۆکانەی کە بۆی نووسیم و ئێجگار زۆرم پێ خۆش بوو و، پەیتا- پەیتا بە قریوە- قریوی پێکەنینەوە دەمخوێندەوە، باسی بولبولەکەی ماڵی حەمەسمێڵی بێ سمێڵ بوو . حەمە سمێڵی هاوسێمان بولبولێکی هەبوو، رۆژێك نەما و، هەموو گەڕەك ئیدی شتێکی تری نەبوو باسی بکات جگە لەوە کە : پشیلە بولبولی محەمەد ئەبو شواربی خواردووە . ئەوە بۆچی ئەوەندەگرنگ بوو ؟ نازانم . خوا دەزانێت لەهەمووئەو دەوروبەرەدا، دەچوویە هەر ماڵێك، هەر باسی ئەوە بوو : دەزانی پشیلە بولبولی محەمەد ئەبو شواربی خواردووە ؟ منداڵان لە کۆڵان بۆ یـەکتریان باس دەکرد ، گەورە کاتێك تووشی یەکتر دەبوون : دەزانی چۆن پشیلە بولبولی محەمەد ئەبو شواربی خواردووە ؟ هـەژار لەو چیرۆکەیدا دیالۆگێکی دوورودرێژی لە نێوان بولبول و پشیلەکەدا سازکردبوو : بۆچی دەمخۆی ؟ و بۆچی نـەتخۆم ؟ ... ئای کە خۆشی دانابوو . سەد حەیف و ... هەزار جار حەیف کە ئەو نووسـینانەی لەناوچوون، قیمەتمان نەدەزانین و،هەژار کەمێك دوای نووسینیان فڕێی‌دەدان . هەژار، لە چێشتی مجێور( ل٤١)دا

دەڵێت کە جارێك شتێکی بۆ گۆڤارێکی تاران نووسیوە، پێیان گوتووە ئـەگەر بێیتە لای ئێمە، جێگامان بۆ تۆ هەیە؛ ئەوجا دەڵێت:"رەنگە ئەگەر ئەودەم لەسەر ئەو قسە قۆڕانە رۆیشتبام، بمتوانیبا ببم بە نوسەرێکی گاڵتەچی".

رەنگە ؟ رەنگەی چی ؟ لە سەدا سەد ، لە سەدا دووسەدیش! بەڵام لێرەدا بەڕاستی و لە قـووڵایی دڵمەوە دڵم بە هەژار دەسووتێت کە لە ناو قەومەکەی تەنانەت وشەی " کۆمیدیایی" بۆ ئەو بە تەوهین دادەنرێت ... ئەو گـەورە بلیمەتە کۆمیدیاییەی دنیا ، ئاوا لەوەدا ناکام بوو .

سوپاس " سڤین هێدین"، کە ئەم چیرۆکەت لە شاری" کاشگار"ی پڕ لە مەرقەدی پیاوچاکان بیست ( کە ئێستا دەکەوێتە ناو سنووری دەوڵەتی چین و پێی‌دەڵێن : " کاشی") و تۆمارت کرد . سوپاس " پێیتەر"ی هۆڵەندیی دۆستم کە بەو کتێبەت " هەڵدانەوەی لاپەڕەی کۆنی‌عومر"ە، وات کرد فرمێسك دیسان منی وەبیربێتەوە .

ئەمە جاری یەکەمە من شتێك لە هێدین دەخوێنمەوە، بەو زمانەش نیە کە ئەو خۆی نووسیویە، ئەو وادیارە نووسە-ری بە ئینگلیسی و ئەڵمانییە، ئەمەی من بەدەستمەوەیە هۆڵەندییە . نووسەر، لە شوێنێکی مۆنگۆلیای ناوەوە، لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا پێشەکیی بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە کە سێ ساڵ پێشتر بۆ بڵاوکەرەوەیەکی ئەمریکایی ئامادە کردووە، بەڵام بەتەواوی بە رووحی خەوندیتنی منداڵیی پێش نیو سەدەی نووسیوە . ئەو رووحەی کە لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا هەیبووە، نەیهێشتووە تۆزی لێ بنیشێت یا تاقە یەك رۆژ لە رووحی منداڵییەکەی دووربکەوێتەوە . من کە دەیخوێنمەوە، هەست دەکەم منداڵێك بە هەموو گەرمیی حەماسی منداڵییەوە لەبەردەمم هەڵدەبەزێت و پڕیشکی لیکی دەمی بەملا و ئەولادا دەپڕژێت و لەوبەینەدا پەنجەکانی بەناو قژیدا دەبات و دەست رادەوەشێنێت ... وەکو تاڤگەی ئاو، یا فوارە، یا گڕاوێك هۆشم دەستێنێت .

## کورتەیەکی فەسڵی یەکەم

لە فەسڵی یەکەمیدا باسی سەرەتای ئەو رێبازەی ژیانی دەکات، کورتەکەی ئەمەیە دەڵێت :

منداڵێکی دوازدە ساڵان بووم، هەموو حەواسم لای ئەو سوێدییانەی هاونیشتمانم بوو، کە دەچوون ئازایانە شوێنانێکی دنیا بدۆزنەوە : قوتبی باکوور، بەرزترین لوتکەی چیایان، کەناری دەریایان و رووباران، بەڵام بەتایبەتی قوتب، سەهۆڵ حەواسی داگیرکردبووم . دەبوو منیش بچمە قوتب، کەواتە با لە سەرمای زستانی سوێددا شەوانە کە دەخەوم پەنجەرەی ژوورەکەم بکەمەوە، تاکو فێری بەرگەگرتنی سەرما بیم، دەنا ئەدی چۆن دەچمە قوتب و ئەوەی نەدۆزراوەتەوە دەدۆزمەوە ؟ کە تەمەنم پازدە ساڵ بوو، قارەمانێك لەو قارەمانانەی کە هەموو سوێد و زۆری دنیا باسیان دەکرد، دوای سەرەڕۆییەکی ئەفسانەیی گەیشتەوە ستۆکهۆڵم و، گەل بە گەورە و بچووکییەوە بۆ پێشوازیی کەشتییەکەی دەرچوو، منیش چووم، ئای چ رۆژێك بوو لە ژیانمدا ... ئای چ رۆژێك بوو . ئەوجا، لە تەمەنی بیست ساڵیمدا، من کە لە ئاسمان بۆ شتێك دەگەڕام وا لەسەر زەوی هاتە بەردەستم : لە دوا ساڵی خوێند-گەم و کەمێك پێش خواحافیزی لێکردنی، بەڕێوەبەری خوێندگەم پێیی گوتم : " ئەرێ دەڵێی چی بە وەزیفەیەك بۆ شەش مانگ بچیتە باکۆ، دەرس بە منداڵی سوێدییەك بڵێیت ؟ تەبیعی بە بێ بیرکردنەوە : دەڵێم زۆر چاکە . ئیدی حەواسم لە قوتبەوە گواستییەوە بۆ ئاسیا، ئیدی بووم بە ئاسیایی .

زۆر دەچوومە مەیدانێکی ستۆکهۆڵم، کە شکڵی حەیوانانی لێ بوو، یەکێکیان شکڵی وشترێکی تورکستان

بوو، ئەوە و من ئیدی- تەبیعی- هاونیشتمان بووین! دەبوو زوو- زوو سەری بدەم و،کە دەچمەوە وڵاتەکەمان ئاسیا، ئەوا دەبێت حەقەن سڵاوی بە هاونیشتمانەکانی ترمان بگەیەنم. شەپۆلەکانی دەریای قەزوێن دەهاتنە بەر گوێم، ترینگە ترینگی زەنگوڵەی وڵاخی کاروانان لە دنیای سەیروسەمەرەی خەونان. تەواوی بەهار و هاوینی ١٨٨٥ ئەوە حاڵی من بوو. من کە هیچم نەهێشتبۆوە لەسەر قوتب و موتب نەیخوێنمەوە، ئەمجارەیان ئاسیا بوو، دەبوو هەموو شت لەبارەی بخوێنمەوە، لە نەخشەکان وردببمەوە.

تا رۆژی سەفەر هات: لەگەڵ کوڕ و برای و دایکیان بە کەشتی بڕۆ،هەر بڕۆ تاکو پیتەرسبورگ، ئەوجا بە قەتار بڕۆ، چوار شەو و رۆژ بڕۆ، ببینە ئەوەی نەتبینیوە .گەیشتینە ڤلادیڤۆستۆك، باوك چاوەڕێی دەکردین تا ئەمجارەیان لەوێوە بە ئۆتومبیل بڕۆین، بڕۆ، دووسەد کیلۆمیتر بە دوو رۆژ ببڕە، هەر بڕۆ. ئەوجا، بە عارەبانەی کە حەوت ئەسپ دەیکێشن بڕۆ، بۆ سەر لوتکەی چیا، ٢٤٠٠ میتر بەرز بڕۆ، لە پڕ بۆ قووڵایی شیو شۆڕ ببەوە، ئای کە دنیایەکی نائاسایی بوو کە من لە پێشەوە لە پەنا عارەبانچییەکە دانیشتبووم و دەمدیت. رێگا بە یازدە قۆناغی وێستگەی وڵاخ دابەش بووە، لە هەر ویستگەیە ئەسپ دەگۆڕدرێن. بڕۆ، هەر بڕۆ تا تفلیس: کۆزاکی رووس، ئەرمەنی، تاتار، گورجی، چەرکەس، فارس، قەرەچ، جوو ... هەموو کەس، جۆرەها شکڵ و بەرگ و رەنگ و بۆن و ... ئەوە دنیا بوو، ئاه چ دنیایەك بوو لەبەر دەمم دەکرایەوە،کە من لە ئەوروپاوە لە ئاسیا رۆدەچووم. دیسان،بە قەتار بڕۆ، هەر بڕۆ، بۆ جاری یەکەم لە ژیانمدا مسوڵمانم دیتن، لە حەج دەهاتنەوە. لە قەتاردا بەرماڵیان رادەخست و نوێژی مەغریبیان دەکرد. من لە ستۆکهۆڵم چیم دەدیت؟ ئەمە بوو دنیا!

بەوە کە من نیگارکێشیش بووم و زوو- زوو هەوڵم دەدا رەسمی شتێك لەو هەمووە شتانە بکەم کە سەرنجیان رادەکێشام، لە وێستگەی قەتاری "ئودشاری" کە وەستاین، لەو وەستانەدا گوتم با رەسمێکی شوێنەکە بکێشم، کاغەز و قەڵەم دەربێنە و خەریك بە ... ئەوە من خەریك بووم، هەست پێدەکەم دەستی زۆر قورس شانم وا دەگرن کە لە شوێنی خۆم سڕم دەکەن، کە ئاوڕ دەدەمەوە: سێ جەندرمەی رووس دەموچاویان غەزەبی لێ دەبارێت و شتێکم بە رووسی پێ دەڵێن کە دیارە نازانم یانی چی؛ ئیتر کە خەڵك لێمان هاڵان تێگەیشتم کە دەڵێن: پێشمان-کەوە! رەنگە بە جاسووسی ئینگلیسم تێبگەن کە هاتووم رەسمی شوێنەکانی ئیمپراتۆریی رووسیا بۆ ئینگلستان بکێشم! دایکت چاك - بابت چاك، بێ فایدە بوو، تا بەڕێوەبەری وێستگەکە هات و ویستی لەسەرم بکاتەوە و، هەرچۆنێك بوو خستمییەوە قەتارەوە، کە قەتار دەبوو بڕوات، بەڵام مەگەر سێ جەندرمە واز دەهێنن؟ نەخێر، ئەوانیش هاتنە قەتارەوە و بەدووممەوە، لەم واگۆن بۆ ئەو واگۆن، تا گەیشتمەوە لای خێزانی هاوڕێم نەمزانی چۆن

خودا ئەو جەندرمانەی لە کۆڵ کردمەوە .

حەوت مانگ لە باکۆ مامەوە،بەڵام چ حەوت مانگ ؟ لەوێ دەرسم بە منداڵ گوت : دەرسی مێژوو و جوغرافیا و ئەوەی پێویست بوو و، دیارە دەرسی زمانیش .

## کورتەیەکی فەسڵی دووەم

بەڵام لەوبەینەدا خۆشم فێری دوو زمان کرد: چاك بە رووسی و تاتاری قسەم دەکرد. کاتێك لە ئاپریلی ١٨٨٦دا کارەکەم تەواو بوو، ٣٠٠ روبلیان دامێ، چیی لێ بکەم ؟ بڕۆ، هەر بڕۆ، ئاسیا ببینە، با بچم ئێران ببینم، با بە ئەلبورزدا بچمە تاران و تا دەگەمە دەریا .

تاتارەکەی مامۆستای زمانم لەگەڵ خۆم برد . هەموو پارەکانم کردن بە " قڕان"ی ئێرانی، کە نرخی نیزیکەی " فرانك"ی هەبوو و، هێندێکم لای تاتاری هاوڕێم و ئەوی تری لای خۆم، هەموومان لە ژێر جلەکانمان تاقەت کرد. من بە دەمانچەیەك و هاوڕێکەم بە تفەنگێکەوە، جا بڕۆ : ٦ی ئاپریل چووینە گەمیەکی دۆڵابەوە . ئەو ڕۆژە لەبەر گەرداوی دەریای تووڕە دەرنەچوو، تا ڕۆژی دوای ئەوە وەڕێکەوتین . دوای ٣٠ سەعات گەیشتینە " ئەنسەلی ". چووینە سەر بەژ . ئەوجا دیسان بە گەمیە،گەمیەیەکی بایەوانی، تا گوندێك و، لەوێوە لێخوڕە بۆ " ڕەشت". ڕەشت چ ڕەشت ؟ پڵنگ بە دەوروبەرییەوە ملومۆ دەکەن، دەسووڕێنەوە تا بتخۆن . زۆنگاوی کە ناوبەناو تاعوون دەهێنن . جارێك تاعوون شەش هەزار کەسی ئەم شوێنەی کوشتووە، مردوویان بۆ نەنێژراون، چ بنێژن ؟ فڕێیان- داونە مزگەوتەکانەوە! مزگەوتی جوان، خشتی سەربانیان سوور و، بە منارەی بچووك، ئاوریشم و چەڵتووك(برنج) و پەموو گرنگترین بەرهەمی ئێرەن . لێرە گوتم با بچم سەر لە کۆنسولی رووس بدەم . کۆنسولی کۆك و پۆشتە و رازاوە، خۆم و تاتاری هاوڕێمی، کە دیمەنمان یەك لە یەك پەڕپووتتر بوو، بۆ شیوی زێدە شاهانە دەعوەت کردین .

بۆ بەیانییەکەی، دوو ئەسپی زینکراوی تازە نەفەسمان بۆ ئامادەکرابوون، سوار بە و بڕۆ، ئەو ڕێگایە هەمیشە جمەی دێت : کاروانیگەورەی ئێستران بە ترینگە ترینگی زەنگوڵەیانەوە، سوار بە ڕێگاوە و پیادەش، ئەو هەمووە کاروانەی کە کووتاڵ دەبەنە سەر دەریای قەزوێن تا ڕەوانەی رووسیا بکرێن . لە شوێنی مانەوەی شەوی وێستگەی کۆدۆم ماینەوە،کە بە سەدان پەڕەسێلکە بەسەر شوێنەکەوە و بە پەنجەرە کراوەکاندا دەهاتن و دەچوون . بۆ خۆراك، شتێکمان پێ نەبوو، ئەوەی لە دێهاتی ئەو ناوەمان دەست بکەوتایە دەکڕی : شیر، مریشك، نانی گەنم، میوە ... ئیدی، هەمووی زۆر سەیر هەرزان بوو . ئێستا لە جەرگەی ئەلبورزدا بووین و هەر بەرزتر دەچووین . کاتێك لێڕ

تەنگی کرد و هەر نەما ، گەیشتینە پردی " مەنجیل"ی بەردی بە هەشت تاق . ئەوجا لەو مانگی ئاپریلەدا کرێوە هەڵیکرد ، ئای کە بەفرێکی زۆر باری . ڕێگامان ون کرد و بەفر و سەرما پەرێشانی کردین، بەڵام - خۆشبەختانە- لە پڕێك کاروانی ئەسپ و ئێستر بەدەرکەوتن،کە بۆ هەمان شوێن دەچوون . دوو پیاو لەپێشەوە دەڕۆیشتن، رمبی درێژیان لە بەفری پێشیان رادەکرد،تا بزانن نەوەکا چاڵێك شتێك لە سەر ڕێگا هەبێت . تا گەیشتینە گوندی " مەسرەهـ". لەوێ، لە کۆنێکی پیسدا ، ئاگرێك کرابۆوە، ئێمەش چووینە پاڵ ئاگرەکە. ئێستا منی خەڵکی " ستۆکهۆڵم" و چوار تاتار خەریك بووین لەو گۆشەیە لە وڵاتێکی ئاسیادا خۆمان گەرم دەکردەوە . ئەوجا تا هەرە بەرزایی ئەلبورز چووین، چیتر بەفر نەبوو و، دەبوو بەو دیودا بە پارێزەوە شۆڕ ببینەوە نەوەکا بخلیسکێین، ئەو نشێوە زۆر خلیسك بوو .

چووینە قەزوێن، کە پێغەمبەر لەبارەیەوە فەرموویە : " یەکەم : قەزوێن، چونکە ئەم شارە دەکەوێتە سەردەرانەی یەکێك لە دەروازەکانی بەهەشت ".‌" هارون الرشید" زۆری جوان کردووە . شا تاماس ( تەهماسبی یەکەم) کردوویە بە پایتەختی خۆی ( ١٥٤٨) و ناوی ناوە:" دارالسلطنە" . تا شاعەباس (ی یەکەم) چل ساڵ دواتر" ئیسفەهان"ی کردووەتە پایتەخت . ئەوجا چۆنە دەنگێك لە میچی حەمامەکانی قەزوێنەوە دێت کە دەڵێت : " بڕێژە، بڕێژە" ؟! ئەوە چیرۆکێکی هەیە کە بەمجۆرەیە :

" شاعیرێکی فارس لەم قەزوێنە، ناوی" لوقمان" دەبێت، لە سەرەمەرگیدا بە کوڕەکەی دەڵێت : « ڕۆڵە گیان خەزنەم نیە، بەڵام ئەمەتا سێ شووشە دەرمانت بۆ بەجێدەهێڵم . ئەگەر چەند دڵۆپێك لە یەکەمیان بە مردوویەکدا بکرێت، رووحی تێدەگێڕێتەوە، ئەوجا بە پێداکردنی دەرمانی شووشەی دووەم ڕێك دادەنیشێت، بە پێدا رشتنی دەرمانی شووشەی سێیەم بەتەواوی زەق و زیندوو دەبێتەوە و، دەگەڕێتەوە ژیان . لوقمان مرد. کوڕی لوقمانیش پیر بوو و هەستی‌کرد لە مەرگ نیزیك‌دەبێتەوە . بانگی خزمەتکا- رەکەی کرد و، شووشەکانی پیشان دا و، وەکو باوکی پێی‌گوتبوو لێی روونکردەوە کە چۆن و بۆچی بەکاردێن و، پێی‌گوت ئەگەر مردم بەو دەرمانانە فریام بکەوە . کوڕی لوقمان مرد. خزمەتکار مردووی بردە حەمام و هەر سێ شووشەکە و، سەرەتا لە یەکەم شووشەی پێداکرد، ئەوجا دەرمانی شووشەی دووەمی پێداکرد ، کوڕی لوقمان ڕێك دانیشت و، ئەوەندە وورووژا ، بە هەموو هێزی خۆی هاواری لە خزمەتکارەکەی کرد « سێیەمەکەم بە سەردا بڕێژە، بڕێژە» . خزمەتکار لە دەنگی راچڵەکی و شووشەی لە دەست کەوت و شکا و، دەرمان بە ئاودا چوو " .

لە قەزوینەوە تا تاران شەش چاپارخانەیە . ئەوجا لە ڕێگا چۆن بە هێندێك بـەرتیلی زیاد پێش عارەبانەکەی تر کەوتین و ئەوجا من تەوسم لەوانەی ئەو عارەبانەیەی تر دەدا کە پێیانوابوو دەیانتوانی پێشمانبکەونەوە!

گەیشتینە تاران . چوومە لای" هیبێنێت"ی بژیشـکی تـایبەتی ناسیرەدین شـا ، کە دەمزانی سـوێدی بوو و سێزدە ساڵ بوو بژیشکی تایبەتی شا بوو و، شا نازناوی" خان"ی دابوویێ . زۆری کەیف بە دیتنی هاووڵاتێکی هات . بردمی تارانم پیشان بدات، کە یەك تاقە شەقامی تێدا نیە عارەبانە پێدا بڕوات و تۆزی ئێجگار زۆری لێ هـەڵنـەستێت . شەقامی قیرتاو یا بەردڕێژ و ئەو شتانە لە تاران نین، هەمووی هەر خۆڵە و تۆز دەکات . جارێك " ناسیرەدین شا"مان لە عارەبانەکەیدا بە ڕێگاوە دیت، بەڵام عارەبانەی ئەو تەپ و تۆزی هەڵنەدەستاند ، چونکە دەستەیەك لە پیاوانی، زۆر وەپێشی کەوتبوون و ڕێگایان بۆ عارەبانەکەی ئاوپرژێن دەکرد ،ئیدی تۆزی نەدەکرد . شا زۆر بە سەروسیما بوو، چاوی ڕەش و لووتی هەڵۆیی و، بە سمێڵێکی ڕەشی زلەوە، کەوایەکی ڕەش و کڵاوێکی ڕەش بەسەرەوە کە زمرووتێکی ئێجگار زۆر گەورەی پێوە و ئەوەندە گەوهەری تریـش . ئێمەش وەکو هەموو خەڵك عارەبانەکەمان لە پەنا ڕێگا ڕاگرت تاکو مەوکبی شاهەنشا تێدەپەڕێت . شا لە تێپەڕیندا، چاوی بە من کەوت، بە دەست ئاماژەی بە من کرد و بانگی لە بژیشككرد:« ئەوە کێیە ؟». بژیشك زۆر بەپەلە گوتی:« ئەوە هاووڵاتێکمە هاتووەتە سەردانم خـاوەن شـکۆ» . ئیدی ئەوە بۆ من بوو بە سەرەتای ئاشناییم لەگەڵ شادا، کە هەلی دیتنی ئەو تاغووتە فارسەی ڕۆژهەڵاتی، ساڵانێکی دواتر، بۆ ڕەخساندم .

نیوە کەلاوەی پاشماوەی قەڵایەکیشمان لە تاران دیت،کە کۆشکی فەتحعەلی شای باپیری ئەم شایە بووە . مار و مارمێلکە و دووپشك ئێستا ژوورەکانیان داگیرکردبوون، ئەو ژوورانەی کە سەردەمێك خەساوی ڕەش وەك سەقر و باز تێدا ئاگادارییان لە خانمانی چەرکەس و گورجی و فارسی حەرەمسەرا دەکرد . حەرەمسەرا لە نهۆمی خوارەوە بووە، حەمامەکەشیان،کە بەیانییانە بۆ حەمامکردن خۆیان تێدا ڕووت وقووت کردووەتەوە . بەد- زمان هەن دەڵێن گوایا : شاش لەوکاتەدا ناوبەناوە سەرێکی بە حەمامەکەدا کردووە تاکو ببینێت!

### کورتەیەکی فەسڵی سێیەم : لە تارانەوە بۆ ئیسفەهان و بوشەهر

کە هاوین هات،گوتم با بچمە باشوور . تاتاری هاوڕێم ( باکی چانۆڤ) لەوبەینەدا نەخۆش کەوت و، ڕۆیشت چۆوە باکۆ . ئیتر هەر خۆم بەتەنیا ڕۆیشتم . بەڵام چاپارخانەی کە ئەسپت بە کرێ دەداتێ،هەمیشە کەسێکت لەگەڵدا دەنێرێت تاکو ئەسپەکە بهێنێتەوە، ئیدی قەت تەواو بەتەنیا نیت . پارە، ٦٠٠ قرانم لە ژێر جلەکانمەوە شاردەوە

(دەوری ٥٠٠ مارك) و، لەگەڵ لاوێکی پازدەساڵانەی چاپارخانەدا، بە دوو ئەسپ بۆی دەرچووین . شەو و ڕۆژ ئەو چاپاریانە هەن و، لە ڕێگاش خۆراك تابڵێیت هەرزانە . لەو ڕێگایە، خەڵکی سوار و، کاروانی میوەمان دیتن، ئەو هەمووە کاڵەك و شووتییەیان لە یەك کەر بارکردبوو، کۆڵێك بەزەییم بە کەرەکاندا دەهاتەوە . دەروێشیشمان دیتن، تووشی حاجیش بووین کە لە حەج دەهاتنەوە و، هاوڕێکەم بە هەڵداوان دەچوو شانی کەوای ماچ دەکردن .

لە دەستی چەپمانەوە، شوێنی ئەو بورجەی شاری " ڕاگەس "م سەیرکرد، کە " تۆبیاس " باسی کردووە (نووسراو-ێکی ئاینیی جووی کەسێکی سەردەمی سەبیی بابل - شێرکۆ)، کە ئێستا مەرقەدی " شاه عبدالعظیم " ی لێیە، ئەو مەرقەدەی کە دە ساڵ دواتر (١٨٩٦) ئەم ناسیرەدین شایە لە پەنایدا دەکوژرێت ( نووسەر دەڵێت بە خەنجەر دەکوژرێت، بەڵام لەوەدا بە هەڵە چووە، " میرزا رضای کرمانی "ی لە تابیعانی " جمال الدین أفغانی " بە دەمانچە ناسیرەدین شای لەو شوێنە کوشت، دەڵێن دەمانچەیەکی کۆنی ژەنگاوی بووە - شێرکۆ) . " فاطمە " لە شاری " قم " لە دوا خەویدایە و گونبەدی زێڕی بەسەرەوە، کە لەبەر هەتاو دەبریسکێتەوە . ڕێگاکە لەدواییدا دەگاتە کاشان .

پاش ماوەیەك دیتم کە هاوڕێکەم خۆی سواری ئەسپێکی زۆر چاکی خێرا ببوو و، ئەسپێکی کەلەلای بێهێزیان دابوو بە من و، ئەو هەر پێشدەکەوت .گوتم نا، دەبێت بیگۆڕینەوە . تێمگەیاند کە من کەڵەکچێتی قەبوول ناکەم . گۆڕیمانەوە و، کردمە غار، کوڕ زۆر لەدوامەوە دەما و، دەپاڕایەوە کە بەجێی نەهێڵم . کە دنیا خەریك بوو تاریك دەبوو، دەترسا بە شەوی تاریك لەو سەحرایە بەتەنیا بێت . بەڵام من بەزەییم پێدا نەهاتەوە . گوتم ئەوا من دەڕۆم، لە " کوهرود " چاوەڕێت دەکەم . ڕۆیشتم و بەجێمهێشت، بە تەنیا بەو تاریکییەی سەحرادا چووم و، ڕێگام لێ ون بوو . لەو تاریکییەدا، جریوەی ئەستێرە بەسەرەوە و، ناو بە ناو بروسکەیەك لە ئاسۆی دوورەوە دیار دەبوو و، ئیتر نەمدەزانی بۆ کوێ دەچووم . تا دوای چوار سەعاتێك بەو حاڵە، خێوەتێکی کۆچەرانم بەدی کرد . چووم لایەکم هەڵدایەوە و بانگم کرد : کەسی لێییە ؟ دەنگێکی گڕی پیرەمێردێك وەڵامی دایەوە . پێمگوت کە ڕێبوارم و وێڵ بووم . زەلام، بە بێ ئەوە کە متەقی لێوە بێت، لەگەڵم هات و هەر وا بە بێ ئەوە وشەیەك لە دەمی دەرچێت، بردمییە سەر ڕێگایەك و، هەر ئەوەندەی گوت : ئەمەتا! ئیتر ڕووی وەرگێڕا و زوو لە چاوم ون بوو .

زەوی کەم کەمە بەرزایی تێدەکەوت، تا ئاخری گەیشتمە " کوهرود " . چا، هێلکە و خوێ و نانم وەدەستهێنا . ئەوجا تخێڵ لەسەر زەوی لێیکەوتم و، زینەکەم کرد بە سەرین، سەرمکردە سەری و زوو لە خەوێکی قووڵ ڕۆچووم . بەرزترین شوێنی وێستگەی " هێڵی تەلگرافی ئینگلیسی- هیندی " لە نیزیکی دێیەکەیە، ئەو هێڵەی کە بەتەواوی ئێراندا دەکشێت . دووهەزاروسەد میتر لەسەرووی ئاستی دەریایە .

لەدواییدا گەیشتمە ئیسفەهان، پایتەختی شاعەباسی گەورە . ئێرە زۆر شوێنی شایانی دیتنی هەیە :
" زایندەرود" ی کە بە شاردا دەڕوات،" بازار شاه" کە ٦٥٠ میتر درێژ و ٢٣٠ میتر پانە . لێرەوە کاشیی رەنگاو-رەنگی رووی مزگەوت دەبینیت هەتا بڵێیت جوانە . کۆشکی " چهل ستون" کە دەبینیت بیست کۆڵەکەی هەیە، دەڵێیت بۆچی چل ؟ ئەوجا کە وێنەی ئەو بیست کۆڵەکەیە لە ئاوی حەوزەکەدا دەبینیت تێدەگەیت بۆچی وای پێ دەڵێن . بۆنی قۆخ و قەیسی و ترێی بازاڕی گەورەی ئەرمەنییەکانی" جلفا" مرۆڤ مەست دەکات و، هاواریان بۆ فرۆشیاران کە تێکەڵ بە دەنگی چەکوشکاریی مسگەران دەبێتەوە، ئاسمان پڕ دەکات . مرۆڤ کە لەسەر گردێکی باشووی شارەوە سەیری ئەملا و ئەولای خواری خۆی دەکات، ئەو هەمووە خانووە نزمانە لەو سەوزاییەدا ،لە کۆشی باخچاندا و، ئەو منارە و گونبەدانەی کە دەبریسکێنەوە، بەڕاستی ئەوە هەمووی زۆر هی دیدەنییە .

دیسان وەڕێدەکەوم . ئەم بیابانە قاقڕە، گۆڕێکی لێیە، سێ میتر درێژ و دوو میتر و دە سانتیم پان، کە پێی-دەڵێن " مادر سلیمان" (دایکی سولەیمان)، پاسارگادە، یا وەك دەڵێن گوایا گۆڕی " کوروش"ە . چوومە " پێرسەپۆلیس" ی شوێنی پایتەختی ئەخمینییەکان، هاوڕێکەم بە ئەسپەکەی خۆمەوە ناردەوە و، تەواوی رۆژەکە بە تەنیا لەوێ مامەوە .

ئەوجا گەیشتمە " تنگ الله اکبر"، هەرکە شاری شیراز لەم دەربەندەوە وەدەردەکەوێت و مرۆڤ دەیبینێت و لەبەرخۆیەوە دەڵێت " الله اکبر" ئەی شیراز چ دیمەنێکی جوانت هەیە . شیراز، بە شەراب و ژن و گۆرانی و گوڵباخی بەناوبانگە . گۆڕی دوو شاعیری بەناوبانگی لێ هەن : گۆڕی سەعدی ( لەدایکبووی ١١٧٦)؟! ی دانەری " گلستان" و، حافز ( لەدایکبووی ١٣١٨)؟! ی خاوەنی " دیوان" و ئەو شیعرەشی کە لەسەر گۆڕی نووسراوە :

" بە مەی و موتریبەوە لەسەر گڵکۆکەم دانیشە ــ تا بە بۆنت بە سەماکردنەوە لە گۆڕەکەم هەستم"

( بر سر تربت من با می و مطرب بنشین ــ تا به بویت ز لحد رقص‌کنان برخیزم

لێرەدا وەرگێڕانە هۆڵەندییەکەی ئەو بەیتەی تێدایە، کە نووسەر لە بەیتەکانی شیعری سەر کێلی گۆڕەکەی هەڵبژاردووە . تاریخەکانی سەعدی و حافزی تەواو نین ــ شێرکۆ ) .

تەیمووری لەنگ زۆر هۆگری شیعری حافز بووە و چووەتە سەردانی .

زۆر تەریقەتی دەروێشی لە ئێران هەن . دەروێشانی ئەمەیان هاواری " ئەڵڵاهوم" دەکەن و، ئەوانەی ئەوەی تریان دەڵێن " یاهوو، یا حەق" . هەشن توند دەئاژۆن، بە زنجیر بە شانی خۆیاندا دەکێشن . بەڵام هەموویان لە شتێکدا

وەکو یـەکن : عاسایان بە دەستێکەوەیە و، قـەپێلکی نیوگوێزی هیند بۆ وەکۆکردنی خێر و سەدەقەی خەڵك بە دەستەکەی ترەوە .

" بژیشکێکی سوێدی، دکتۆر Fagergren ، ساڵی١٨٦٣ هاتووەتە ئەم شیرازە و دوا ٣٠ ساڵی ژیانی تێدا ماوەتەوە ( لە گۆڕستانی مەسیحییان لە شیراز نێژراوە) . جارێك دەروێشێك لە دەرگای دەدات، دکتـۆر دەیـکاتەوە و، دراوێکی وردەی مـس دەخـاتە دەسـتی دەروێشـەوە . دەروێـش زۆر بە رووی دڵگرانییەوە پارەکەی دەداتەوە و پێی‌دەڵێت کە « جەناب، من بۆ سواڵ لە دەرگام نەداویت،من هاتووم هیدایەتت بۆ دینی ئیسلام بکەم » . دکتۆر دەڵێت « ئادەی کـەراماتێکم پیشان بدە بزانم» . دەروێش دەڵێت « باشە، من دەتوانم بە ئەو زمانە قسەت لەگەڵ بکەم کە تۆ بتەوێت» . دکتۆر بە زمانی سوێدی پێی‌دەڵێت« دەی بە سوێدی قسە بکە» . دەروێش دەستبەجێ و بە دەنگێکی دلێر و سوێدییەکی ڕەوان و جوان چەند دێڕێك لە شیعری سوێدیی« بەیتی فریتهۆف»ی Tegnérی شاعیر(و نووسەر و پرۆفیسۆر ...)ی سوێدیی بۆ دەخوێنێتەوە ا. دکتۆر لە شوێنی‌خۆی وشك دەبێت،کەرامات لەوە پتر؟ دەروێش پتری لەسەر دەڕوات و، ماوەیەك دکتۆر وا شێت دەکات،تا لەدواییدا پێی‌دەڵێت کە من«هێرمان ڤامبێری» -یم! هەمان ئەو پرۆفیسۆر هێرمانەی‌کە دوایی لە خوێندنی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتدا لە زانکۆی بوداپێست زۆر بەناوبانگ دەبێت، ئاوا خۆی گۆڕیوە و ئەو گاڵتەیەی لەگەڵ کردووە" .

من، بە بێ ئەوە کە خۆم لە کەس بگۆڕم، لە شیراز بوومە میوانی مسیو" فارگۆ"ی فەرەنسیی ئێجگار زۆر بە مەحەببەت . ئەم پیاوە کارمەندێکی جەوانی فەرەنسا، ئیجازەی شەش مانگی لە کارەکەی لە فەرەنسا وەرگرتووە و هاتووەتە شیراز. وا کە من بیست ساڵ دوای‌ئەوە دێمە شیراز،هەر لەوێیە، چوار ساڵ دواتریش لە تاران دیتمەوە، ئەوەندە ئەو وڵاتەی چووبووە دڵەوە .

ڕێگای لە شیرازەوە بۆ خەلیج زەحمەتترین بەشی هەموو ڕێگای سەفەرەکەم بوو . ڕێگای لێژ و بەردەڵانی تیژی زۆر خەتەری شاخوداخی فارسستان، هەڵگەڕان و داگەڕان بە ناو ئەو بەردە داغانەی بەر هەتاوی سێ ملەی " زین سفەید" و " پیرزن" و " کتل دختو"دا . جارێکیان ئەسپەکەم خلیسکا و کەوتە خوارەوە، ئیتر خوا دەزانێت نێوان خۆ فڕێدانی من و هـەڵدێرانی ئـەسپەکەم هەر چاوترووکانێك بوو . گـەرمایەك بوو مرۆڤی پێ دادەهێزا . بـەڵام بەرزایی تا دەهات کەمتر دەبۆوە، تا بە دەشتاییەکی وشکی کەناری ئاو گەیشتم . جارێکیان، بە بێ خزمەتکاری چاپارخانەکە، کە ئەمجارەیان جەوان نـەبوو، پیرەمێردێك بوو،هەر خۆم بە شەو ڕۆیشتم . ئەوجا ئەو ناوە وەنەبێت

63

بێ جەردە و پیاوکوژی زۆریش بێت، بەڵام ئیتر من سەلامەت دەرچووم . کە ڕۆژ بۆوە، ڕووناکایی وەك دەمی شمشێرێك لێم دەرکەوت و، دوای چەند سەعاتێك گەیشتبوومە ناو " بوشهر" و، بەوە من بە ٢٩ ڕۆژ، ١٦٠٠ کیلۆمیتر لە ئیمپراتۆریی شادا بە سواری ئەسپ بڕیبوو .

کورتەیەکی فەسڵی چوارەم : بە میسۆپۆتامیادا بۆ بەغدا

بوشهر ناخۆشترین شارێکە کە من لە ئاسیا دیتوومە، ئەی براڕۆ کە ناخۆشە، دەڵێم پیاو دەبێت چیی کردبێت تاکو بەوەی مەحکووم بکەن کە بێت لێرە بژیت. شارێکی ڕووت و ناشیرین و تەواوی ساڵ گەرم، لە هاویندا لەبەر سێبەر دەگاتە ٤٥ دەرەجە. من لای ئەورووپاییانێکی بە مەحەببەت دەمامەوە. خەڵك لێرە لە سەربان، لە ژێر مێشوولەبەند دەخەون و، بەیانییانە زوو دەبێت ڕاکەن بێنە خوارەوە ئەینا هەموو پێستیان بە هەتاو دەسووتێت، دەبێتە پەڵە و، ژان دەکات .

ئاخری، کەشتیی ئینگلیسیی" ئاسیریا"( ئاشوور) هات و لەنگەری خست . بۆ دەستگرتن بە پارەمەوە، کە کەم دەبۆوە، هەر لە بانی بێ بانی کەشتی شوێنێکم گرت . کەشتی، کووتاڵ و خەڵکی لە نێوان " بۆمبێی" و " بەسرە" دەگواستەوە . بەو هەمووە ڕۆژهەڵاتییانە : هیندی و فارس و عارەب، هەر جمەی دەهات . کەشتی وەڕێکەوت و، زۆری نەبرد کە لە دەمی " شط لعرب" نیزیك بووینەوە، ئەوجا کەشتی لە خێرایی کەم کردەوە و، کەمێك پێش گەیشتن، دەبوو زۆر بە پارێزەوە بە پەنا ئەو هەمووە گردانەی لم و لیتەدا بڕوات، کە ڕووباری دیجلە و فورات هێنا-بوونی . ئەو دوو ڕووبارە کە تێکەڵ دەبنەوە و دەبنە" شط العرب"، ئەوجا وا بە یەکگرتوویی دەڕژێنە خەلیجەوە، بە لم و لیتەیان، ساڵانە ٣٥ میتر لە خەلیج پڕ دەکەنەوە . بەرەژووری شەت هەڵکشاین . لە تەختایی ئەمبەر و ئەوبەر-مان دەمدیت : دارخورما ،کوڵیت و خێوەتی ڕەش،گاڕانی گاوگوڵ و ڕانە مەڕی لێ بوون و گامێشیش لە زۆنگاوا-ندا بوون . هەر کە ئاسیریا لەنگەری لە بەسرە خست، دەوری ٣٠ قایقی بچووك، کە ئەوان پێیدەڵێن " بەلەم" بە سەوڵ لێدان بۆمان هاتن، بۆ گواستنەوەی خەڵکی سەر کەشتی و کەلوپەل دەهاتن بەڵام چ هاتن ؟ بەلەمیان دەهات تەنانەت تا خۆی لە کەشتییەکە دەدا .

کۆنسولگەریی ئەورووپاییان و، مغازە و شوێنی بازرگانان لە کەناری ئاو هەن، بەڵام من چ کارم بەوانە داوە ؟ هیچ . گوتم با بەلەمێك بگرم ( کە - تۆ بڵێ-" کانوو"یەکی تەسکە) . خاوەنی بەلەم بە پێچی نێوان دارخورمایاندا سەوڵی لێدا و بردمی . هەوا گەرم و تەڕ بوو و نەدەجووڵا ، بەڵام دارخورما بۆنێکی زۆر خۆشیان لێ دەهات .

شاعیرێکی فارس گوتوویە کە خورما حەفتا جۆری هەیە و، بۆ ٣٦٣ شتیش بەکەڵکە . خورما، پێشی دەگوترێت " درەختی مبارەکی ئیسلام" . خورما حەقەن خۆراکی سەرەکیی بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتەکەیە .

بەسرەی عارەب، کە تورك ساڵی ١٦٦٨ دەستیان بەسەردا گرتبوو، خانووەکانی دوو نهۆمن و، بالکۆن و شانشینیان هەن . ژنانی، لە پشت پەنجەرەی بە شیشەوە چاویان لە ژیانی کۆڵانی تەسکی بەرماڵیانە . چاخانە، جۆرە هەیوانێك، تورك و عارەب و فارس و رۆژهەڵاتیی تر لێیاندادەنیشن، چا یا قاوە دەخۆنەوە و نێرگەلە دەکێشن .

بەسرە، شارێکی پیسە و،هی ناساغییە . وەزیفەی پۆلیسی پاکی و لەشساغی لە ئەستۆی چەقەڵ و کەمتیاراندایە کە شەوانە دێنە ناو شارەوە و، لە کۆمای زبڵ و کەلاکی حەیوانانی پاك دەکەنەوە .

دوا رۆژی مانگی پێنج، گەمیەی " مجیدیە" لە بەسرەوە بۆ بەغدا دەەرچوو . ئەفسەرانی ئینگلیسی بە سەرەوە بوون و، ئەوانەی کاریان هەڵدەسووڕاند تورك بوون . من تاقە سپییەك ( ئەوروپایی) بووم تێدا، ئەوانی تر هەموو رۆژهەڵاتی بوون،کە لە پردی کەشتییەوە(نێوان دوو چەرخی فەرماندەیی‌کەشتیوان) سەیرێکی خوارەوەت دەکرد، ئەو هەمووە بازرگانە عارەبانەت دەدیتن خەریکی تاوڵی ( تەختە) کردن بوون، ئەو فارسانەش سەبیلیان دەکێشا و بە تایبەتی مەراقی ئەوەیان بوو سەماوەرەکەیان گەرم بمێنێتەوە . ژنانی جەوانیش، بە پەردەیەکی شین - تۆ بڵێ-حەرەمسەرائاسا خۆیان جیاکردبۆوە و،لەسەر دۆشەگ و سەرینان پاڵ کەوتبوون و، خۆیان بە نوقڵ و سیغارکێشان! و چا خواردنەوە دەخافڵاند . دەروێشێکیش لە سەر لووتی کەشتییەکە بە دەنگێکی بەرز و دلێر نەقڵی دەگێڕانەوە و، ئەوجا بە کەشکۆڵەکەی بە خەڵکەکەدا دەگەڕا بەڵکو خۆراکێك دابین بکات .

دیجلە و فورات، دوو رووباری بەهەشت، لە لای" قرنە" پێکدەگەن . عارەب دەڵێن، لە کاتی خەلقی دنیادا، بەهەشت لەسەر نیمچەدوڕگەیەکی نێوان ئەو دوو رووبارە بووە . تەنانەت داری پیٚزانینی باشە وخراپەی بەهەشتت لەوێ پیشان دەدەن . هەن دەڵێن دیجلە پیاوە و فورات ژنە و لە" قرنە"( قورنە) زەماوەند دەکەن . کە مرۆڤ لە سەر نەخشە لە شکڵی قورنە دەنۆڕێت، ناوەکەی وەکو " کۆرنۆ"ی لاتین واتا قۆچ، دەبینێت بەڕاستی وا دێتە بەرچاو .

فورات، ٢٧٧٥ کیلۆمیتر درێژ ( ژمارەکە تەواو نیە - شێرکۆ) لە سەرچاوەیەوە لە بانی ئەرمەنستانەوە و لەگەڵ دیجلەی کەمتر درێژدا" میسۆپۆتامیا" ( نێوان رووباران) پێکدەهێنن، کە عارەب پێی‌دەڵێن " الجزیرە" ( ئەوە هەر بە بەشێکی دەڵێن، ئەو بەشەی کە" ترایانوس" ساڵی ١١٥ی پێش زایین ناوی ناوە" پرۆڤینسیا میسۆپۆتامیا"، مووسڵ و دەوروبەری دەگرێتەوە، بەوە دەڵێن الجزیرە . بیت نهرایم کە ترایانوس ناوەکەی وا وەرگێڕا سەر زمانی خۆی، ئەوجا"بلادالرافدین"ی عارەبی، بە نێوان دوو رووبارەکە گوتراون، بەڵام ئەویش هەر بە بەشی هەرە زۆری،

کە وڵاتی سومەر و دواتر قەومە سامییەکانی لێ دامەزراون ـ شێرکۆ) . ئەو زەوییەی کە رۆژگارێك زلهێزانی بابل و ئاشوور شەڕی جیهانییان لەسەر کردوون . لێرە لە " بابل" بوو، کەسانێکی بە غروور بورجی خودایان روو لە ئاسمان بینا کرد . هەر لە کەنارەکانی دیجلە، وێرانەکانی " نینەوا"ی پـایتەختی " سنحاریب" و " أ سرحدون" و " سارداناپال" دەبیندرێن ( مەبەست لە ساردانایال : آشور بانیپال، کە مێژوونووسی رۆمانی " جوستینوس" وای نووسیوە . لە تەوراتی عیبریدا نووسراوە " ئۆسنەپپەر אָסְנַפַּר"، وەرگێڕی عارەبیی تەورات کردوویە بە " أُسنَفَّر" ( ئوسنەففەر) ــ شێرکۆ) . دەمی فوراتمان لە چەپەوە بەجێهێشت و، بە پێچەکانی دیجلەدا ژووربووینەوە . ئەو رێگایە هێندە بە لم و لیتە و ئاوی لێڵە، دەڵێیت نۆکاوە! کەشتیوان دەبێت زۆر ئاگای لەوە بێت لەسەر گردێکی چەقی رێگای نەچەقێت . گەمیە زۆر جار ناچارە خۆی لە زۆر ئاوی هاوسەنگیی تێدا رزگاربکات و، بداتە لایەك تا خەڵك و کووتاڵیش ماوەیەك بۆ ئەوە لە کەشتییەکە وەدەربخات . رێگای لە بەسرەوە بۆ بەغدا، چوار رۆژی بۆ دانراوە، بەڵام وادەبێت حەوت رۆژ دەگرێت . دە لە بەغداوە بۆ بەسرە بە گەمیە لە کاتێکدا کە ئاستی ئاو بەرز دەبێت هەر ٤٢ سەعاتە .

بەیانیی یەکەم رۆژی ژوئەن/ حوزەیران گەیشتینە گوندی Esrar Grab ( " جرب عزرا"، لە مەڵبەندی " عمارە"، مەرقەدی پێغەمبەرێکی جوو" عزرا"ی لێیە، شوێنێکی پیرۆزی جووەکان بوو و، ئێستا بووە بە هی مسوڵمانان . لە کەرکووکیش مەقامێکی هەیە پێی‌دەڵێن"عوزێر"، رەنگە لە شوێنی‌تریش‌هەبێت ـ شێرکۆ) . وێنەی دارخورما-کان لە رووباردا دەدیترا . باربەری جوو بۆ هەڵگرتنی خەڵك و کوتاڵ بە سەوڵ لێدان بۆمان هاتن . کۆچەری نیوە-کێوی! بە رەوەی حەیوانیانەوە بە کەناری رووباردا دەڕۆیشتن . ئەو عارەبانە رمبیان بە دەستەوە بوو و، تەوقێکی لە مووی ئەسپیان لەسەر تەپڵی سەریان بە سەر پـەڕۆیەکی سپییەوە دانابوو و، پـەڕۆ بەسەر شانیاندا شۆڕ ببۆوە . ئەوانە لە عەشیرەتانی" منتفك" و"أبو محمد"ـن ( مەبەست : ألبو محمد، کە رەنگە ئێستاش گەورەترین عەشیرەتی ئەو مەڵبەندە بێت ـ شێرکۆ) . گەمیەی بایەوانی، کە پێی‌دەڵێن کەشتی kaschti لێرە هەن . چیاکانی کوردستان لێرەوە دیارن! شین دەبنەوە . گامێش مەلە دەکەن . خاوەنی حەیوان بە رمبەکانیان بە ریز رۆیشتنی حەیوانەکانیان هەڵدەسووڕێنن . چادری رەش لە دەشتی رووت و گەرم هەڵدراون و، ئاگری ئاگردانی هۆبەیان لە شەوی تاریکدا دیارە . هێشتا رۆژ بەتەواوی سەری‌هەڵنەهێناوە، گەرما دەتپرووکێنێت . ئێوارەش مێشوولە هێرش‌دەهێنن . بە رۆژ کولـلە - زۆر بە حەرفی - بەری ئاسمان دەگرن و دنیا تاریك دەکەن : بە سەر دەستتەوە، بەسەر جلوبەرگتەوە، بەسەر دەموچاوتەوە،هیچ ناهێڵنەوە پەلاماری نەدەن، دەبێت دەرگاو پەنجەرەی ژوورەکەت لە گەمیەدا دابخەیت تا جێگای

خەویشت لێ پڕ نەبێت، بەڵام مەگەر بەوە رزگارت دەبێت ؟ نەخێر، ئەوساش بە دووکەڵکێشی ژوورەکەتدا بۆت دێنە مەیدان، دەستە دەستە باڵیان دەسووتێت و بەسەریەکەوە کەڵەکە دەبن ... بەڵام هەر دێن و دێن .

لای" کوت العمارە"، لەنگەی خوری بارکران وگەمیە پەکی کەوت و پاشەوپاش کشایەوە و فلق خۆی بە تەپۆڵکە-یەکی لەدا دا . دیسان ئاوی هاوسەنگیی گەمیە بەتاڵ دەکرێتەوە و، بە رووباردا( کە ئاوی هەر سەعاتە چوار کیلۆ-میتر دەڕوات) رێگا دەگرێتەوە بەر . ئەوجا بە سێ سەعات پێچێکی زۆر درێژی رووبار دەبڕین کە ئەگەر لە بەڕەوە لەمسەر بۆ ئەوسەری راستەو ڕاست بە پێ بڕۆیشتینایە، مەگەر هەر نیو سەعاتی بگرتایە .

ئەم نیمچە دورگەیە وێرانەی شاری" قطیسفون"ی لێیە، کە پارتی، رۆمانی و، ساسانی فەرمانڕەواییان کردووە . یەك سەعات لە بەر دەمی تاقی کیسرای ئەنەوشیروان (٥٣١-٥٧٨) مامەوە . کەشتیوان کێشەی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە من ویستم لە کەشتی دەرچم و سەیرکەم .

" لێگاتۆس"ێکی رۆمانی ( جەنەراڵ، لەم حاڵەتەدا سفیر) لای پادشای ئەم کۆشکە دەبێت، پەڵە زەوی-یەکی بچووکی لە ناوەڕاستی باخچەکەی پادشادا بەر چاو دەکەوێت، هەر دڕك و داڵ و گژوگیایەکە و هیچی تر، دەستی بۆ نەبراوە . لە پادشا دەپرسێت ئەوە بۆچی وایە ؟ پادشا دەڵێت : ئەوە هی بێوەژنێکە و نایەوێت پێمانبفرۆشێت، ئیدی هەر وا دەمێنێتەوە . رۆمانییەکە گوتوویە کە ئەوە جوانترین بەشی زەوییەکە بووە ".

" « یزدگرد»ی سێیەم خۆی لەبەر عارەبان نەگرت . جارێك لە گفتوگۆدا بەعارەبەکانی گوتووە : « من زۆر قەومم دیتوون، بەڵام وەك ئێوە هەژارم نەدیتوون . ئێوە، مشك و مار خۆراکتانە و، پێستی مەڕ و وشتر بەرگتانە . چۆن دەتوانن دەست بە سەر دەوڵەتی مندا بگرن ؟ » . عارەبەکان گوتوویانە : « ئێوە راست دەکەن، ئێمە جاران لە برسێتی و رووتییدا بووین، بەڵام خودا پێغەمبەرێکی داینێ، کە عەقیدە-کەی هێزی ئێمەیە » ".

لە بەغدا نیزیك دەبینەوە، زەویی چۆڵ و بێ ژیان لە بۆخی هەتاودا پێچراوەتەوە . من خەون بە شتە سەیر و سەمەرەکانی هەزارویەك شەوەوە دەبینم و بەو سامان و جوانی و رەنگینییەی کە پایتەختی خەلیفە عەباسییەکانی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا وا بەناوبانگ کردووە . بەڵام کە بۆخەکە تەنك دەبێتەوە و، هەر خانووی قوڕ و دارخورما دەبینم، خەونەکەشم لێ تەنك دەبێتەوە . پردێکی بێ هێز و پێزی وە سەر ئاوکەوتوو( بێ پایە) بە سەر دیجلەوەیە ( روونکردنەوەی وێڕا نیە، پرد لە کوێ بوو و گەمیە بە کوێدا رۆیشت ؟) . دۆلابی زلی ئاودانی زەویی

کەنار رووبار دەسووڕێتەوە، ئەسپ دەیکێشن . گۆڕی" زبیدە"ی ژنە خۆشەویستەکەی" هارون الرشید" دەکەوێتە سەر کەناری دەستی راستمانەوە .

" مجیدیە" لای مەرکەزی گومرك لەنگەری دەخات ." قفە" ( قوففە) لەجیاتی بەلەم، کە نە سنگی هەیە و نە پشت، هەمان ئەو شتەیە کە هێرۆدۆتوس باسی‌کردووە، لێرە دێن لێمان دەهاڵێن تا بمانبەنە سەر بەژ .

خەلیفەی بـەهێز" أبو جعفر المنصور" ساڵی ٧٦٢ بەغدای دروستکرد و ناوی نا" دارالسلام"، لە سەردەمی "هارون الرشید"ی نەوەیدا زۆر گەشایەوە . ساڵی ١٢٥٨ هولاگوی مغولی تاڵانی‌کرد و سووتاندی . کەچی دوای ئەوەش، " إبن بطوطە" کە ساڵی١٣٢٧ چووەتە بەغدا، سەری لە ئاوەدانی و جوانیی سوڕ ماوە . ئەوجا ساڵی ١٤٠١" تیمور لنگ"- جگە لە مزگەوتەکان - هەمووی وێران کرد و، هەرەمێکی لە ٩٠٠٠٠ کەلـلـەسەری مرۆڤ تێدا هەڵچنی ( تاریخەکەی هەر لەم وەرگێڕانە هۆڵەندییەدا بە هەڵەی چاپ بووە بە ١٤١٠، تیمور جاری یـەکـەم ساڵی ١٣٩٣ بەغدای لە دەستی جەلائیریەکان دەرهێنا، ئەوجا کە دوو ساڵ دوای ئەوە جەلائیریەکان دیسان سەنەد- یانەوە، تیمور زۆر تووڕە بوو و، ئەمجارەیان بوو کە ساڵی١٤٠١ چوو هەمووی بەسەر تەپڵی سەریاندا وێران‌کرد ــ شێرکۆ) . بەغدا ئێستا چیی لە سەردەمی عەباسییەکان بۆ دیتن پێوە نەماوە . منارەی" سوق الغزل"ی دەڕوانێتە سەر دەریایەك لەو خانووانەی کە خەڵکی شارەکە، دووسەدهەزار کەسێك، تێدا دەژین . شەقام ( دەبێت مەبەستی شەقام وکۆڵان بێت ــ شێرکۆ) ی تەسك و، هەموو جۆرە خەڵکێك دەبینیت : عارەب، بەدو!، تورك،فارس،هیندی، جوو، ئەرمەنی . شتی جوان لە بازاڕ بەرچاو دەکەوێت : فەرشـی جوان، پشتێندی ئاوریشم و، پارچەی زەڕبافت، کە زۆرتری لە هیندستانەوە دەهێنرێت . خانووەکان دوو نهۆمن، سەربانیان رێکە، هەیوان و باڵکۆنیان هەن و، " سـارداب" بۆ سەردەمی گەرمای هاوین . " پونکا punka")شیان هەن، کە بریتیە لە باوەشێنێکی هـەڵواسـراو بە میچەوە و کوڕێك بە پەتێك رایدەکێشێت . دارخورما دەبینیت لە حەوشی ماڵانیانەوە سەریان هەڵێناوە .

### کورتەیەکی فەسڵی پێنجەم

سڤین هێدین لە بەغدا میوانی ئینگلیسێکی دەوڵەمەند و خانمەکەی دەبێت و، ئەوجا بڕیار دەدات بە" تـاران"دا بگەڕێتەوە، بـەڵام ئـەمجارە، بە رێگای" کوردسـتانی خـەتەر و رۆژئاوای ئێران" دا بچێت . لە رێگا دەیەوێت لە کاروان جیابێتەوە و، هەر خۆی لەگەڵ کەسێکی تردا درێژە بە سـەفەر بدات . کلدانییەکی هاوڕێگای پێی‌دەڵێت : " شتی وا مەکە، دەکرێت لە رێگا جـەردەی کورد بتگرن و، بە تێهەڵدان بتکوژن". ئیدی تەواوی باسی کورد و

کوردستان لەو سەفەرەیدا لە بەغداوە بۆ تاران کە بە کوردستاندا دەچێت هەر ئەوەندەیە . من ئەوەم زۆر پێ سەیرە . جگە لە ناوی " خان بنی سعد " و "بعقوبە" و " کرماشان" و " هەمەدان" ( و شوێنەواری ئەکباتان)، ناوی هیچ شوێنێکی تر نـاهێنێت . ئازایەتی و خوێنگەرمیی سڤین لێرەدا بە تەواوی روونە کە چۆن ( بە شەق و زللە) شەڕ لەگەڵ سەربازانی سەر سنوور دەکات .

کە دەگاتە کرماشان، تاقە یەك شایی سووری پێ نـەماوە، هیچ . دەڵێت : " بەشی ئەوەندەشم پێ نەبوو کە ئەگەر سواڵکەرێك بهاتبایەتە بەردەمم بمخستایەتە دەستییەوە". کەسیش ناناسێت و ئەوروپاییەکیش لە کرماشان نیە تا بچێتە لای . برسی، بێ خۆراك و پارە و، شوێنی بۆ شەویشی نیە . پاڵ وە دیوارێك دەدات و نازانێت چی بکات، بە هەق - مامۆستا گیو گوتەنی- دەبێتە " داماو"! خەڵك دەستە - دەستە دێن تماشای ئەم تەیرە سەیرە بکەن، ئەو دەعبایە لەکوێوە داباریوە ؟ دەبێت چ گاورێکی کافر بێت و چ کاری لێرە هەیە ؟

دەڵێت : لە پڕێکدا، مەگەر هەر پێی بڵێین سیحر، وەبیرم هاتەوە کە هەم لە بوشهر و هەم لە بەغدا، باس هەر باسی " ئاغا محەمەد حسەن"ێکی عارەب بوو، کە دەیانگوت لە " کرماشان" دەژیا ، دەوڵەمەندێك بوو ، کاروانە- کانی هەر لە" هـەرات" ـەوە تا" قودس" و" سەمەرقەند " و" مکە" بە رێگایانەوە بوون و - قسەی خۆمان بێت - جاسووسی ئینگلیسیش بوو . ئەرێ بۆچی نـەچمە لای ؟ دەڵێت : هەستام و پرسیاریم لە کەسێك کرد : ئەرێ دەزانیت ماڵی ئاغا محەمەد حسەن لەکوێیە ؟ تەبیعی دەزانم، یانی چی ؟ وەرە با بتبەم؛ بردیانم بەڵام بۆ کوێ ؟ : کۆشك و سەرای پادشایی، باخچە و حەوزی ئاو و ژووری گەورەی پڕ لە فەرشی گران و ئاوریشم و شتی جوان و گران . ئـەگەر بتدیبام چۆن بە پێڵاوی هیچ پێوە نـەماوەوە! بە سەر ئەو فەرشـە گرانانەدا دەڕۆیشتم . ئـاخری، گەیشتینە ژووری ئاغا محەمەد حسەن،کە دانیشتبوو ، دەستەیەك سکرتێر بەدەورییەوە لە خزمەتیدا بوون و شتی پێ دەگوتن کە بینووسن . کە من وەژوورکەوتم، ئاغا محەمەد حسەن، بە دەموچاوی جوان و ریشی سپی و مێزەری سپییەوە، لەبـەرم هەستـا و، بەخێرهاتنی کردم و، منیش بە زوویی کەوتمە سەر گێڕانەوەی چیرۆکی خۆم . ئاغا محەمەد حسەن زۆر بە سـەبرەوە لێمگەڕا چیرۆکی خۆم بگێڕمەوە، سەری بۆ دەلەقاندم و دە- دەی، پیشانی دەدا کە قسەکانمی قەبووڵ بوون و تێدەگەیشت . بـەڵام لەدواییدا کێشەی یەك شتی هەبوو کە تێینەدەگەیشت : ئاخر " سوێد" چیە و لەکوێی دنیایە ؟ منیش ئەوەندەی بۆم کرا بۆم باس کرد کە : سوێد وڵاتێکە لە نێوان رووسیا و ئینگلستان و، دەکەوێتە کوێی کوێوە و ... ئەوجا گوتی یانی تۆ خەڵکی وڵاتی" تـەمیر بـاش شـا"یت ؟ ئەوسا وەبیرم هاتەوە کە لە تورکیا بە" کارلی دوازدەیەم"ی پادشای سوێد(ی پێش دوو سەدە")یان گوتووە " تەمیر باش"

( واتا: سەرئاسن) . گوتم : ئەرێوەڵلا من خەڵكی وڵاتی" تەمیرباش"م . ئاغا محەمەد حەسەن، بە بیستنی ئەوە لە من، دەموچاوی روون بوونەوە و، زۆری پێ شاد بوو و،گوتی : تۆ شەش مانگ میوانی من دەبیت و، هەرچی لەم ماڵەدایە لەژێر فەرمانی تۆدایە، تۆ هەر فەرمان كردنت لەسەرە و، ئێمەش بەجێهێنان .

كەواتە، فانۆسی عەلائەدینی هەزارویەك شەو نە خەیاڵە و نە هیچ؛ ئەمەتا منی كە سووك و ریسوا لە سەگ سواڵم دەكرد، برسی و كەلەلا لە كۆڵان كەوتبووم، وا بووم بە سوڵتان و، خزمەتكاران راوەستاون تا بزانن پیاوی تەمیر باش شا چ فەرمانێكیان پێ دەكات : ئادەی سینیی خواردن بێنن، ئادەی ئەسپ زین كەن، ئادەی بێنن، ئادەی بەرن ... بەڵام من لەم سەڵتەنەدا، دیسا هەر تاقە شاییەكم لە گیرفاندا نەبوو و، فیزیشم رێگای نەدەدام داوای پارە بكەم، ئاخر منی ئاغای ئەو هەمووە كۆشك و سەرا و خزمەتكارانە چۆن داوای پارە بكەم ؟

ئاخری، بە یەكێك لە دوو یاوەرە خزمەتكارەكەم گوت كە " گیرفانی پیاوی تەمیر باش شا هیچ - هیچی تێدا نیە". یاوەر، وێدەچوو ئەو قسەیەی منی زۆر پێ سەیر بێت، بەڵام زەردەیەكی پیشاندام، نەمزانی بەزەیی پێمدا دەهاتەوە یا دەیویست بڵێت : خودا دەزانێت منیش گومانی ئەوەم دەكرد . ئەوجا وەڵامێكی دامەوە كە تا ماوم لەبیری ناكەم،گوتی :" پارە، هەرچەندی بتەوێت دەتوانیت لە ئاغا حەسەنی وەربگریت" .

كاتێك - دوای چەند رۆژێك - رۆیشتم، یەك كیسەی چەرمیان دامێ، پارەی تێدا بوو ( كە من دواتر هاتمەوە و دامەوە) .

سڤینهێدین ٥٥ سەعات بە بێ یەك دەقیقە خەو بە رێگای تارانەوە دەبێت . لەوێ ناوەستێت، درێژە بە رێگای گەڕانەوەی بۆ سوێد دەدات، بەشێك بە ئەسپ و بەشێك بە گەمیە و بەشێك بە قەتار، بە رێگای باكو، تفلیس، باتوم، ئەستەنبول، بولگارستان، ئەڵمانیا و لەوێوە بە گەمیە دەگاتەوە سوێد (١٨ی سیپتامبری ١٨٨٦)، بەمجۆرە گەشتی گەورەی یەكەمی بۆ ئاسیا، دوای حەڤدە مانگ و سێ رۆژ كۆتایی دێت .

بە رێکەوت نیە کە فرۆید و پەرەسەندنی زانستی سایکۆلۆجی و کاریکاتۆر و سوریالیزم لە مێژووی نوێی رۆژئاوادا، هەموو، نیزیکەی وێکڕا( هاوکات) سەریان هەڵێناوە . کاریکاتۆر، ئەگەر لە ناوەندی سەدەی هەژدەوە ١٨٤٥ ـەوە ( گۆڤاری Punch) دەستی پێ‌کردبێت، یا ئەگەر بە لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی رۆژنامەگەری ( یەکەم رۆژنامە لە ئەوروپا ١٦٠٥ ، لە ئەمریکا١٧٠٤) بگەینە هەر تاریخێکی‌تری سەرەتای، ئەوا دەبینین کە عونسوری سەرەکی تێدا بریتیە لە : کێشانی " وێنەی ناواقیعی" بۆ قووڵتربوونەوە بەهەست لە " واقیع" . خۆ ئەگەر سوریا- لیزم بریتی بێت لە " سەرووی واقیع" بۆ هەست کردن بە " ریشەی واقیع"ی شاردراوە، ئەوا کاریکاتۆر هەست کردنە بە واقیعێك، کە تێدا چەند خەتێکی‌کەم باسێکی درێژ لە دۆخی سایکۆلۆجیی مرۆڤ دەگێرنەوە، بەڵام هەمیشە بە زەردەیەکی سەر لێوەوە، هەرچەند باسەکە کارەساتی گەورەش بێت .

ئەدی ئەگەر کەسێك بتوانێت هەزاران لەحزەی رۆژانەی سەدان رووداوی سالانێکی دوورودرێژی دەیان مەیدانی هەراوی ژیان، بە وێنەی کاریکاتۆری بکێشێت، بەڵام بە بێ خەت‌کێشانی کاریکاتۆریستی ئاسایی، لەجیاتی خەت : بەرزترین زمانی ئەدەبی بەکاربهێنێت و، ئەوە هەمووی بە رۆمانێکی نەمر بهۆنێتەوە، ئەوە دەبێتە چی ؟ ئەوە دەبێتە " چارلز دیکنز"، گەورەترین نووسەری سەدەی نۆزدەی ئینگلیس و یەکێك لە گەورەترین نووسەرانی مێژووی ئەدەبیاتی دنیا .

دیکنز، رۆمانی نووسیون، چیرۆکی‌کورت، چیرۆك بۆ شانۆ و،گوتار و، هێندێکیشی بە چەندین دەنگ لە سەر شانۆش بۆ جەماوەرێکی زۆری هۆگری خوێندوونەتەوە و، بەوە مەست و سەرسامی کردوون. دیکنز لە ژیانی خۆیدا، بەتایبەتی لە ئینگلستان و لە ئەمریکا زۆر بەناوبانگ بوو و، ئێستاش هەر خۆشەویستی خوێنەرانێکی زۆری دنیایە . لە ئینگلستان، سەری ساڵان چیرۆکەکانی کە بەو بۆنەیەوە دایناون دەخوێننەوە، رەنگە لە بەشێکی هێندێك لە وڵاتانی تریشدا کە زمانیان ئینگلیسییە هەر وا بێت . من یەکەم رۆمانی لێم خوێندەوە " چاوەڕوانییە مەزنەکان"ی بوو، ئەو هەمووە شەخسیەتانەی کە وەکو جادوو تێدا یەخەی خوێنەریان دەگرن و قەت بەری‌نادەن، سەرسامی‌کردم:"پیپ"ی شەخسیەتی‌یەکەمی چیرۆکەکە، منداڵی کە دایك وباوکی نەماون،" جۆ"ی ئاسنگەری دڵ زۆر چاکی مێردی خوشکی، هاڤیشام خانمی دڵشکاوی کە دەیەوێت هەموو دڵێك بشکێنێت و،کە " ئەستێلا"خانمیش فێردەکات وەکو ئەو بکات، " جاگەرز"ی پارێزەری قانوونی کە جۆرێك مەکینەی پارەپەیدا- کردنە بە قانوون و،" وێبمیك"ی یاریدەدەری کە باوکە کەرەکەی هەر بە " باوکە بەتەمەنەکە" ناودەبرێت و،

لەجیاتی قسەکردن، هەر تەنیا سەری بۆ رادەوەشێنن و، بۆ ئاگادارکردنەوەی لە شیوی ئێوارە، یەك تـۆپی هاوەنی بۆ دەتەقێنن کە هەرجارە بەوە زۆر شادو شاگەشکە دەبێت... یەك لە یەك بەهێزتر و سیحراویتر . بەڵام لە هەموویان پتر کە لە دڵی مندا مایەوە : " جۆو"ی نـەخوێندەواری ئێجگار زۆر فریشتە بوو، لە بەرانبەر ئەو هـەمووە خـەڵکە دڵرەق و هیچوپووچەدا، لەشکری بێرێز و بێ حورمەتانی خاوەن مەرکەز و رێز لە کۆمەڵگەیەکدا کە گەوهەری تێدا پێـشێل دەکرێت و، نیـفاق و درۆ و دەنگی دەهـۆڵی بـەتاڵ تێدا زاڵ دەبێت . دواتر، کە زۆر لە بـەرهـەمەکانیم خوێندنەوە و بە فیلم دیتن، لام وابوو کە رەنگە لە" پیك- ویك نامە "Pickwick Papers" کەیدا زۆرترینی نموونەی شەخسیەتانی ژیانی ئینگلستانی سەردەمی خۆی کۆکردبێتەوە .

ئێستا کە ئەمە دەنووسم، بە دڵ مامۆستا " حـسـەن قزڵجی"م، بەهۆی قسەیەکییەوە دێتەوە یاد و، خۆم لە خزمەتیدا دەبینم پێی‌دەڵێم : مامۆستا ئێوە لە پێشەکیی بۆ" مەم و زین"ـەکەی هەژاردا نووسیوتانە : " ... دانتی و پوشکین و ماکسیم گۆرکی و چیخۆڤ بە نووکی قەڵەم ..." چیبان کردووە؛ دە توخوا ئیجازە بدە با هێندێك لە پیك-ویك نامەی دیکنزت بۆ بخوێنمەوە، چۆن وێنەی نادادپەروەریی دادگاکان و کەڵەکچێتیی پارێزەرانی قانوو- نیی ئینگلیس دەکێشێت، چۆن سیستمی خـوێندنێکی نـائینسانی ریسوا دەکات، چۆن گـەندەڵیی گاڵتەجاریی وەدەستهێنانی دەنگی ئەحمەقان لە هەڵبژاردەنەکانی دیموکراسیدا لە قورهەڵدەکێشێت، چۆن کەکرەکی جیاوازیی زۆری چینایەتی دەخاتە سەر زمانی خوێنەرانی، بێزەوقیی ئـاکادیمییان و، نیفاق و درۆ و ... یەك دنیا نـەزانی، چۆن هـەمووی بە یەك تابلۆ رەسم دەکات، بە بێ ئەوە کە رێگا بدات لافاوی ئەو کـارەساتە بتوانێت حەقیقەتی گەوهەری رووحی فریشتە سادەکان لەگەڵ خۆی ببات؛ ئەوجا پێی‌دەڵێم: دەکرێت بفەرموون بەو کوردییەی کە هەر ئێوە دەیزانن پێمان بڵێن : دیکنز چۆن دەبینن ؟

"پیك- ویك نامە"( ناوەکەی زیرەکانە ئێستا وا کورت‌کراوەتەوە) بەو چاپەی کە من ئێستا هەمە ٧٤٢ لاپەڕەیە، بە دەگمەن بە سەر لاپەڕەیەکیدا تێدەپەڕم بە بێ ئەوە کە وەکو " تۆم"ی پشیلەکەی " تۆم ئەند جێری"، بە قاقـای بـەرزی پێکەنینەوە لاپەڕەکە هەڵنەدەمەوە، لەکاتێکدا کە هـەمووی هەر کارەساتە . ئیتر ئەوەیە کاریکاتۆر، بەڵام بە چ دەوڵەمەندییەك ؟ :

دووەم پاراگرافی دەستپێکردنی بەمجۆرە مل لێ دەنێت :

" ١٢ی مانگی پێنجەمی ساڵی ١٨٢٧، جۆزیف سمیگەرزی پایەبەرز هـ . ج . س . ئـ . ی . پ .( هـەتا- هـەتایە جێگری سەرۆك و ئەندامی یانەی پیك- ویك) سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی کرد و ئەم بڕیارانە بە

تێکڕای دەنگ وەرگیران : ئـەم کۆمەڵەیە، بە هەستی تەواوی شادیی پەتی و ڕەزامەندیی بێ سـنوور، گوێی لە خوێندنەوەی ڕەشنووسی « ئـەندێشە لە مەڕ سـەرچاوەی گۆلاوەکانی هامپستید ( گەڕەکێکی لەندەن) وێڕای هێندێك تێبینی لەبارەی تیۆریی ماسیماسی» لەلایەن ساموێل پیك- ویك ی پایەبەرز س . گ . ئـ . ی . پ . ( سـەرۆکی گشتی و ئـەندامی یانەی پیك- ویك)ـەوە گرت و، کۆمەڵە بۆ ئەوە گەرمترین سوپاسی پێشکەش بە خزمەت ساموێل پیك- ویك-ی پایەبەرز س . گ . ئـ . ی . پ .دەکات".

دوای درێژدادڕییەکی بەوشێوەیە بە زمانی زۆر پف هەڵدراوی پووچ کە بە دەوری هیچەوە دەسووڕێتەوە، بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەك لە پسپۆڕان دەدرێت:« ساموێل پیك- ویك-ی پایەبەرز س . گ . ئـ . ی . پ .» و« ترێیسی تەپمان-ی پایەبەرز ئـ . ی . پ . » و « ئۆگوستوس سنۆجگراس-ی پایەبەرز ئـ . ی . پ . » و « ناتانیل وینکل -ی پایەبەرز ئـ . ی . پ .»؛ ئەوانە بە گەشتێك بە وڵاتدا دەگەڕێن و، ژیان دەئەزموونن، دەبینن و دەبیسن و دەنووسن و، ڕاپۆرتیان پێشکەش بە یانەی پیك- ویك دەکەن .

ڕۆژی دوای ئەوە، میستەر پیك- ویك عارەبانچییەکی لە جۆرێکی سەیری نـەژادی مرۆڤ دەگرێت، بیگەیەنێتە کـاروانسـەرا، کە لەگەڵ هـەڤاڵانیدا یـەکتربگرنەوە و سـەفەر بکەن . میستەر پیك- ویك لە عارەبانەدا قـەڵەم و دەفتەری دەردەهێنێت تاکو هەر لە ئێستاوە دەست بەکار بێت، بنووسێت دنیا چ باسە . بە عارەبانچی دەڵێت :

ــ برادەر، ئەو ئەسپەت تەمەنی چەندە ؟

ــ عارەبانچی بە دڕدۆنگییەوە لێی دەنۆڕێت و دەڵێت : چل و دوو .

ــ چیی ؟

ــ چل و دوو

( میستەر پیك- ویك - ناچار- دەنووسێت : ٤٢ ) .

ــ ئەی هەر جارە بۆ ماوەی چەند دەریدەخەیت ؟

ــ دوو یا سێ حەفتە .

ــ ئێ‌ی بە حەفتە ؟

ــ بەڵێ بە حەفتە، ئەگەر لە ماڵیش بمێنێتەوە، ئەوا لە ماڵەکەی لە« پێنتۆنویل» دەمێنێتەوە، بەڵام بەدەگمەن ئەوە ڕوودەدات ...

دوای لەسەر ڕۆیشتنێکی زۆر سەیری چیرۆکی دڵڕەقیی عارەبانچی لەگەڵ ئەسپی بەدبەختیدا، کە چۆن پێچکەکانی

عارەبانەکە ئەسپەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن، لەجیاتی ئەوە کە ئەو کەلەلایە ئەوان رابکێشێت و، میستەر پیك- ویك هەرچی لە دەمی عارەبانچی دەردەچێت، وشـە بە وشـە و حـەرف بە حـەرف تۆمار دەکات، تا لەبارەی هەلومەرجی ژیانی ئـەسپەوە پێشکەش بە کۆبـوونەوەی هـەڤالانی یانەی بکات؛ ئاخری، دەگەنە کاروانسـەرا . دادەبەزن و، میستەر پیك-ویك یەك" شلینگ" دەدات بە عارەبانچی . عارەبانچی پارەکە توور دەدات و مشتی بۆ شەڕ کۆ دە- کاتەوە و دەڵێت:" دەی وەرە مەیدان با تێتبگەیەنم . هەموو زۆریان پێ سەیر دەبێت و تێناگەن بۆچی وا دەکات . عارەبانچی دەڵێت : " تۆ چیت لەژێر سـەردایە کە ژمارەی عارەبانەی من دەنووسیت ها ؟ هـەر بەوەوە نـەوەستا، کڵاوەکەی خۆیشی فڕێدایە لاوە و پتر ئاگری تێبەربوو : دەی وەرە! کە هەر نەهات، ئەو بۆی چوو و یـەك مستی بە چـاویلکەکەی میستەر پیك- ویك دا کێشا، ئەوجا بە سەر لووتیدا، یەکی دی بە سەر سنگیدا، ئـەوجا کەوتە گیانی هەڤاڵەکانی . دنیا لێیان‌دەهاڵێت و دەبێت بە دەمەقاڵێیەکی سەیر .

ئـا لێرەدا،کەسێك دێتە سەر شانۆ کە لە تەواوی کتێبەکەدا پتریـن سەرنجی من رادەکێشێت . من وام و، رەنگە زۆرانی تریش لە خوێنەرانی دیکنز هەر وا بن، لە هەر رۆمانەی شتێکی زۆر جێ سـەرنج تێدا وەکو چرایەکی کە هەمیشە لە بەردەمم‌هەڵگیرسابێت لەبەرچاوم دەمێنێتەوە و،ئەگەر هەرچی لە ژیانمدا خوێندوومەتەوە لەبیر بچێتەوە ئەو شتەم لەبیر ناچێتەوە: لە یەکەم کتێبێکیدا کە خوێندمەوە: ڕووداوی ئەوە کە" پیپ" ی منداڵ بۆ جاری یەکەم لە ژیانیدا دیتوویە کە چۆن پیاوێك بە تـەواوی وەکو سـەگ نانی خواردووە! ( من ئـەوەم بە فیلمێکـیش دیت، فیلمێکی بی‌بی‌سی،بازیگەرەکەی تێدا ئەو دەورەی ئێجگار زۆر چاك دیت، بە حەق وەکو سەگ نانی خوارد)؛ لە رۆمانێکی تریدا: پیرەمێردەکەی کە کۆلارەی لەگەڵ دێڤیدی منداڵدا هـەڵدەفڕاند( باسی ژیانی دیکنز خۆیەتی)؛ لە رۆمانێکدا: مامۆستای وشـکی خوێندگە مست لە سەر مێز دەدات : فاکت (حەقیقەت)، تەنیا فاکت و هیچی تر!؛ رۆمانێکی تری : چیرۆك بە تەم و مژێکی سەیر دەست پێ‌دەکات ( یەکێك لە بەهێزترین وەسفەکانی دیکنز) و هەستی تەم و مژ بە دەورەوە لە تەواوی رۆمانەکەدا بەسەر رووحی خوێنەردا زاڵە، تا میراتگر لە کۆتاییدا بەدەست پـارێزەرانی قانوونییەوە شل و کوت دەبێت و هیچی پێوە نـامێنێت، ئـەوجا دادگا حوکمی بۆ دەدات کە میراتی دەکەوێت و بیدرێتێت ... بەڵام هیچی نادرێتێت! چونکە هەمووی بە حاڵ بەشی هەقی ئەوەندە ساڵەی پارێزەرانی قانوونی دەکات؛ هەمووی دەچێتە گیرفانی پارێزەران ( ئەوقات،وەکیل) و مەسرەفی دادگا و، یەك شایی سووری بۆ نـامێنێتەوە . لێرەش، لە" پیك- ویك نامە"کەیدا، ئـەگەر هەرچی لە هەر کتێبێکی دنیادا خوێندبێتمەوە لەبیر بچێتەوە، ئەوا ئەو کەسەم قەت لەبیر ناچێتەوە، کە بریتییە لە : میستەر " جینگڵ" . جینگڵ هەر خۆی جینگڵ :

" بە باڵا نە کورت و نە درێژ، مام ناوەندی بوو . بەڵام بەو باریکی و لاقە درێژانەی، لە باڵای خۆی زۆر درێژتر دەهاتە بەرچاو . چاکەتە سەوزەکەی لەبەریدا بوو، لە سەردەمێکدا کە مۆدی کراسی « کلکی پەرەسێلکە»ی ژنان باو بووە،ئەمیش باو بووە، بەڵام دەبێت ئەوسا کەسێکی لەم پیاوە غەریبە کورتتری پێ رازابێتەوە، چونکە سەری قۆڵە پیس و چرچەکانی ئەم چاکەتەی ئەم، بە حاڵ دەگەیشتەوە مەچەکی . هەموو دوگمەکانی تا بە بن چەنەگەی دەگەیشت، بە زۆر داخرابوون، کە بەوە دوو لای پشتەکەی بەملا و ئەولادا کێشرابوون و، کۆنە پەرۆیەك بە بێ هیچ شوێنەوارێکی کە بەوە بڵێیت قەت یەخەی کراسێك بووبێت بە دەوری ملییەوە بوو . شارواڵە رەشە تەسکەکەی، ئەوەندە پینەی رەنگاورەنگی پێوە دیار بوون کە لە تەمەنێکی زۆر دەدوا . داوێنی شارواڵی بەزۆر بەسەر پێڵاوە پینەدارەکەیدا کێشرابوو، وەك - بێ هوودە - ویستبێتی گۆرەوییە سپییە پیسەکانی پێ بشارێتەوە، کەچی هێشتا هەر زۆر چاك دیار بوون . قژی رەشی درێژی لە ژێر ئەملا و ئەولای کڵاوە قووپاوەکەیەوە بڵاوببوونەوە . کە چاوت بە مەچەکی دەکەوت، مەچەکی لە نێوان سەرووی دەستکێشەکەی و سەرەتای قۆڵی چاکەتەکەیەوە رووت دەردەکەوت . دەموچاوێکی رەق و تەق و باریك، بەڵام دیمەنی قوشقییەکی ئەوپەڕی بە فیز و بڕوا بە خۆی لێ دەباری . ئەو بیچمە لە پڕێکدا کەس نەیزانی لەکوێوە لەوناوە هەڵقونیا و کەوتە نێوانەوە، بە زمانێکی پچڕ- پچڕی سەیر خۆی تێ هەڵقورتاندن . لێکی جیاکردنەوە و، میستەر پیك- ویك-ی لەگەڵ خۆیدا کێشایە ژووری چاوەڕێ و حەسانەوەی کاروانسەراوە . هەر دەیگوت و، هیچ قسەیەکی تەواو نەدەکرد، هیچ پێوەندییەکی نێوان وشەکانی نەبوو . لە زەنگی دا کە خزمەتچی بێت بزانێت دەیانەوێت چی بخۆنەوە و، هاواری کرد:

هێی تۆ ـ ریزێك خواردنەوە ـ براندی و ئاو ـ گەرم و گران و شیرین، زۆریش ـ چاو وێران بووە جەناب ؟ ـ خزمەتچی ئا گۆشتی گا بە کاڵی بێنە با ئەفەندی بیخاتە سەرچاوی ـ(..) . هیچ نیە ـ زۆر گوترا ـ بەسە ئیتر ـ زیت ئەو عارەبانچییە ـ پێنجەکەی ( مشتی) باش وەشاند ـ ئاخ ئەگەر منی کەوا سەوز هەڤاڵت بوومایە ـ لەعنەت لە من ـ سەرم پان دەکردەوە ـ ئای چیمدەکرد ـ هەر بە چرپەی بەرازێك ـ حەلواچیش ـ ـ بێ قسەی حیز " .

یانی چی ؟ لەو کاتەدا لە کاروانسەرا بانگ دەکرێت کە وا عارەبانەی سەفەر" کۆمۆدۆر" ئامادەیە، دەیەوێت وەڕێبکەوێت . میستەر جینگڵ دەڵێت :

" کۆمۆدۆر ؟ ئێوەش بە کۆمۆدۆر دەڕۆن ؟ ـ عارەبانەکەی من ـ جێگام گرتووە ـ یەکێك لە دەرەوە ـ حیساب بۆ ئێوە لێ دەگەرێم ـ پارەکەی بدەن ـ براندی و ئاو ـ وردەم پێ نیە ـ پێنجییە ( پێنج پاوەنی) ـ ئەم زیوە حیزە ـ دوگمەی بروماگم ( لە بازاڕ بە جۆرە دراوێکی گەم گوتراوە) ـ ناخوات ـ ناڕوات ـ ها ؟

ئەم جینگڵە لاتە کەڵەکچییە، تەواوی ڕێگا بە دوویانەوە دەبێت و، لەسەر حیسابیان دەژی و، تا وای لێ دێت خانمێکیشیان لێ هەڵدەخەڵەتێنێت و مارەی دەکات، بە پارەیەکی زۆر ئەوجا رازیی دەکەن وازی لێ بهێنێت .

دیکنز، هەر لەم پیك- ویك نامەیدا، یەك حەشر بە گاڵتەجاڕی سەنعەتی هەڵبژاردن دەکات نەبێتەوە . ئەو هەمووە فێڵ و تەڵەکە و ساختەچێتییانە، یەك لە دوو یەك ریز دەکات . بەنموونە : میستەر" سلەمکی" لە میستەر " پەرکەر" دەپرسێت :

" ـ هەمووی باش رێكخراوە ؟

ـ بەڵێ چۆن، حەقمەن، بیست پیاوی پاك و خاوێن خۆیان شۆریوە و راگیراون تاکو دەستیان بگوشیت . شەش منداڵیش بە هەمان شێوە لە باوەشی دایکیاندان کە تۆ دەست دەخەیتە سەریان و لە تەمەنیان دەپرسیت . ئەوجا ئێجگار زۆر باشیش دەبێت ئەگەر یەکێك لە منداڵەکان ماچ بکەیت، ئەوە بۆ جەماوەر زۆر گرنگە " .

میستەر سلەمکی زۆر بە نابەدڵی دەڵێت : دە یاڵڵا چی بکەم، کە وا گرنگ بێت، باشە، ئیننا لیللا . لەو بەینەدا، دەستەیەك بە هەموو هێزیان لە گۆشەیەکەوە سێ جار هاوار دەکەن : هەر بژی بژی بژی! بەڵام چی و کێ و بۆچی ؟ دیارە ئەوانە بۆ جەماوەر گرنگ نین، جەماوەر نازانێت بۆچی هاواری چی دەکات، هەر ئەوەیە کە یەکێك لە خۆوە دەڵێت بژی، ئیتر ئەوانی تریش بەدوویەوە دەیڵێنەوە .

ئەوجا ئەو شتە ڕوودەدات کە پەرکەر و هەڤاڵانی شاد دەکات و لە خۆشییان دەکەونە هات و هاوار:

" بڕوانن ... سەیرکەن! میستەر سلەمکی دەستی پیاوە پاك و خاوێنەکانی گوشی، ئەرێ وەڵڵا گەیشتە لای شەش منداڵەکە، دەستی خستە سەریان، هورررا، ئای- ئای خۆ ئاخری منداڵێکیشی ماچ کرد، دەك شاد بیت میستەر سلەمکی، کوڕە خۆ ئەوە منداڵی دووەمیش ماچ دەکات ... ئێ‌یی ئەوە هەموویان ماچ دەکات! " .

دیکنز، ئەوەی پێی بڵێیت نەزمی دادپەروەریی قانوون لە ئینگلستان، سووك و ریسوا دەکات و لە قوڕ هەڵدەکێشێت، تەنانەت پارێزەرانی قانوونی وا پیشاندەدات کە وەك سەگ بە مرۆڤی بێ‌گوناه دەوەڕن . لێرەدا پارێزەران

بۆ پـارەپەیداکردنی خۆیان بە کـەڵەکچێتی، نێوانی میستـەر پیك- ویك و خانمی خـاوەن ماڵەکەی تێکدەدەن و، هەرتکیان،هەریەکە و بەشێوەیەك لە ختوخۆڕایی فڕێدەدەنە زیندانەوە . میستەر پیك- ویك زۆر بەو ناهەقییە نا- ڕەحەت و تووڕە دەبێت، پارێزەران حەزدەکەن جنێویان پێبدات تا بەوەش پارەیقەرەبووی لە دادگا لێ بکێشنەوە . میستەر پیك- ویك مرۆڤێکی بـەرێزە و، ئەهلی جنێو نیە، بـەڵام ئەوان هـەوڵ دەدەن فێری بکەن چۆن جنێویان پێ بدات، چ جنێوێك، ئـەو جنێوانەی فێر بکەن کە دەزانن بەگوێرەی قانوون قەرەبووی زۆرتری پێ وەردەگرن : دەی میستەر پیك- ویك گیان حەزدەکەیت پێمانبڵێیت : لە سـەگباب سـەگباتر ؟ بێ نامووس و بێ شـەرافەت و بێ حەیسیەت ؟ پێمان بڵێیت : هـەی گـەوادینە ؟ ... بڵێ قـوربانە بڵێ! دوو پارێزەر لەملا و لەولایەوە، هێشتا یـەکێکیان لیستی جنێوەکانی تـەواو نـەکردووە کە ئـەوی تر نۆبەی لێ دەستێنێت و دەرسی جنێوی پێ دەڵێت، هەر وەکو دوو سـەگی هار هەر دوو لایان لێ گرتووە و پێیدەوەڕن : دەی میستەر پیك- ویك حەزدەکەیت پێمان بڵێیت : هەی قـەحبەبابینە ؟ دە بڵێ قوربانە بڵێ! میستەر پیك- ویکیش لەداخانا هەرجارە دەڵێت : ئەرێ وەڵڵا دەڵێم ... ئـا قوربانە بڵێ زۆر چاکە ( تا بۆی بنووسن بۆ دادگا، پارەی پێ لێ وەرگرن) . ئەوجا وەسفی کارەساتی زیندانی ئـەوسا و، حاڵی ئـەوانەی کە لە زینداندا پـارەیان بـەشی یەك نان نـەبووە، چ برسی و نەخۆش و رووت و رەجاڵ و لە چ دۆزەخێکدا بوون .

میستەر پیك- ویك، میستـەر" جینگڵ"یش لە زینداندا بە ئێجگار زۆر شپرزەیی دەبینێتەوە، تەنانەت چاکەتە سەوزەکەشی لەبەر نیە، پێخواس و بەرگی دڕاو و تا بڵێیت حاڵی خراپ . میستەر پیك- ویك لە هـەموو خراپییە- کانی دەبەخشێت و، زۆریش یـارمەتی دەدات و، هـەر ژیانی دەگۆڕێت . دیکنز لێرەدا، لە بـەرانبەر ئەو هەمووە گـەندەڵییەی کـۆمەڵگەدا، ئەو رووحەی چاکی و پاکیی مرۆڤانێکمان پیشان دەدات کە هەموو خراپییەکانی دنیا دە رۆستی نایەن و ناتوانن بیگۆڕن .

لە نێوان سـەرەتای کۆمۆدۆر و ئەو زیندانە، زنجیرەیەکی زۆر درێژی رووداوانی سەیر و سەمەرە و کەسایەتیی یـەك لەیـەك سەیرتر لە سەرتاسەری ئینگلستان بە قـەڵەمی ئەو کاریکاتۆریستە بلیمەتە دەکێشرێن :" سـام"ی خزمەتکاری میستەر پیك- ویك، ئەو زیت و زیرەکەش بازیگەرێکی سەرەکییە . بـەڵام ئەوانەی ریزی دووەمیش : " جۆو"ی لاوی قـەڵەوی کە زۆر دەخوات و خـەوی لێ دەکـەوێت،کە خـەویشی لێ دەکەوێت، هـەر بە یـەك شت دەکرێت لە خەوی هەستێنن: لاقێکی بجوڵێنن .کەچی- بۆ بەدبەختی- یەك جار بە بێ ئەو لاق بزواندنە هەڵدەستێت، ئەویش تاکو فەزیحەتێك بە چاویخۆی ببینێت : چۆن یەکێك لە هەڤاڵان کچێکی ماڵەکە ماچ دەکات و، بەوە هەرا

دەنێتەوە ..." ئەو هەتیوە خۆ هەتا لاقی نەبزوێنن هەڵناستێت، ئەوە چی بوو بۆ بەدبەختیی ئێمە ئەمڕۆ ئەو کەتنەی دا!".

زمانی دیکنز،وێڕای دەوڵەمەندیی ئێجگار زۆری ئەدەبیی، زۆر وشە هەر لە دەمی خەڵك وەك هەن کۆپی دەکات و، وەك هێندێك ستریپی" تن تن" ی ئەمڕۆ، دەبێت خوێنەر زۆر بە وریایی لێیان وردبێتەوە و، بۆ وەرگێڕانی، بتوانێت بە تەواوی لە سەردەمی دیکنز رۆبچێت، ئەوجا بتوانێت ئەو خوێنە بە زمانی کە بۆی وەردەگێڕێت بخاتە دەمارەکانییەوە. جارێکیان مامۆستایەکی مەغریبی لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆندا باسی وەرگێڕانێکی موعەللەقەی " لبید"ی کرد ( عفت الديار محلها فمقامها ...)، گوتی : " دکتۆرێکی ئەمریکایی، « ڤولك» ناوێك، مامۆستای زمان و ئەدەبیاتیعارەبی، ویستوویە ئەوە وەربگێڕێتە سەر زمانیئینگلیسی، چووەتە عارەبستان و، ئەو شوێنەی پرسیار کردووە کە " لبید" بە سواری وشتر پێدا رۆیشتووە . کە شوێنەکەیان پیشان داوە، گوتوویانە ئێرە بووە، لەوێ بە جلوبەرگیعا رەبی سواری وشترێك بووە تا بەڵکو بەوە باشتر بچێتە دۆخی رەوانیی" لبید"و شیعرەکەیەوە و،بەسەر پشتی ئەو وشترەوە وەریگێڕاوە! من وەرگێڕانێکی ئینگلیسیی"موعەللەقە"ی عارەبییم لە ئینتەرنێتدا دیتووە، بەڵام ئەم وەرگێڕانەی ئەو " ڤولك"ـەم نەدیتەوە .

وەرگێڕی دیکنز بۆ سەر زمانیکوردی، وەك بۆ سەر هەر زمانێکی تر، دەبێت هەموو هەوڵێك بدات کە لە کاتی وەرگێڕانیدا لە دەوروبەری خۆی داببڕێت و، بۆ ئەمە زۆر لە لەندەنی سەدەی نۆزدە رۆ بچێت . ئەگەر کەسێك ئەوەی لەدەست بێت و بیکات، کارێکی گەورە لە دنیای کتێبدا دەکات .

میستەر چادباند: ئەریٚ هەڤاڵان، ئێمە دەتوانین بفڕین ؟ نەخێر نەوەڵڵا ناتوانین .

بۆچی ناتوانین بفڕین هەڤاڵان ؟

میستەر سناگسبی: چونکە باڵمان نیە!

میستەر چادباند: من پێتان بڵێم هەڤاڵان بۆچی ناتوانین بفڕین ؟ چونکە ئێمە بۆمان دانراوە کە بە پێ بڕۆین، ئەدی، ئا لەبەر ئەوە!

ئەی دەتوانین بە پێ بڕۆین، هەڤاڵان، بێ ئەوە کە هێزمان هەبێت ؟ نەخێر نەوەڵڵا ناتوانین .

ئەی ئەگەر هێزمان نەبێت، هەڤاڵان، چیمان بەسەر دێت ؟

لاقمان هەڵمان ناگرن

چۆکمان دەلەرزن و تێکدەئاڵێن

پێمان وەردەگەڕێن و

تلپ وە زەوی دەکەوین .

ئـەهاااا ... کـەواتە هەڤاڵان، لە روانگەی لێنۆڕینی ئادەمیزادەوە، پرستی کە پێویستمانە، لە هێزی دەست و لاقمانەوەیە ؟ بەڵێ، ئەریٚ وەڵڵا لەوەوەیە! لە نان بە چەند شكڵی ؟ لە رۆنی کەرەی کە لە ژەندنی شیر لە مەشکەدا وەدەستهاتووە ؟ کە شیرەکەش لە دۆشینی مانگاوە هاتووە ؟ لە هێلکەی کە مامر کردوویە ؟ لە گۆشتی نەرمەی ران ؟ لە زمان ؟ لە باسترمە (کالباس) و ... ئەو جۆرە شتانە ؟ بەڵێ ئەریٚ وەڵڵا وایە .

ئێ دە کە وابێت، با دەست بەرین بۆ ئەم شتانەی کە لەسەر ئەم سفرەیەن و بخۆین!

Charles Dickens, Bleak House . Chapter XIX.

کاك کامیل گیان، من ئـەم قسانە بۆخۆم دەکەم، نـەك بۆ کەسی تر :

دەڵێم، ئەگەر من لە جێگای کاك کامیل بومایە، بە دڵنیایی یەك شتم دەکرد: قەت بیروڕا و قسەی هیچکەسێکم لەبارەی کارەکەم سەیر نـەدەکرد . خۆ ئـەگەر شتێکی وەها هەر یەخشی بگرتمایە، ئەوا بە بڕیاری پێشەکیی خۆم، لە بیرخۆم دەبردەوە هیچم دیتبێت . باخەوانی وا، حەیفە ڕێگا بدات کەس دەست بۆ چڵێکی دارێکی ببات . ئەگەر باخەوان خۆی بە میزاجی زۆر حەسساسی خۆی پێیوابێت کە دەبێت لە شوێنێکی باخەکەیدا کارێك بکات، ئەوە با هەر کاری خۆی بێنێتەوە و، کەسی دی قسە دە دەستتێوەردانیدا نـەکات . دیسان : ئـەگەر من بلیمەتیی ئەم کارەم هەبوایە کە کاك کامیل لێرەدا کردوویەتی، حـەتمەن لە سەرم دەنووسی : تکایە با کەس هیچ بیروڕایەکم بۆ نەنووسێت و میزاجم تێکنەدات!

یەکەم شەپۆلی شیعری ڕۆمانتیکی سەدەی بیستەمی کوردی،لە ژێر تەئسیری وەرگێڕانە تورکییەکانیئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی ڕۆژئاواییەوە هات . وەرگێڕانە کوردییەکانی ڕاستەوخۆش لە ئـەدەبیاتی ڕۆمانتیکی ئینگلیسەوە، ئەوسا زۆرترهەر لە ڕێگای گۆڤاری گەلاوێژەوە، شەپۆلی بەهێزتر کرد: گۆران ئیتر پێویستی بە" تەوفیق فیکرەت" ی تورك نەبوو، هەر خۆی ڕاستەوخۆ لە فەلەستینەوە کەوتبووە دنیای ئەدەبیاتی ئینگلیس، بەڵام " هـەردی" یـش - ئەو ئەندازیارە ئاپۆللۆییە- ڕەنگە زۆرترهەر لە ڕێگای دیتنی وەرگێڕانەوە، زۆری لە عەتری گوڵباخی ڕۆمانتیك هەڵمژیبێت .

ئەو کیژ و لاوانەی لە کتێبخانەدا بەسەر ئەم شیعرانەدا دەکەون :

" ئەمن هەر چاوەڕێی تۆمە

کە سێبەر شۆڕ دەبن ڕەش ڕەش بەسەر پەلك و گەڵای داران "

یا کە ئەم تێکەڵییەی ڕۆمانتیك و سوریالیزم دەبینن :

" لەسەر بەردی مەزارەکەی من بنووسن

جەنگاوەرێك ...

شەڕی نەکرد ...

کەچی دۆڕا "

یا :

" شەو دەمێکە ڕاشکاوە

زۆر لەمێژە جێگەیان چۆڵکردووە میوانەکان و خانەخوێ ئێستا لە نێو

ماڵۆچکەکەی دانیشتووە و تەنیا بەجێماوە "

یا :

" وشک هەڵات کێڵگەکەم

لە لای کێڵگەی دراوسێکەم

(..) ئەرێ کەی دادەکا باران ؟ "

یا :

" دەدەڵێ مانگ و

گوڵئەستێرە وا دەدرەوشێ

(..)

لە خەم و حەسرەتی ئەم کۆمەڵە خەوتووانەیە وا

خەو لە دوو چاوی تەڕی من دەتەرێ"

ئەوە لە هەر ڕێگایەکەوە بە هەر شێوەیەک هاتبێت و گەیشتبێتە خوێنەری ئەو کتێبە لەو کتێبخانەیە، نەتیجەکەی ئەوەیە کە دیمەنێکی زۆر دەوڵەمەندی نوێی پیشان دەدات . خۆ ئـەگەر ئەوە وا لە خوێنەری بکات بچێت ئـەسڵە فارسییەکەی بدۆزێتەوە، بەفوونە ببینێت کە :

" چرکە چرکە دڵتەزێنتر دێت دەنگی با

بانگ و گازی ئەو ڕەهاتر دێ لە نێو بادا

(..) هۆ مرۆڤینە! "

لەمە وەرگێڕدراوە :

" و صدای باد هر دم دلگراتر

در صدای باد بانگ او رهاتر"

دەزانێت وەرگێڕاوە کـوردییەکەی خۆی چـەندە لە ئەسڵە فارسییەکە جوانترە و، مەگەر هەر خۆی ببینێتەوە کە بە بێ بیرکردنەوە لەبەرخۆیەوە بە دەنگ دەڵێت : دەک هـەزار جار دەستـەکانت خۆش بن کاک کامیل بۆکانی و، هەر

ئـاوەدان بێت بـۆکـان بۆ ئەو هـەمووە مرۆڤە بەتوانایەی، هەر وەك خێوی جادووی ئـەدەبیات، لە پەنا حەوزەکەی خۆی حەشار دابێت.

بـە لێنۆڕینی یـەکەم ژمارەی گۆڤاری هاوار، یەکەم هەنگاوی قەومێك بۆ هاتنە ریزی نەتەوەکان دەبینین : هەوڵی بڕیاردان لەسەر بەکارهێنانی ئەلف- بێیەك بۆ زمانەکەی،داهێنانی زۆر زاراوەی پێویست بۆ کردنیان بە ستانداری نـەتـەوایەتی، روونکردنەوەی سەرەتاکانی رێزمان و ئیدی . وەکو چۆن ئاسکێك تازە دێتە دنیاوە، هەوڵ دەدات دەستبەجێ رابکات، بەڵام وەکو مەستێك هەر بەملا و ئەولادا لەتر دەبات، ئەوەش لە یەکەمهەنگاوەکانی خەباتی کورددا، لە گۆڤاری " هاوار"یشدا دەبینین .

تـاریخی دەرچوونی کە لە سەرە : ١٥ی گولانی ١٩٣٢، مەبەسـتی لە" گولان" مانگی پێنجـەمی زاینییە ( لە فەرهەنگەکەی تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندزدا دووەم مانگی بەهارە- بانەمەڕ، ئاپریل - مێی) . لە " رابەری رۆژنامە- گەری کوردی"ی کوردی و عارەبی و ئینگلیسیی١٩٧٣ی" جەمال خەزنەدار"دا( کە هێمن بە زێدە مەحەببەتەوە پێیهەڵدەڵێت) بۆ تاریخی دەرچوونی ئەو یەکەم ژمارەیەی هاوار،لە کوردی و عارەبییەکەیدا دەڵێت مایس(مێی)، بـەڵام لە ئینگلیسییەکەیدا نووسیویە : ئاپریل! . وشـەی " گۆڤار" هێشتا لەم یـەکەم ژمارەیەدا نیە، بە گۆڤار دەڵێت : " کۆمەل" و بە پیتی عارەبی دەینووسێت : کومل . یـەکەم ژمارە ١٦ لاپەڕەیە، یازدە لاپەڕەی بە پیتی لاتین و پێنجەکەی تری بە پیتی عارەبی، بـەڵام لە نووسینی فارسی نیزیکترە تاوەکو ئەم عارەبییەی ئێستا ئێمە پێیدەنووسین ( بە نموونە، دەنووسێت :" ام لپی وانن " لەجیاتی ئەم لـ پەی وانن"، " ۆ" و " ێ"یشی تێدا نین) .

من بە منداڵی جارێك ژمارەیەکیم دیت، لام وایە پەڕەی لە " ئا٤"یش گەورەتر بوو .

ئەلف - بێ لاتینەکەی بەمجۆرە ریز کراوە :

a b c e ç d i g h x ê j î k q u l m n o p r s ş t û f v w y z

دەنگەکانیان - بە یـەك جیاوازی - بەو شێوەیە بوون کە ئێستاش هەن، جیاوازییەکە لەوەدایە کە - بە پێچەوانەی ئێستا- k تێدا = ق، q = ك . خوێندنەوەی ئەو دوو پیتە لاتینە بەوجۆرە تاکو کۆتایی ژمارە ٢٣ درێژەی هەیە . لە سـەرەتای ژمارە ٢٤ ـەوە دەیگۆڕێت و وەکو ئەمەی ئێستای لێدەکات، ئیدی k ی تێدا بە" ك " دەخوێندرێتەوە و، q بە " ق".

لەسەر ژمارەی یـەکەمی ( کە من وێنەکەی لە ئینتەرنێت وەردەگرم، نـازانم بەرگەکەیەتی یا یەکەم لاپەڕەی ناوەوە- یەتی) نووسراوە :

Hawar, Qomela Qurdî - Revue Kurde

sal 1, Hejmar 1, YEQ SEM B, 15 GULAN 1932

هاوار کوملا کوردی سال ١ هژمار ١ یکشمب ١٥ گلان ١٩٣٢

یازده لاپەڕەکەی کە بە لاتین نووسراون :

ـ ( سەرگوتار) : " ئارمانج، ئاوایی خەبات و نڤیساندنا هاواری" . بەم قسەیە دەست پێدەکات :" هاوار دەنگێ زانینێیە". ئامانجی گۆڤار باس دەکات : بڵاوکردنەوەی ئەلف- بێی کوردی، بەراوردی شێوەزارەکانی کوردی و مێژووی پەرەسەندنی و بەراوردی کوردی بە زمانانی تر، بڵاوکردنەوەی چیرۆك، دیوانی شاعیران و ژیننامەیان، باسی هەڵپەڕکێ و گۆرانیی کوردی، کەلەپوور و نەریتی رەسەن و ئەوەش کە لە دەرەوەوە بۆ کوردستان هاتووە، " دیرۆك و ئەردنگاری"( مێژوو و جوگرافیا) .

ـ روونکردنەوەی ئەلف-بێی لاتین بە پیتە عارەبییەکانی کە کوردییان پێ دەنووسرێت .

ـ ستوونا فەقیهان( گۆشەی فەقێ)، ناڵێت کێ نووسیویە بەڵام روونە کە قسەی جەلادەت بەدرخانە، تێدا دەڵێت کە : پێرار گەشتێکم کرد، سەرم لە فەقێی مەدرەسان دا، فەقێکان هەستی نیشتمانی و نەتەوەییان هەبوو و شیعریان دادەنان و نووسینی کوردییان بە پیتی لاتین پێ باش بوو و دەیانزانی؛ منیش لە ناو قسساندا پێمگوتن کە نیازی دەرخستنی رۆژنامەیەکی‌کوردیم هەبوو . داوایان لێ کردم کە گۆشەیەکی تێدا بۆ فەقێیان تەرخان بکەم و، تێدا باسی شتانێکی زانستییان بۆ بکەم کە لە خوێندنی " مەدرەسە"کاندا نەبوون .

ئەوجا دەڵێت :

فەقێینە! ئەمە ستوونی ئێوەیە، هەر پرسیارێکی زانستتان هەیە بپرسن، هەرچیی بیزانم وەڵامتان دەدەمەوە و، ئەگەر نەشمزانی ئەوا بۆتان دەپرسم و ئاگادارتان دەکەمەوە .

ـ ستوونا زارۆوان ( بۆ منداڵان) : هەر شیعرێکی گۆرانییە : " بوهارە نوهـ بوهارە ـ تەبیعەت گش ل کارە ... ئیدی ( نەنووسراوە کێ دایناوە) .

ـ ئەدەبیاتا وەلاتی، نووسینی دکتۆر کامران عالی بەدرخان، دیارە مەبەستی لە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوایەتییە ( بۆ جیاکردنەوەی لەوەی بێگانە) : کە نەتەوەکانی ئەوروپا بە زمانی ستانداری خۆیان گەیشتوون، ئەوە چەندە گرنگە. باسێکی خانی و، کۆتایی پێهێنانی گوتارەکەی بە دێڕێك لە شیعری مەم و زینی خانی بەمجۆرەیە :

سافی شەمڕاند ڤەخوار دەردی ماڤەندی دوڕی لسانی کوردی *

ــ نـامەیەکی ئـەدەبیی زۆر جوان و رازاوەی " قەدری جان" بۆ "ئۆسمان سەبری"، کە یـەك پـارچە رۆمانسیەتی ئەڤینی نەتەوە و نیشتمانە، بە شیعرێکی خۆی کۆتایی پێدەهێنێت، چەند دێڕێکە، دوایییەکەی بەمجۆرەیە :

هاوارا مە ڤایا یە خەوا بێکێر بەلایە ( بێکێر = بێکار) .

قەت شك تێدا نەمایە د گۆتنێن یاراندا

ــ ئاگاداری : لە ژمارەی دووەمەوە باسی " د دۆرا دنیایێدا" دەکەن، چ لە جیهانی گەورەدا هەیە .

ــ داوایەك لە خوێنەران کە بۆ فێربوونی پیتە لاتینەکان هاوکاری بکەن، دەڵێت کە لە داهاتوودا کتێبێك بۆ فێر- بوونی ئەو پیتە لاتینانە دەردەکەن .

ــ فەرهەنگۆك : ئارمانج = ئامانج؛ بەندەوار = پێگرێدایی؛ ئەردنگاری ( ئەرد نگاری) = جوگرافیا؛ بنگەهـ = ئەسڵ؛ جیۆك = وشەی بە هەمان مانا کە دەکرێت جێی بگرێتەوە؛ دەهکەر = حەقیقەت؛ دیرۆك = مێژوو؛ هـ پ. = هەتا پاشی ( هەتا دوایی)؛ ژینەنگاری = ژیننامە؛ پرۆنڤیس = رەشنووس؛ فـەرهەنگۆك = قامووسی بچووك؛ زمانازین = رێزمان .

تکا دەکات کە ئەگەر خوێنەر مانای وشەیەکی لێ روون نەبوو، پرسیاریان لێ بکات .

ــ گوتارێك بە زمانی فەرەنسی : ئامانج و تەبیعەتی هاوار و، روونکردنەوەی ئەلف- بێ لاتینەکەی گۆڤار .

---

*هەڵەی چاپ لێرەدا هەیە . دێڕەکە بەمجۆرەیە :

سافی شەمڕاند ڤەخوار دوردی مانەندی دوڕێ لسانی کوردی

سافی = روون، پەتی، بێ خەوش؛ شەمڕاند = فڕێیدا؛ ڤەخوار = خواردییەوە؛ دورد = تڵتە؛ مانەندی = وەکو؛ دوڕ = مرواری . مەبەست : ( خانی) زمانی خـزمەتکراو و پـاڵێوراوی عارەبی یا فارسیی فڕێدایە لاوە و، بە کـوردییەکەی خۆی، کە هێشتا خامە، شیعری گوت، بـەڵام زمانی کـوردی، هێشتا بە خزمەتنەکراوییـشی، وەکو مرواریيەکی تەبیعەتە . هەژار ئەو دێڕەی بەمجۆرە کردووەتە موکریانی :

پاڵاوی رژاند و تڵتی نۆشی وا فارسی وا زمانی خۆشی .

کە - بە بیری من - وەرگێڕانێکی زۆر خـراپە، هەژار نـەدەبوو باز بە سەر" دوڕێ لسانی کـوردی"دا بدات، زۆر حەیف کە وای کردووە .

ـ نرخی ئابوونە : ساڵێك ٥٠٠ قروشی سووری یا ١٠٠ فرانکی فەرەنسی، ئەوجا بۆ سێ مانگ و شەش مانگیش ...

ناونیشان : گەڕەکی کوردان ( لە شام ) .

خاوەن و مدیری بەرپرسیار: ئەمیر جەلادەت عالی بەدرخان .

-----------------

بەشی بە پیتی عارەبی : تیدەخستیین کوملی ( ناوەرۆکی گۆڤار ) :

ـ آرمانج، آوایی خبات و نفیساندنا هاواری .

ـ روونکردنەوەی ئەلف- بێی لاتینی هاوار بە سێ زمان : فارسی و عارەبی و تورکی .

١٣٥١ هـ . مطبعة الترقی . ١٩٣٢ م

-----------------

گۆڤاری هاوار، سەرەتا بە دوو حەفتە ژمارەیەکی لێ دەرچوو و دەیگوت کە دەیویست دواتر بیکات بە حەفتانە . تا ژمارە ١٥ی هەر وا دووحەفتانە بوو، دوای ئەوە تا ژمارەی٢٣ی ٢٥ی ئابی١٩٣٣ زۆرتر بە سێ حەفتە ژمارە- یەکی دەردەچوو، بەڵام ژمارە ٢٤ی کەوتە ١ی نیسانی ١٩٣٤و، ژمارەی ٢٦ی کەوتە ١٨ی ئابی١٩٣٥، ئیدی بەوجۆرە تا ژمارەی ٥٧ی کەوتە ١٥ی ئابی ١٩٤٣ .

لە ژمارەی ٢٤ ەوە، جگە لە گۆڕینی کە بە سەر خوێندنەوەی k و q دا هات، گۆڕینێکی زۆر گرنگی تر تێدا روویدا: ئیدی هەر تەنیا بە پیتی لاتین دەردەچوو و، بەوە پێوەندیی بە باشوور و شێوازی سۆرانییی باشوورەوە بڕا ( ئەگەر بە زەڕرەبینێك هەمووی بگەڕێین، دوور نیە دوو- سێ شتی سۆرانی بە پیتی لاتین بدۆزینەوە کە ئەوەندە شایانی باس نیە) .

لە ژمارەکانی ٣ تا ٢٣یدا سۆرانیی زۆری بە پیتی عارەبی تێدا بوو :

گۆران، فایق بێکەس، شاکر فەتاح، حامد فرج، باسێکی حاجی قادری کۆیی بە سۆرانی و دەقی هێندێك شیعری (خاکی جزیر و بۆتان یانی وڵاتی کوردان، کوردە دەزانی لە کوێ جێگرە خزمانی تۆ)، حوزنی موکریانی، عبد الخالق أثیری کرکوکی، هەڤندی صوری ( دیارە مەبەستی لە صوری "سۆرانی"یە)، لاوێکی کورد، پیرۆت، مامۆستا، طاهر فوئاد، "هێمن" ناوێك ( شیعرێك بۆ گردی سەیوان)، ك ... ( رەنگە برایم ئەحمد بێت)، س ....،

باسێکی" کۆمەڵی زانستی"، لاوێکی کورد لە سلێمانی، لاوێکی کورد عونی، لاوێکی کورد، اسماعیل حقی، شیعری پیرەمێرد( وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان)، شیعرێك (ی دوور و درێژ) بۆ خاوەنی هاوار : هر ایوەن خانە دانی ملك و ملت ای جلادت بك ....، هێندێك شیعر و پەخشانی گۆران : شیعرێکی تایبەتی پێهەڵگوتنی گۆڤارەکە و بەدرخانییەکان .

لە ژمارە پێنجییەوە ئیتر وشەی" کۆڤار" لەجیاتی" کومل" بەکاردەهێنێت، کە دەبێت لە باشووری وەرگرتبێت . نووسین و شیعری بە شێوازی باکووریش، هی ئەوانەی کە بە پیتی لاتین دەنووسن، هەر لە بەدرخانییەکان و قەدری جان و جگەرخوینەوە تا نامی و بوملی و گورانی زۆربەی ئەوانی تریش، ئەوانیش، لە پاڵ بەرهەمی بە پیتی لاتینیان، بەرهەمی بە پیتە عارەبییەکانیش تێدا بڵاوبووەتەوە .

ژمارەکانی ٢٤ تا ٥٧ی، وەك گوتمان، هەر تەنیا بە پیتی لاتین و کرمانجیی باکوور بوون : بەدرخانییەکان،ماڵی حاجۆئاغا، قەدری جان، دکتۆر ئەحمەد نافیز(برای دکتۆر نوورەدین زازا)، جگەرخوین،... زۆر و زۆر ناوی گرنگی ئەو سەردەمە تێدا دەبینین،کە زۆر هەوڵیان داوە هەم ئەو پەیامە بەجێبهێنن کە هێمن دەیویست لە ڕێگای " سروە"وە بەجێی بهێنێت و؛ هەم ئەو گیانەش بڵاوبکەنەوە کە چاپەمەنیی کوردی باشوور لە ١٩٥٨ تا ١٩٦١ هەوڵی بۆ دەدا، بەڵام بە جیاوازیی ئەوە کە هاوار لە قسە و دروشمی چەپ زۆر دوور بوو، لە هەمان موحیتی سەردەمی" میر بەدرخان"دا بوو، زۆر چاك دەکرا ئەوە لە سەردەمی ئەمارەتی میردا دەرچووبایە .
لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیات، هەوڵی نووسینی چیرۆك و شانۆ و، بڵاوکردنەوەی گیانی " ژیانەوەی کورد" تێدا زۆر لەبەرچاوە . لێکۆڵینەوەی کار و کەرەستەی گۆڤاری هاوار، بۆ مێژووی کورد تا بڵێیت گرنگە و، دەکرێت زۆری لەسەر بنووسرێت، کارنامەی پتر لە دیپلۆمێکی خوێندنی بەرزی لەسەر ئامادەبکرێت .
خۆشبەختانە، هەموو ژمارەکانی هاوار، لە دوو جێدا کۆکراونەتەوە و چاپکراون :
ژمارەکانی ١ تا ٢٣ی، ئامادەکردنی ف . جەوەری و، چاپ و بڵاوکردنەوەی " نوودەم"، ١٩٩٨ لە ستۆکهۆلم .
من هەر لە ئینتەرنێتدا دیتوومە و ئێستا بۆ ئەم نووسینەم لە ئینتەرنێتەوە کەڵکم لێ دیت .
ژمارەکانی ٢٤ تا ٥٧ی، ئامادەکردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی " هەمرەش رەشۆ" ( حەمدی تورانلی ١٩٣٩-٢٠٠٢) بە یارمەتیی ماڵی بەدرخان و دکتۆر نوورەدین زازا، ساڵی ١٩٧٥ لە بەرلین، کە پێشەکییەکی هێژای دکتۆر نوورەدین زازاشی بۆ نووسراوە، من بە کتێب هەمە، هەمرەش خۆی بە دیاری دایمێ .

" أبو العلاء المعری" ٩٧٣-١٠٥٧ ، رۆشـنبیرێکی گەورەی شاعیر و فەیلەسووفی عارەب بووە . لە" معرة النعمان" (سووریا) لەدایکبووە (من لە سەفەرم لە قامیشلۆوە بۆ شام پێدا تێپەڕیوم) . لە تەمەنی چوار ساڵیدا تووشی ئاوڵە ( خروێلکە) بووە و بەوە بینایـی هەردوو چاوی لەدەست داوە، بـەڵام ئـەوەی ئەو دیتوویە، بە ملیۆنان مرۆڤی دنیا نەیانتوانیوە ببینن . من کە سەیری بەرهەمی" سپینۆزا"ی فەیلەسووفی هۆڵەندی (ی بە ئەسڵ جووی پورتوگالی) دەکەم، ئەم پرسیارەم بە بیردا دێت : ئایا سپینۆزا شارەزای دنیای ئەبولعەلا بووە؟ ئەگەر بووبێت، ئەوا لە جەوهەـ ردا زۆری لەوکۆپی کردووە . ئەبولعەلا دەوری ٧٠٠ ساڵ پێش سپینۆزا بووە بەڵام لە سپینۆزاش شۆڕشگێڕتر بووە؛ ئەگەر ئەوروپایی بوایە، ئیستا مەرکەزی لە دنیادا زۆر جیاواز دەبوو . بە دەنگی بەرز، بە شیعری بەرزی، هاوار لە مرۆڤایەتی دەکات کە لە خەوی غەفڵەتی بڕواکردن بە کتێبەکانی ئاین هەستن، ئەوانە ئالەتی دەستی چەوسێنەـ رانن بۆ دادۆشینی مرۆڤ :

أفيقوا أفيقوا يا غواة فإنما       دياناتكم مكر من القدماء

( لە خەو هەستن، لە خەو هەستن هەی وێڵبووەکان، دینەکانتان دەهۆی رابردووانن ) .

هەر بەوەش ناوەستێت، یەك بە یەك ناویان دەهێنێت :

دين و كفر و أنباء تقص       و فرقان و توراة و إنجيل

( فرقان = قورئان )، دەڵێت هەموو ئەوانەی کاهینان لەوانە بۆتان دەهێنن تەفرەدانی بۆ بازرگانین .

" طه حسین" ( تاها حوسێن) ی زۆر بەنـاوبـانگی میسری، بە هـۆی دکتۆرنامەکەی ( تجدیـد ذکری أبي العلاء)، هێرشـی زۆری لەلایەن ئیسلامییەکانەوە کرایە سەر ( ئێستابوایە حـەقەن دەیانکوشـت، چونکە عەقڵ لە دنیای ئیسلامدا وەکو میزی حوشتر بۆ پاشەوە دەچێت) .

ئەبولعەلا ، قەت ژنی نەهێناوە و،هاتنی خۆی بۆ سەر دنیا بە گوناهێکی باوکی خۆی داناوە و نەیویستووە ئەویش گوناهـ لەگەڵ کەسێکی تردا بکات و بهێنێتە دنیاوە :

هذا جناه أبي علي     و ما جنيت على أحد

کە یـەکەم دێڕی قەسیدەیەکییەتی، ئێستا بەسەر دیواری لای گۆڕەکەیەوە ( لە شارۆچکەی شوێنی لەدایکبوونی ) نووسراوە .

88

هەژار بەمجۆرەی وەرگێڕاوە :

گوناهی بابم لەسەر منە و بەس — بۆخۆم گوناهم نەکرد لەگەڵ کەس

حەزم دەکرد هەژار دێڕی دووەمیشی وەربگێڕایە :

ثلاثة أيام هی الدهر كله — و ما هی غير الأمس و اليوم و الغد

( هەموو ژیانی ئەم دنیایە سێ ڕۆژە — دوێنێ و ئەمڕۆ و سبە و تەواو ) .

ئەبولعەلا نەباتی بووە، هیچ گۆشتێکی نەخواردووە، تەنانەت هێندێك لە بەرهەمی حەیوانیش ( ڕۆن، هێلکە) . جارێك لە پیریدا کە نەخۆش دەکەوێت، بژیشك دەڵێن دەبێت مریشکی بۆ بکوڵێنن و بیخوات . ئەبولعەلا سەرەتا دەڵێت کە شتی وا ناکات،ئیدی بە هەر فێڵێك دەبێت مریشکێکی کوڵاو و ئاوەکەی دەخەنە بەردەمی کە بیخوات . ئەبولعەلا بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە سەری قامکەکانی بە مریشك دەگەیەنێت، هەر وەك مریشکەکە مرۆڤێکی کوڵاو بێت، رادەچڵەکێت و دەستی دەکێشێتە دواوە و، بە مریشکەکە دەڵێت :

إستضعفوك فوصفوك، هلا وصفوا شبل الأسد ؟

( تۆیان بە بێهێز دیت و بە راچێتەی دکتۆر پێشکەشیان کردیت، مەگەر دەیانتوانی خواردنی بەچکەی شێر بە راچێتە بنووسن ؟ )

ئیتر نەیخوارد و گوتی لایبەن .

من باسی ئەمەم بە کوردی دیتووە کە کراوە بە هەوێنی چەند دێڕ شیعر، مریشکەکە تێدا کراوە بە کەڵەشێر ( کە ئەوە بە رێکەوت بۆ کوردییەکە زۆر جوان دێتەوە : شێر و کەڵەشێر)، بەڵام ئێستا نایبینمەوە، هی هەژار بوو ؟ هی قانع بوو ؟ یا هەرتکیان ئەو باسەیان کردووە بە شیعر ؟ یا هی کەسێکی دیکە بوو ... ئاخ کەمێك لەو زەینەی هەژارم هەبوایە، بەڵام چی بکەم کە نیمە، زۆر بەداخەوە کە ئێستا ناچمەوە سەری .

## خەون

خەون و واقیع، وا دەبێت ئێجگار زۆر لێك دوور دەبن و،واشدەبێت هەرکام لەوانە لە قووڵترین قووڵایی ئەوەکەی تر رۆدەچێت و، بۆ تێگەیشتنی هەرکامیان دەبێت لەوەکەی تر بنۆڕین . خەونەکان وا دەبێت زۆر رازی وەها دەردەبڕن کە مرۆڤ لە هۆشیارییدا تەنانەت ناوێرێت لای خۆیشیان بدرکێنێت، چ جای بە کەسی تر دەگات . یا

- لەلایەکی‌ترەوە- وا دەبێت مرۆڤ بە ڕێگاوە دەڕوات و خەوندەبینێت تا ناوچوانی وە دارتەلێکی‌کارەبا دەکەوێت و ... زۆری تر .

چوونە بەردەم عەرشی پەروەردگار و، قسەکردن لەگەڵ پێغەمبەر و فەرمان وەرگرتن لە ئیمام عەلی و، زۆری لەو بابەتە، دەکرێت لە خەوندا ڕوودەن . ئەوجا چ ڕوویاندابێت و، چ هەر نەدیترابن،گێڕانەوەیان لای وشکترین مرۆڤی ئاینییش قەبووڵ بووە . مەگەر خەوندیتن بە دەست مرۆڤ خۆیەتی ؟ ئەو هەمووە کچانە لە خەوندا چی لەگەڵ باوکی خۆیاندا دەکەن و، مەلاش ئەوە بە "ئیمانداری" تەفسیر دەکات، مەگەر وا نیە ؟

کەواتە ئەوە هەلێکی باشە بۆ شاعیرانێك و نووسەرانێکیش کە لەو پەنجەرەیەوە سەر دەربهێنن و باسی گەشتە-کانی بە خەونی خۆیانمان بۆ دنیایانێکی تر، بۆ بەهەشت یا جەهەننەم، یا وڵاتی جندۆکان، یا هەرکوێ، بۆ بکەن و لێشیان قەبووڵ بکەین، چونکە شت کە بە خەونی خەو یا خەونی هۆشیاری بوو، خەون ئیتر خەونە و،گوتمان مەگەر خەون بەدەست خۆمانە ؟ سا ئەوە زیرەکی بووبێت لەو شاعیران و نوسەرانەوە تاکو بەوە لە کۆت و بەندی سانسۆر یا شمشیری میرغەزەب بخەلەسن، یا هەر جوانیی دەربڕینی ئەدەبیی خەیاڵ بووبێت، یا هەرچییی تر، ئەوانە لە نەتیجەدا توانیویانە بەوە ڕێگایەك بۆ بەرهەمێکی ئەدەبیات بکەنەوە .

من لە بەغدا کە مێردمنداڵێك بووم، فیلمێکی فارسییئێرانم دیت،" شبی در جهنم"، ئەوسا زۆرم پێ خۆش بوو و، زۆری پێ پێکەنیم، بەتایبەتی بە چاوداگرتنی فاسقانەی جەهەننەمییەکە لە کیژۆڵە فریشتەکان! تا لە کۆتاییە-کەیدا دەرکەوت کە خەون بوو، ئیدی بەو فێڵە گەشتێك بۆ ئەو دنیا ڕێکخرابوو و هەمووی بە فیلم وێنەی گیرابوو و وا من لە سینەمای رەشیدی بەغدا دەمدیت (کە زۆرتر فیلمی هیندیی هەبوو و، ئێمە بۆ گریان بە کارەساتی گورجو و دایکی هیند و ئەو شتانە دەچووین، بەڵام وا ناوبەناو فیلمێکی ئێرانییشی دەهێنا) .

گەشتەکەی قانع :

یەکەمجار کە من" قانع"م دیت، لە دووکانی هەژار بوو ( ستودیو الصباح، لە شەقامی" الکفاح" لە گەڕەکی " الفضل"ی بەغدا) . قانع کە بە سەردان بهاتایەتە بەغدا حەتمەن دەهاتە دووکانی هەژار و، جا لەوبەری شەقامەوە گوێت لە قاقای پێکەنینیان بگرتایە . جۆرێك هیستیریای پێکەنین بوو دەیگرتن . قانع شیعرێکی‌خۆی بۆهەژار خوێندەوە ( لەبەری بوو، نازانم ئەویش وەکو جەواهیری هەموو شیعری خۆی لەبەربوو یان نا، بەڵام ئەمەی لەبەر دەگوت) و، لەگەڵ هەر دێڕێکدا شەپۆلی پێکەنینیان دیسان هەڵدەچوونەوە . شیعرەکە باسی بەرتیلخۆران بوو .

قانع کە تووڕەیی لە بەرتیلخۆریی کاربەدەستانی سەردەمی زۆری بۆ هێناوە، بە شیعری خەون چووەتە " ئەو

دنیا" و، نەیانهێشتووە بە بێ ئەوە کە بەرتیلێك بدات پێ بنێتە پردی سیراتی موستەقیم، ئێ بەرتیلی چی ؟ خۆ لەوێ نـە جزدانی ( کیفی پووڵی) پێیە و نـە ئەسڵەن هیچ جلوبەرگێکی لەبەردایە، هەیەتی و نیەتی هەر کفنەکە-یەتی . ناچار نیوەی‌کفنەکەی بە بەرتیل دەدات و، بەوە ڕێگای دەدەن بپەڕێتەوە . بەڵام لەوسەر کە دەچێتە بەردەم کۆشکی بەهەشتیش، ئەویش خۆ شاری بێ دەروازە نیە، حەرەسی ئاسایش و جۆرەها دەستگای ئیستیخبارات و پاسداری ڕەببانیی بەهەشت دەیپارێزن و، ئەوان دەبێت ڕێگای بدەن . ئـەگەر نـەیدەن، هـەموو نوێژ و ڕۆژووی تاعەتەکەی ژیانی‌دنیای فانیی بە چی دەچێت ؟ بەهیچ، بە ئاودا دەچێت . بەڵام ئاخر ئەوانیش بەرتیلیان دەوێت . ئێ قانعی بەدبەخت ئێستا هەیەتی و نیەتی، نیو کفنە بە بەرییەوە . چی بکات ؟ ناچار، ئیننالیللا، ئەو نیو کفنە-شی دەدات بەوان ( دەبێت حەرەسەکان هەر پیاو بووبن، ئەینا شێخ قانع چۆن خۆی لای فریشتە خانمەکان ڕووت دەکاتەوە ؟ حەقەن شـتی وا ناکات) . بەو جۆرە، بە ڕووت و قووتی پێ دەنێتە بەهەشـت . پیرەمێرد و پیرێژنی بەهەشت، کە وادیارە بۆ جاری یەکەم دەبینن پیاوێکی ڕووت و قووت لە بەهەشت وەژوور دەکەوێت و، هـەموو - بە زاراوەی ئەم زەمانە -" شوێنە هەستیارەکان"ی بەدەرەوەن، هاتوهاواری " ئای ئەو شێتە"یان لێ هەڵدەستێت و دەیکەن بە هەرا و هوریا و خۆپیشاندان ( ئەگەر ئێستا بوایە حەقەن - بڵێین - بایکۆت و ئەو شتانەی چالاکیی مەدەنی‌یشی دەهاتە پاڵ) . کەواتە، ئەوە نموونەیەك بوو لە شیعری ساتیر ( تەنز)ی سەفەری بە خەیاڵ بۆ بەهەشـت، بە مەبەستی ریسواکردنی دەردی بەرتیل .

دوا نموونەش لێرەدا کە ئێستا بە بیرمدا دێت، وێنەیەکی خەلاقیەتی ئەدەبییە :
ئەو دیمانە خەیاڵییەی کاك"هاوڕێ جەلال"ی خۆشەویستمان کە لەگەڵ " شێخ ڕەزای تاڵەبانی"ی شاعیری گەورە-مانیدا پێکهێناوە، کە نێوانی شێخ ڕەزا و ئەو هەمووە خەڵکە و چیرۆکی ئەو هەمووە شیعرەی خۆی و ئەو خەڵکە، هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیانی ... ئیدی تێدا باس دەکات، دیسان دەستەکانت خۆش بن کاك هاوڕێ گیان .

" رسالة الغفران"

شێخ عەلی ناوێکی عارەب، ساڵی ٩٦٢ لە حەڵەب لەدایکبووە و، لە تەمەنی ٦٨ساڵیدا لە مووسڵ کۆچی‌دوایی کردووە، ئیتر هەم خۆی لە پرتەوبۆڵە حەساوەتەوە و، هەم خەڵکیش . تۆماری ژیانی، لەوەی هێندێك کەس دەکات کە من خۆم لەم دنیایەی ئێستادا دەیانناسم، بە تایبەتی یـەکێك لەوانە، کە دکتۆر و پرۆفیسۆر و ئەو شتانەیە ...

شێخ عەلی و ئەم دکتۆر و شتە بە رادەیەکی زۆر بە کۆپییەکتر دێنە بەرچاوم . ئەوەش سەیر نیە، تەبیعەتی دنیای مرۆڤە . لە هەر سەردەمێکی شارستانیەتدا، زۆر جۆر خوێندەوار یا نەخوێندەوار، بە کاکڵ یا بێ کاکڵ و، بە جۆرەها رەوشت و پێچەوانەکانیان هەبوون و هەن و، وێ دەچێت تا زۆری تریش هەر وا بڕوات .

شێخ عەلی، سا هەر ئەوسا ناوی " إبن القارح"یشی هەبووە یا دواتر ئەبولعەلا ئەو ناوەی بۆ پەساپۆرتەکەی بۆ گەشتی ئەو دنیا لێ ناوە، بەدووی ئەوەدا گەڕاوە کە کەسانێکی دەستڕۆیشتوو بزانن چ زانایەکی گرنگە و، کارێك و مووچەیەکی باشی شایانی خۆی بۆ دابین بکەن، تا لە نیزیکیشەوە بە چاوی خۆیان ببینن کە ئەو چەندە لەو هەمووە نەزانانەی تر جیاوازە و، موعجیزەکانی هەڵکەوتوویی ئەویان لێ روون ببنەوە . کەسانێك، سەرەتا بە جیددییان وەرگرتووە و لای خۆیان دامەزراندووە، بەڵام دوای ماوەیەکی نە زۆر، وێدەچێت هەرتك لا تێگەیشتبن کە بە هەڵە چوون . ئیدی لێك جیابوونەتەوە . شێخ عەلی - بەگوێرەی ئوسووڵ و قاعیدەی ئەو جۆرە کەسانە - کەوتووەتە غەیبەتی ئەوانەی دوێنێ میرزایان بووە و، ئەوانیش ئیدی وێناچێت لە وەڵامدا پێیان هەڵگوتبێت .

شێخ عەلی یا إبن القارح، بەوە کە لە ئەهلی قەڵەم و زانایانی زەمانی بووە، با هێندێککەسی وەکو منیش پێیان شێت و دەعبایەکی ماخولیا بووبێت، نامەی بۆ ناودارانی سەردەمی خۆی نووسیون و، یەکێك لەوانە نامەیەك بووە کە بۆ ئەبولعەلا ( أبوالعلاء المعري) ی نووسیوە . نامەی چی ؟ نامەیەکی پڕ لە قسەی بێسەروبەر، تێدا بە بێ مناسەبە، بە راست و بە چەپدا کەسانێك دەکاتە کافر و جەهەننەمی و کەسانێك بەرز دەکاتەوە و... ئیتر - وەك بڵێیت - بە پای پەتی تێیدەکەوێت، تێدا بەگوێرەی شەریعەتی دینی حەنیفی محەممەدی، ناودارانی رابردوو و سەردەمی هەڵدەسەنگێنێت و حوکم دەدات .

ئەو نامەیەی ئیلهام دەدات بە ئەبولعەلا کە هەمان ئەو شێخ عەلییە بە گەشتێکی خەیاڵی بنێرێتە ئەو شوێنانەی کە شێخ لای خۆیەوە ناودارانێکی بە ئەهلی ئەوانە داناوە، تاکو بە چاوی خۆی ببینێت کێ لەکوێیە . تەنانەت پێغەمبەران و ئیمامان و ئەولیاش لەو دنیا ببینێت ... لە بەردەم پردی سیراتی موستەقیم بە بێ رێنوێنێك بیوەستێنێت تا بەڵکو" فاطمة الزهراء"( کچی پێغەمبەر و هاوسەری ئیمامعەلی) فریای بکەوێت و رێگای پیشان بدات ... لەوبابەتە، سەرتاسەر گاڵتەپێکردن . بەڵکو شێخ عەلی لە زمانی گاڵتەپێکردنەکەی بگات و هێندێك شەرم لە خۆی بکات، یا ئەگەر ئەویش خۆی لە ساتیری ئەبولعەلا نەگات، تەنانەت رەنگە بە پێهەڵگوتنیشی دابنێت، یا بە هەر شێوەیەك بێت - بڵێین - کەڵکێکی لای ئەو نەبێت، خەڵکی تر لێی فێر ببن، یا هەرنەبێت لەزەتی لێ ببینن . لە راستیشدا، رەنگە پترین لەزەتی خوێندنەوەی ئەو گەشتە خەیاڵییەی بەر ئەو بەشە لە

خوێنەرانی بکەوێت - ئەگەر بتوانن لەو زمانە زەحمەتە بگەن - کە ئـاگاداریيان لەو ناوداره - گوایا- بەهەشتی و جەهەننەمییانە هەیە . لێرەدا مەگـەر هەر بۆ فۆرمەکە ( چیرۆکی گەشت بۆ ئەو دنیا) بەشی ئەوەندەی کە من لەم چەند دێرەی تا ئێرەدا باسمکردووە، مەگەر هەر ئەوەندەی بە کەڵکی کەسێکی بێ ئاگا لە ئـەدەبیاتی عارەب ( و ئیسلام) بێت، بۆ " دانتێ "یش - ئـەگەر راست بێت بیری کۆمیدیاکەی لەم کتێبە وەرگرتبێت - ئـەینا کەس لە دەرەوەی ئەوە ناتوانێت لێیتێبگات . مەوزووعی کۆمیدیای دانتێ - جگە لە وێکچوونی فۆرمەکە - هەر فڕی بە سەر ئەمکتێبەوە نیە، ئەو کتێبێکی زۆر جیددیی‌کلیسايیە و گرنگییەکەمی لە پەرەپێدانی زمانی‌ئیتالیاییدایە ( رێگا خۆش‌کردن بۆ زمانی ستاندار کە سـەد ساڵێك دواتر دادەمەزرێت)، ئەمەی ئەبولعەلا ساتیرێکی خەستی گاڵتەکردنە بە قسەی خەڵکی دنیای ئاین . ئەم حوکمە بۆ ئەو قسەیەش دەخوات کە گوایا قەسیدە درێـژەکەی جۆن میلتن Paradise lost ( پتر لە دە هەزار دێری شیعر )یش ئیلهامی لەم رسالەیە وەرگرتبێت .

وشەی "کۆمیدیا"ی ناوی کتێبەکەی دانتێ فڕی بەسەر ئەم کۆمیدیایەوە نیە کە ئێمە ئەمڕۆ بەکاری دەهێنین . کۆمیدیا لای دانتێ مەبەست لە چیرۆکی "کۆتایی شاد" ە، نە پتر . ئەبولعەلا بە ساتیر( تەنز) تێکڕای خەرافاتی ئاین لە قوڕ هەڵدەکێشێت . لە ئەوروپاییەکان، نیکلسن بەنموونە ( سەرچاوەیەکی "ئاغا و شێخ و دەوڵەت" یشە)، کە کاری لە سەرکردووە، کەسێکی شـەیدای لێکۆڵینەوەی دنیای ئیسلام و رۆژهەڵات بووە، هێندێکی لێ تێگە- یشتووە و،مانای‌هێندێکیشی تەنانەت بە هەڵگەراوە وەرگرتووە . ئەینا، دوور لە دنیای سامانی زمان و ئەدەبیاتی عارەب، هەست پێکردنی دەوڵەمەندیی کتێبەکە رەنگە بەزەحمەت لەتواناندا بێت .

ئەبولعەلا ناوی کتێبی ئەم گەشتەی کردووە بە " رسالة الغفران" .

نامەکەی إبن القارح :

( بۆ خوێنەرانێك کە ئاگاداری دنیای ئەدەبیاتی عارەب نین، بە باشی دەبینم کە لێرەولەوێ هێندێك شت روون بکەمەوە تاکو ئەو خوێنەرانە بتوانن باشتر هەست بە رووحی تێکڕای باسەکە بکەن . ئەو روونکردنەوانەی خۆم دەخەمە ناو ئیشارەتی { } ) .

کە من نامەکەی" إبن القارح" دەخوێنمەوە، دیسان دکتۆرەکەی لەمەڕخۆمانم دێتەوە بەرچاو . دوای پێشەکییەکی بە عادەتی ئەو سەردەمە، کە نووسەر تێدا خودای بەدبەخت دەکات بە سـەرپۆشی درۆ و دەلـەسـەی خۆی : من - وەڵڵاهی - ئـەمەم دوور لە هـەر مەبەسـتێك و، هەر تـەنیا بۆ خـەبات لە رێگای چاکەدا نووسیوە و، زوو- زوو

بەیتێکی شیعرێکی کەسێکیش بە بەڵگەی عیلمیبوونی قسەکەی! و راستگۆیی خۆی دەهێنێتەوە . ئەوجا دەست پێدەکات باسی گەڕانەوەی بۆ شارەکەی ( حەڵەب) دەکات . ئێ مەگەر لەکوێ بوو تا بێتەوە شارەکەی ؟ دەڵێت : لە ئامەد(ی کوردستان) " أبوالفرج الزهرجي"م دیت، خەزنەی کتێبەکانی خستە بەردەمم، گوتم : لای بە ئەو کتێبانە، ئەوانە هەموو"یهودی"ین! (جوون)، منی پیاوی شەریعەتی حەنیف، خۆ گەوج نیم سەیری قسەی هەتەران پەتەرانی ئەو کتێبانە بکەم .

( حای حای وەڵڵا هەر ئەوە مابوو پیاوی ئامەدی کوردستان ئەم زاتە تووشی کتێبی یەهودیی بکات!) .

ئەوجا شێخ عەلی، یا با هەر لە ئێستاوە ئێمەش هەر پێی بڵێین " إبن القارح"، لە قسە دەوەستێت . دوای ئەوە بە بێ هیچ پردێك و رێگایەك، لە پڕێکدا دیسان دەکرێتەوە و، دەڵێت : دە توخوا سەیری ئەو" المتنبی"(موتەنەببی)یە بێ سیفەتە بکە ...

{ المتنبی ٩١٥-٩٦٥ یەکێك لە گەورەترین شاعیرانی مێژووی عارەبە، کە دەڵێت :

أنا الذي نظر الأعمى إلى أدبي      و أسمعت كلماتي من به صمم

( من ئەو کەسەم کە کوێر سەیری ئەدەبی کردم      و کەڕم وا لێ کرد وشەکانم ببیسێت ) .

لە کوفە لەدایکبووە، بەڵام زۆرتری ژیانی شاعیریی لە خزمەت " سیف الدولە" ی دامەزرێنەری ئەمارەتی حەڵەبدا بووە}.

... بڕوانە چۆن دەڵێت :" أذم إلى هذا الزمان أهيله"( قسە بە" ئوهەیل" = خەڵکۆکە!ی ئەم زەمانە بە زەمان دەڵێم)، نەك " أهل"ی ئەم زەمانە . دە توخودا کەسێك خەڵك وا بە بچووك باس دەکات و دەیانکات بە خەڵکۆکە ؟ خەڵکیش کێ ؟ خەڵکی ئەمارەتی" سیف الدولە"، ئاخر هەی بێ سیفەت! تۆ خۆت بە چەندە شیعر لە دیوەخانیدا پێتهەڵگوتووە ؟ ( نموونە لە خەڵواری شیعری پێهەڵگوتنی سیف الدولە لەلایەن المتنبییەوە ...) . لێرەدا - وەکو " ئوهەیل"ی ئەم ئیزم و میزمانەی ئێستای ئێمە - هێندێك فیزی فەیلەسووفی لێدەدات :" و لا يجب أن يشكو عاقلا ناطقا إلى غير عاقل و لا ناطق"! ئێ ؟ ئەوجا المتنبی لەکوێ گازندەی لە عاقل و ناطق لای غەیری عاقل و ناطق کردووە ؟ دەڵێت : چۆن ئەوە نیە گازندە لای زەمان واتا سووڕانی فەلەك دەکات! ئەوەش یانی چی ؟ یانی پەنا بردنە بەر ئەستێرەناسی و ئەو شتانە و لە دواییدا نیزیکبوونەوە لە گوێنەدانە قسەی کتێبی خودا، وەك لە قورئانی مەجیددا دەڵێت : مذبذبين بين ذلك لا إلى هؤلاء و لا إلى هؤلاء " (سوورەتی " النساء": ١٤٣) .

{ إبن القارح بەوجۆرە لەسەر وشەیەك المتنبی دەکاتە دوژمنی قسەی خودا و، ئەگەر ئەو مفتییەکاتی المتنبی بوایە

و،" فاتك بن‌أبى جهل الأسدى"یش لەسەر هەجوی خوشکەزاکەی،المتنبی لە ڕۆژئاوای بەغدا نەکوشتایە، دەکرا مەرگی المتنبی لەسەر دەستی ئەم" إبن القارح"ـە بوایە، بۆچی ؟ چونکە گلەیی لە چەرخی چەپگەرد کردووە} .

إبن القارح ئاماژە بە فلأنە و فیسارە سەرچاوە دەکات کە باسی ئەوە دەکەن چۆن فلأنە وەزیر لە بەغدا بە متنبی ی گوت : "تۆ ئەحمەد متنبیت ؟"، متنبی گوتی : " من ئەحمەد نەبی"یم ( ئەحمەد پێغەمبەر) و، زگی خۆی رووت کرد و نیشانەی قەڵشتێکی پیشان دا و گوتی : ئەمەش عەلامەتی پێغەمبەربوونەکەم .

دەزانی وەزیر چیی لێ کرد ؟ گوتی : دا ئەو « جمشك»ـەت لە پێ داکەنە ( لە « جمشاك»ی فارسی = جۆرێك پێلاو) و، وەزیر هەر بە پێلاوەکەی متنبی خۆی، پەنجا جار بە دەموچاوی متنبی‌دا کێشا و، ئەوجا بردیانەوە زیندان .

ئەدی " بشار" ...

{ بشار بن برد ٧١٤-٧٨٣، نازناوی" إمام الشعراء"، نابینا(کوێر) لەدایکبووە، بە نەژاد گوایا لە ماڵە پادشایانی فارس بووە و، باوکی بە کۆیلە براوە و ....، هەجوی خلیفە و وەزیرەکەی کردووە و، خلیفە( المهدی) گرتوویەتی و بە تاوانی" زەندەقە" ( بوونە ئەندامی شانەی نوستووی کافران!) لە ژێر قامچیدا کوشتوویانە . شاعیرێك بووە کە هەم زۆری هەجوکردووە، هەم زۆر قسەخۆش و عەییاشیش بووە . هـەرچەندە ژنی هەبووە بـەڵام کە لەگەڵ ژنی هاوسێکەیدا کردووە گوتوویە :" ئای بابە کە حەرام جوانە و حەڵاڵ دزێوە!} .

... کە ویستیان لەسەر زەندەقە سەری بپەڕێنن، گوتی : من زەندیق بووم بەڵام تۆبەم کردووە . ئیتر شیعری خۆیان بە بەڵگە بۆ هێنایەوە کە " پیر دەست لە خووی خۆی بەرنادات تاکو دەیخەنە گۆڕەوە" :

و الشیخ لایترك عاداته حتی یواری فی ثری رمسه ,

ئیتر بەو عەدالەتەی دادگای (عارەبیی) ئیسلامی، لە پڕێکدا سەریان بۆ پەرانده ناو کۆشییەوە .

سـەد خۆزیا ئەوەی کە ئەو نامەی پڕ لە ئەو تووڕەهاتەی بۆ ئەبولعەلای ڕۆشـنبیری گـەورە خـوێندووەتەوە، بۆی دەنووسین ئەبولعەلا کاتی گوێگرتن لە ئەو قسانە چ کاردانەوەیەکی هەبووە، قاقا پێکەنیوە ؟ لەگەڵ هەر دێڕێکدا و لەسەریەك جنێوی داوە ؟ چی ؟

وەڵامی ئەبولعەلا - رسالة الغفران، پێشەکییەك :

ئەوەی هەر لە یـەکەم دێڕەوە تا دوا دێڕی رسالەکەی ئەبولعەلادا زۆر سەرنج رادەکێشێت، ئەو رووحەیە کە من لە نووسینی " ئاناتۆل فرانس"یشیدا دەبینم . کە ئاناتۆل فرانس - بەفوونە- دەڵێت : رەبەنی دێر بە رەبەنەکەی تری

هاوسێی کەمێك ئەولاوەی گوت : خودا ئەو بەرەکەتەت تێ بخات کە ختییە کاهووی بێستانەکەمەوە! مرۆڤ لێرەدا هەڵدەنگوێت، دەوەستێت، وەك بەسەر دیوارێکی باریکدا بڕوات، کە نازانێت بە کام لایدا بکەوێت، فلقەی پێکەنین بیگرێت یا هەیبەتی ڕێزگرتن لە پیرۆزیی دوعاکە . ئەبولعەلاش لێرەدا بە ئەو جۆرە زمانە، سەرتاسەری خۆشییەکانی بەهەشت و پێوەندییە زۆر مرۆڤییەکانی نێوان خەڵکی ئەو دنیا بە جۆرێك باس دەکات، کە زۆرتر موحیتی ئەفسانەکانی یونانی تێدا پێشکەش دەکات : دنیایەکی پڕ لە واسیتە و واسیتەکاری و پێهەڵگوتن و هەلپەرستی و هەڵوێستی پێچوانەی یەکتر . باڵندە تێدا قسە دەکەن، کەچی شێر و مرۆڤیش تێدا ڕاو دەکات، کەواتا نێچیری قوربانیی ڕاوکەری تێدا هەیە . ڕووباری شیری تێدایە کە قەت ترش نابێت کەچی فڵانە شاعیر بۆ شیرخواردنەوە خەریکی دۆشینی حوشترە!

وردەکارییەکانی کە کردوونی بە بەرگێك بۆ دەربڕینی بەدبینیی عەقڵ لە ئاست مرۆڤ و ژیاندا، هێندە- هێندە زۆرن : هەرچی باس وخواسی کۆن و سەردەمی خۆی لەبارەی ڕێزمان و ڕێنووس و کێشە ئەدەبییەکانی نێوان ئەهلی قەڵەم و شیعری" کەشتییە نووحەکانی خانەقاکانی شێخی بورهان"ی دنیای سەردەمی هەن، بە هەڵسەنگاندنی هەرچی شیعر و شاعیرانێك کە بیستراین، تێدا شەپۆل دەدەنەوە .

" طه حسین" ( تاها حوسێن) دەڵێت کە ئەبولعەلا پەنجا ساڵ خۆی خستووەتە زیندانەوە، زیندانی عەقڵ، کە لە " ناعەقڵی"ی دنیای جیاکردووەتەوە و، گومانی لە هەموو شتێك، تەنانەت لە وجوودی خۆیشی هەبووە . تێگەیشتنی تەواوی " رسالة الغفران"، ڕەنگە بە بێ دۆزینێکی کتێبەکانی تری ( نووسینەکانی تری و دیوانەکا- نی شیعری) لەتواناداا نەبێت . ئەگەر من ئێستا دابنیشم و پتر لە ساڵێك بۆ ساغکردنەوەی ئەم کتێبەی ئەبولعەلا تەرخان بکەم، ئەوا لەوانەیە ئەوسا بتوانم بە چەند بەرگێکی کتێبێك هێندێك لە هەقی خۆی بدەمێ، لەوانەشە نەتوانم، بەڵام لێرەدا ئەوپەڕەکەی کە پێم بکرێت مەگەر هەر ئەم سەرنجڕاکێشانە بێت بۆ گرنگیی بەرهەمی ئەو مرۆڤە لە دنیای فکر و فەلسەفە و شیعر و بە گشتی ئەدەبیاتدا . من لام وایە، ئەم کتێبە ئەگەر هی ئەوروپاییان بوایە، ئەوا تا ئێستا، وێڕای زۆر لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبی و فکری و فەلسەفی، زۆر ئۆپێرا و سیمفۆنیـ- شیان لێ دروست کردبوو ... بەڵام ئیتر بەختی کەچی ئەبولعەلا لە ژیاندا، وەکو هی زۆر کەسی تر، وا بووە کە ئەوروپایی نەبووە .

ڕسالەکەی ئەبولعەلا دەوری ٤٥٠ لاپەڕەیەکی گرتووەتەوە، کە وەڵامی نامەکەی دەوری ٤٨ لاپەڕەیی " إبن القارح"ی پێ دەداتەوە ( نیزیکەی دە ئەوەندە) و، لە کۆتاییەکەیدا داوای لێبوردن دەکات کە وەڵامەکەی کەمێك

دواکەوتووە چونکە ئەو کەسەی کە لەبەردەستیدا بۆی دەنووسێت هەمیشە لەبەردەستدا نەبووە .

من پێشتر گوتم کە هەر هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکم لە هەر دوو نامە لێرەدا مەبەست بوو،کەواتا، لێرەدا ناکرێت باس لە کورتکردنەوەیان بێت، وەك کە لەگەڵ چەند کتێبی تردا کردوومە، چونکە ئەوە ئەگەر بۆ نامەکەی " إبن القارح" زەحمەت نەبێت، ئەوا بۆ رسالەکەی ئەبولعەلا هەر" ناکرێت"، چونکە گرنگیی رسالەکە لە وردەکارییەکا-نیدایە و، بازدان بەسەر ئەواندا جەوهەری باسەکە دەکوژێت . لەبەرئەوە هەوڵ دەدەم، هەر دوو- سێ وێنەیەك لەو تابلۆیەی کێشاویەتی بگرم، نە پتر .

" رسالة الغفران" دەکەینەوە :

دوای یازدە لاپەڕەیەکی پێشەکی، دەڵێت :

و قد وصلت الرسالة التي بحرها بالحكم مسجور،و من قرأها مأجور، إذ كانت تأمر بتقبل الشرع، و تعيب من ترك أصلا إلى فرع، و غرقت في أمواج بدعها الزاخره ...

( ئەو نامەیە (ی إبن القارح) گەیشت کە دەریای پڕ- پڕ لە حیکمەت بوو و، ئەوەی بیخوێنێتەوە ئەجر ( پاداشـی چاکی خودا)ی بە نسیب بوو، کە فەرمان بە قەبووڵکردنی شەرع دەکات و، دەست بەردان لە ئەسڵ بۆ فەرع بە عەیب دەگرێت و، لە شەپۆلە بەرزەکانیدا ... { بدع لێرەدا لە "بديع"ـە، بەڵام بدع جەمعی بدعەتیشە، ئەوەی کە دەڵێن پێغەمبەر گوتوویە" كل بدعة ضلاله"}

... ئـەوجا مامۆستای بەڕێز ( إبن القارح) - خودا هـەر پشت و پـەنای بێت - بە بیریدا دێت بە سـەیرانێك بچێتە بەهەشت ... دەچێت .

لە بەهەشت، زۆر لە زانایان و شاعیران دەبینێت :" أخي ثماله" ( دەبێت مەبەست لە أبو العباس مبرد ٨٢٥-٨٩٩ی زانای زمان بێت ؟ نیکلسن لای وایە مەبەستی لە الفراهیدی ٧١٨-٧٨٦ ـە)؛ إبن درید ٨٣٧-٩٣٣؛ یونس بن حبیب الضبي٧١٣-٧٩٨ کە" سیبویە"ی بەناوبانگ یەکێك لە شاگردەکانی بووە؛ إبن مسعدة المجاشعي- الأخفش کە لەگەڵ سیبویە دا خوێندوویە و سیبویە گوتوویە ئەو لە من زاناترە؛ أحمد بن یحیی الشیبانی ناسراو بە" ثعلب النحوی" ٨١٦-٩١٤ کە لە بەهەشت لەگەڵ " محمد بن یزید"دا ئاشت ببوونەوە و رق و کینەیان لەنێواندا نەمابوو ( هەرچەندە دواتر دەڵێت کە نابغە بن صعده و أبو بصیر لەوێ لێیان دەبێت بە شـەڕ و، یەکەمەکەیان بە گۆزەی زێڕی بەهەشت لە ئەوەکەی تر دەدات!) . یەك لیستی دوور و درێژی ناوان کە هەریەکەو چیرۆکی خۆی هەیە .

پیاوێك له بەهەشت شیعرێك بۆ إبن القارح دەخوێنێتەوە و دەڵێت : دەزانیت ئەمە شیعری کێیە؟ تەبیعی کاکی خۆن مەگەر شت هەیە نـەیزانێت ؟ دەڵێت ئەمە هی فلانی ئیبنی فلانی ... هەتا ئیبنی ئەوەندە پشتی ناودەبات، ئەمە هی ئەوە . پیاوەکە دەڵێت : دە ئەوە منم! تا لێواری ئاگری جەهەننەمیان بردم بـەڵام رزگارم بوو . ئێ چۆن رزگارت بوو ؟ بلێ قوربانە . بلێم چی، کێشایانم بردیانم دە ئاگرم بهاوێن، لەوکاتەدا پیاوێکی بە دەموچاوێکی نوورانی لەوناوە پەیدا بوو، ئەو خەڵکە کەوتنە هاوار- هاوار لێی : هەی محەممەد هەی محەممەد شەفاعەت شەفاعەت، من پێوەندیم بە فلانە، من پێوەندیم بە فیسارە ( نمت بکذا و نمت بکذا)؛ منیش بانگم کرد : محەممەد فریام کەوە " إن لی بك حرمە" من هەقم لە ئەستۆی تۆدایە . محەممەد گوتی : عەلی، دا بزانە ئەو پیاوە هەقی چیی لە ئەستۆی ئێمەدایە . عەلی بە هاوارمەوە هات و لە چنگی سووتێنەرانی جەهەننەمی دەرهێنام و، لێی پرسیم : ئێ ؟ هەقی چی و شتی چی ؟ منیش گوتم (... چیرۆکی زۆر و ئەوەندە شیعر...) . عەلی چۆوە و گوتی : ئەی پەیامبەری خودا، ئەمە " أعشى قيس"ـە { شاعیر، خاوەنی موعەللەقەی " ودع هريرة إن الركب مرتحل ... "} . پەیامبەر گوتی : لە دنیای پێشووش هاتووەتە لامان ؟ عەلی گوتی : خەڵك گێڕاویانەتەوە کە چۆن پێی هەڵگوتوویت، ئیمانی پێ هێنا- ویت و،ویستوویە بێت، بەڵام قورەیش نەیانهێشتووە و... نەشیتوانیوە دەست لە خواردنەوەی شەراب هەڵبگرێت . ئیدی پێغەمبەر رزگاری کردم و،گوتی : دە باشە، با بچێتە بەهەشت بـەڵام بە مەرجێك کە لە بەهەشت شەراب نەخواتەوە! دە فەرموو دەی، ئەگەر من لەو دنیا نەمخواردایەتەوە ئێستا بۆخۆم لەم شەرابەی بەهەشتم دەخواردەوە، خۆم بەخۆمم کرد، ئێستا هەر هەنگوین دەخۆم و" ماء الحيوان"! ( شیر) دەخۆمەوە .

إبن القارح، دوو تەلاری زۆرگەورەی بە شکۆ لە بەهەشت دەبینێت . ئێ ئەوانە دەبێت تەلاری چ گەورە بەرپرسیا- رانێکی رەببانی بن، کە یەکەم دوو تەلار دەبن کە دەکەونە بەرچاوی تازەهاتوو بۆ بەهەشت ؟ دەچێت سەیردەکات لەسەر دەرگای یەکێکیان نووسراوە :" هذا القصر لزهير بن أبي سلمى المزني" و ئەوەکەی تریشیان لەسەری نووسرا- وە : " هذا القصر لعبيد بن الأبرص الأسدي" . ئەوانە دوو شاعیری گەورەی عارەب ( خاوەنی موعەللەقە) بوون، کە پێش هاتنی قورئان و ئیسلام ، بە دینی جاهلیی خۆیانەوە مردوون . کەواتە : خودا دوو لەبەرچاوترین کۆشکی بەهەشتی خۆی داوە بە دوو کەسی کە یەك رۆژیش لە ئیسلامدا نـەبوون و، هەر خودا خۆی دەزانێت چەند کتێبی " یهودی"ی وەکو ئەوانەی کابرای ئامەدیی کوردستانیان خوێندووەتەوە . بە عیبارەتێکی تر : هەر تەواوی پێوانە ئیسلامییەکەی إبن القارح بۆ هەڵوێستی خودا لە شاعیران قسەیەکی هیچوپووچە، وا لێرەدا خودا ئەوەندە کەیفی بە شیعری شاعیرانی جاهلییەت هاتووە کە دوو لە باشترین کۆشکەکانی بەهەشتی خۆی داوە بەوان .

ئەوە هەر چەند وێنەیەك لە بەهەشت . إبن القارح دەچێتە دەوروبەری بەهەشتیش، سەرێك بە بەهەشتی تایبەتی عیفریتانی ئیمانداردا دەكات و، دەچێتە جەهەننەمیش و ئەوجا دەگەرێتەوە بەهەشت. ئەوە كە " إمرؤ القيس" یـەكێك دەبێت لەوانەی كە إبن القارح لە جەهەننەم دەیانبینێت، هیچ سەیر نیە، چونكە دەڵێن پێغەمبەر گوتوویە كافران لە جەهەننەم دەڕۆن و" إمرؤ القيس" لەپێشیانەوە دەڕوات و ئالاكەیان هـەڵدەگرێت . بـەڵام ئەوەی زۆر سەرنجی من رادەكێشێت ئەوەیە كە پێكەوە بە لای باسی دین و ئیماندا نـاچن، تـەنانەت ئیشارەتێك بە قسەی پێغەمبەر لەو رووەوە ناكرێت،هەموو باسەكەی إبن القارح لەگەڵیدا هەر باسی زمانە و، لە شوێنێكدا لە پرسیاری قسەیەكیدا، إمرؤ القيس دەڵێت : كوا من وام نـەگوتووە، ئەوە مسـوڵمانەكان لای خۆیانەوە وەهایان دەستكاری كردووە!

إبن القارح لە بـەهـەشـت تووشی هەركەس دەبێت لێی دەپرسێت : تۆ بە چی بـەخشیویانیت ؟ دەكرێت ناوی " الغفران" ـەكەش لەوەوە هـاتبێت . لە دواییـشدا ئەو خۆیشی هەر بە واسیتە و واسیتەكاری و، پێهـەڵگوتن و زمانلووسی لەوێ كاری خۆی دەڕوێنێت و، سـوێند دەخوات كە نـامەیەكی قازیـی حـەڵەبی پێ بووە كە تۆبەی دەسـەلمێنێت، بـەڵام لە بەهـەشت لێی كـەوتووە ( لەمەوە دەكرێت بڵێین كە بەهـەشت ئیدارەی دۆزینەوەی شتی ونبووی لێ نیە) . ئەو نامەیەی قازیی حەڵەب دەكرێت پێی بگوترێت : رسالة الغفران، كە مەگەر هەر بە كۆپییەكی پسووڵەی بەخشینی كلیسای كاتۆلیك (صكوك الغفران، آمرزش‌نامە) ی دابنێین .

نووسینی : لووکیانۆس، یا بە لاتینەکە : لوسیان . دەورووبەری ساڵی ١٢٥ لە شوێنێکی نێوان مەرەش و مەلاتیە لەدایکبووە - دەوری ساڵی ١٨٠ کۆچی‌دوایی‌کردووە . بە یونانیی نووسیوە، بەرهەمی زۆری هەبووە و یەکێك بووە لە بەتەئسیرترین نووسەران بەسەر گەورەترین شاعیران و نووسەرانی ئەورووپای نیزیکەی دووهەزار ساڵی مێژوودا.
ئەمە - بەڤوونە- سەرەتای یەکێك لە نووسینەکانییەتی : ماخولیای درۆ، یا : بێ ئیمان

دیمەنی یەکەمی شانۆ : شـەقامێك لە ئاتێنا . لاوێك ناوی " تیخیادەس "ـە، لە ڕێگای گەڕانەوەی لە سەردانێك، تووشی " فیلۆکلیس "ی هەڤاڵی دەبێت، ئیدی پێکەوە دەڕۆن .

تیخیادەس : ئەری فیلۆکلیس دەکرێت پێم‌بڵێیت بۆچی هێندێك کەس ئەوەندە حەزیان لە درۆکردنە ؟ بەڕاستی وادیارە کەیفیان بەوە دێت کە قسەی هیچوپووچ بکەن و بە هەموو حەواسیشیانەوە گوێ لە هەرکەسێکی تریش دەگرن کە بە هەمان شێوە قسەی هیچوپووچیان بۆ بکات .

فیلۆکلیس : بەڵێ ئیتر زۆر شت بۆ ئەوە هەن، کە مرۆڤ بیەوێت بەوە پێیان‌بکات .

تیخیادەس : نا ، بەڵام ئاخر ئەمەیان بەتەواوی شتێکی ترە . من ئەوە ناڵێم کە کەسێك بیەوێت لە ڕێگای درۆکردنەوە شتێك وەدەست بهێنێت . ئەمەیان هی بەخشینە، تـەنانەت دەکرێت شتێکی پەسندیش بێت، بەڤوونە : بمانەوێت بە درۆیەك دوژمن هەڵبخەڵەتێنین، یا مەسەلەی ژین و مەرگ بێت ــ هەر وەك ئۆدێسە هـەمیشە دەیکرد " تاکو ژیانی هەڤاڵانی لە مەرگ ڕزگار بکات و بە سەلامەتی بیانگەیەنێتەوە ماڵ "، نا ، چاوەکەم فیلۆکلیس گیان، من مەبەستم لەو کەسانەیە کە بێ ئەوە هیچ قازانجێکیان تێدا هەبێت، هەر تـەنیا بە کەیف درۆ دەکەن، لەکاتێکیشدا کە هیچ کارێکیان پێ نیە . ئەمەی من دەمەوێت بیزانم ئەمەیە، ئەوانە ئاخر بۆچی وا دەکەن ها ؟

فیلۆکلیس : بۆچی مەگەر تۆ قەت کەسی وەهات ناسیوە ؟

تیخیادەس : حەقمەن ــ ئەرێ‌وەڵڵا بە دەرزەن .

فیلۆکلیس : ئـەگەر ئەوان بەڕاستی وا سەریان لێ شێوابێت کە درۆیان پێ لە ڕاستی باشتر بێت، مەگەر هەر بڵێم دەبێت عەقڵیان تێك‌چووبێت .

تیخیادەس : نا، وا نیە . من دەتوانم زۆرکەسی زۆر زیرەکت پیشان بدەم، کە لە شتی تردا زۆر عاقڵن و، کە چی بەشێوەیەك گیرۆدەی ئەم دەردەی عەشقی درۆکردن بوون . بەڕاستی، ئەوە زۆر تووڕەم دەکات کە دەبینم کەسانی

ئەوەندە بەتوانا ئەوەندە حەز لە فریودانی خۆیان و هەمووکەسێکی تریش دەکەن . با هێندێك نموونەت لەوانەی زۆر پێش ئێستا بۆ بهێنمەوە : تۆ " هێرۆدۆتوس"ت بیستووە {" باوکی مێژووناسی"، سەدەی پێنجی پێش زاین } و، " کتێسیاس"{بژیشك و مێژووناسی سەدەیپێنجی پێش زاین }ی" کنیدۆس"{ئێستا لە تورکیا} ؛ پێش ئەوانیش " هۆمێرۆس" هەر بەوە نـەوەستاوە کە خەڵکی سەردەمی خۆی فریوبدات، نا، فریودانەکەی بە میرات بە خەڵکی دوای سەردەمیخۆی گەیاندووە و، خستوویەتە قاڵبی شیعری ئەوپەڕی جوانەوە . من خۆم، لە شەرم و، خەجاڵەتیی ئەوەی لێیان دەبینم ئارەق دەڕێژم : چۆن " ئورانوس"یان خستاند { ئورانوس فەرمانڕەوای دنیا بوو، دایکی خۆی هێنابوو و، کۆشێك منداڵی لێ بوون و، کێشەیان لێ پەیدابوو، لەسەرئەوە یەکێك لە کوڕەکانی لە دایکی، گەڵ و گونی باوکی خۆی لەبنڕا بڕی}، شکەنجەدانی" پرۆمیثیوس"، یاخیبوونی فیلەتەنەکان، ئەو شانۆگەرییە مێلۆدرا-مایییەی لە جەهەننەم سازی دەکەن کە تێدا " زێوس"{ گەورەی خودایان} هەر بۆ ئارەزووی جنسیی، خۆی دەکات بە گا یا بە قوو و، ژنەکان تێدا دەبن بە باڵندە و ورچ ــ" پێگاسوس"یش لەولا بوەستێت،" خیمایرا"{حەیوانێکی ئەفسانەیی کە سەری شێرە و لەشی بزنە و کلکی مارە}، " گۆرگۆن" ـەکان { سێ خوشك کە موویەکانی سەریان مار بوون}، کیکلۆپ { فیلەتەنی بە یەك چاو}، یا ئەو مەخلوقە ئەفسانەییانەی تر کە بێگومان تا بڵێیت بە دڵی منداڵانن کە بڕوایان بە دێوەزمە هەیە . ئەو قسانە بۆ شیعر بەڵێ، بەڵام کە بکرێن بە حوکمی سیاسەتی شاران و دەوڵەتان، بەڕاستی هێندێك گاڵتەجاڕ نیە ؟ بەنموونە : لە کریتا گۆڕی" زێوس" پیشانی سیاحەتگەر دەدەن،ئاتێنا-یی دەڵێن" ئارێختۆنیۆس" و یەکەم مرۆڤەکانی دنیا وەکو روەك لە خاك رواون { ئاتێنا خانمی خودا چوو کارێکی بە خودایەکی ئاسنگەر هەبوو، ئاسنگەر ویستی لەگەڵی جووت ببێت و خانم نـەیویست، ئاسنگەر بە زۆر گرتی و ویستی بیکات، لەو بگرەوبەردەیەدا دڵۆپێك ئاوی شەهوەت لە گەڵی خودای ئاسنگەر کەوتە سەر رانی خانم و ... دوایی فڕێدرایە سەر زەوی، ئەوە دوایی بوو بە ئارێختۆنیۆس،کە زۆر ناشیرین بوو ...هەتادوایی کە چیرۆکەکەی دیارە دیقوفیقی بە لوکانیۆس کردووە!}، ئەی ئەوانەی" تێبیە"، کە چیرۆکی تەنانەت سووك و چرووکتریشیان لەبارەی -گوایا-" مرۆڤی روەك" هەیە، کە لە ددانی مار رواون . خۆ ئـەگەر کەسێکیش بڵێت ئەم قسە حیزانە چین ؟ یا کە بە لێکۆڵینەوەی زانستی ئەو پرسیارە بکات : ئاخر چۆن کەسێك عـەقڵ لەسەریدا هەبێت دەتوانێت بڕوا بکات کە " تریپتۆلیموس" بە سواری ئـەژدیهای بـاڵدار فڕیوە (..) هـەر کەس ئەو پرسیـارە بکات ئەوا بە " ئـەحمەقێکی کـافر" دادەنرێت کە بڕوای بە ئەو " حـەقیقەتە روونـانـە"! نیە . کە ئـەمە دەریدەخات درۆ چ دەسەڵاتێکی هەیە . (..)

دوای ئەوە کە باسی وەرگێڕانی دێڕێك لە شیعری" أبوالعلاء المعري"لەلایەن هەژارەوە، بردمییە دنیای ئەبولعەلاوە و، ئەوە " تاییس "ی " ئاناتۆل فرانس "ی وەبیرهێنامەوە ( بڕوانە ل ٩٥-٩٦ی ئەم کتێبە) ، گوتم با سەیرێکی بکەمەوە، خۆ من پێش پتر لە چل ساڵ بە عارەبی خوێندوومەتەوە ( بەڵام ماڵم هەقە وەرگێڕانێکی ئێجگار زۆر چاکی عارەبی کە هەقی خۆی دابوویە) . چ سەیر بکەمەوە ؟ تاییس وەکو خێوی دەم کانی دەمگرێت و بەرم نادات، ئەوە چ سیحرێکە ؟ چ جادووی چ جادووگەرێکە؟ بە رادەیەك دەموروژێنێت کە ناتوانم بە دەنگی بەرز لێرەش بە کوردی سەرەتاکەی نەڵێمەوە :

## تاییس

لەو رۆژگارەدا، زاهیدانت دەدیتن، بە بیابانی هەر دوو لای رووباری" نیل"دا بڵاوببوونەوە . هەر یەکە و بۆ ماڵ، بە جیا، هێندێك لەولاوە، تاکو هەم بەجیا بژی و هەم لە کاتی پێویستدا دەستی بەوانی تر بگات، کۆلیتێکی لە چڵدار و قوڕ بۆخۆی پێکەوە نابوو . هێندێك کلیساش لەناویاندا هەبوون و رەبەن تێدا هەمان تەرزی ژیانی ئەو زاهیدانەی تریان هەبوون، هەرکامەیان لە گۆشەیەك خۆی جیاکردبۆوە و، هەر ئەگەر پێویست بوایە بەیەکتر دەگە-یشتن، لە جێژن و مناسەبە ئایینییەکان و نوێژی حەفتانەدا یەکتریان دەدیت، دەنا هەرکامەیان بەتەنیا و لە دنیا دوور، بۆ خودای خۆی دەژیا و کارێکی بە عەبدی بەشەر نەدابوو .

تەواوی رۆژ ئەوانە دەمیان بۆ خۆراك نەدەبرد . هەر کە رۆژ ئاوا دەبوو، هەموو جەمە خواردنەکەیان بریتی بوو لە نان بە کەمێك خوێ و هێندێك زوفا ( جۆرێك نەعنا) وە . هەشبوون کە لەوەش پتر رۆیشتبوون، لە بیابان رۆچوو-بوون و، لە ئەشکەوتێك یا لە گۆڕێکدا دەژیان .

هەموو زۆر بە زبری و دوایێپاکی دەژیان، کراسێکی لە موو دەبەردا و، کڵاوێك بەسەرەوە . بۆ خەو، هەر لەسەر ئەرزی رووت لێیدەکەوتن و ماوەیەکی باش هەر بەئاگا دەمانەوە، خەریکی ئەدعیە و تەراویحی خۆیان دەبوون و، ئیدی ئەوە ژیانی رۆژانەیان بوو : جیهادی تۆبە و پاڕانەوەی بەخشین لە خودا . بۆ کەفارەتی گوناحان، قەت

هیچ ئاوڕێکیان لە هیچ پێویستییەکی لەشیان نەدەدایەوە، نەخۆشییان بە پاککردنەوەی لەش دەدیت و، تەنانەت ئەو پێویستییانەی کە ناکرێت لەو تەمەندا لەبیربکرێن : هیچ شتێك لە برین و کێم و جەراحەت بۆ رازاندنەوەی لەش جوانتر لای ئەوانە لە دنیادا نەبوو، عەقیدەیان وابوو کە ئەو شتانە قسەی حەزرەتی عیسایان بەجێدەهێنا کە فەرموویە : بیابان گوڵ و گوڵزار دایدەپۆشێت! { کتێبی پیرۆز : أشعیاء : ٣٥ : ١} .

خەڵکی ئەو" تێببە" پیرۆزە، هەندێکیان رۆژیان بە عیبادەت و چوونە حاڵ و زوهدەوە بەسەردەبرد، هەشبوون بۆ کاروکەسابەت خەریکی دروستکردنی سەبەتە و شتی وا بوون لە چڵی دارخورما یا لە کاتی دروێنەدا وەرزێرییان دەکرد . بێدینەکان ( کە مووسا و عیسایان نەدەناسی) - بە ناهەق و لەخۆڕا- پێیانوابوو هێندێك لەوانە چەتەییان دەکرد و، دەستیان خستبووە دەستی ئەو بەدوانەی عارەبەوە کە کاروانیان تاڵان دەکردن . ئەوەی راستی بێت، ئەو رەبەنانە هەتا بڵێیت رقیان لە ماڵی دنیا بوو و، بۆنی عەتر و عەبیری تەقوایان دەگەیشتە ئاسمان!

فریشتە، بە شکڵی لاوان و داردەست دە دەستدا، بە ناوی ئەوە کە رێبوارن، دەهاتن سەریان لەو زاهیدانە دەدا . دێویش بە شکڵی ئەتیوبیایی یا بە شکڵی حەیوانێك دەهاتن بزانن ئایا دەتوانن ئەو زاهیدانە لەخشتە بەرن . تێببە، بەڕاستی و لە رووی رووحییەوە مەیدانێکی شەڕ بوو، کە لە هەموو کاتێکدا و بەتایبەتی شەوانە کێشە و هەرای نێوان بەهەشت و دۆزەخی تێدا روو دەدا .

## راستكردنەوەی هەڵەی چاپی كتێبی" لارولەنجەت مووسیقایە بەستەیە گۆرانییە و چەند باسێكی تر"

| لاپەڕە | هەڵە | تكایە راستبكرێتەوە و ببێت بە : |
| --- | --- | --- |
| ١٠ | ئارام دەگرێن | ئارام دەگرین |
| ١٥ | ئیانكۆ | یانكۆ |
| ٤٠ | نایدۆزیتەوە | نایدۆزێتەوە |
| ٥٣ | ئانترۆپۆلجییە | ئانترۆپۆلۆجییە |
| ٨١ | لەنەرئەوەیە | لەبەرئەوەیە |
| ٨٩ | بەدرخان(١٨٥٣) و یەزدان شێر(١٨٥٥) | بەدرخان(میر ١٨٢١-١٨٤٧) و یەزدان شێر(١٨٥٣-١٨٥٥) |
| ٩٦ | ئاژاواەی | ئاژاوەی |
| ١٠٦ | قەبووڵ ناكەم . | قەبووڵ ناكەم". |
| ١١٥ | بیرەرییانە | بیرەوەرییانە |

# Hełdanewey
# Çend Kitêb
# u Govarêkêş

Şêrko Hejar

2017

107